# گوڵچیای ڕۆحەکان

رۆمان

# گوڵچیای رۆحەکان

ڕێواس ئەحمەد



دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- گوڵچیای رۆحەکان
- نووسینی: ڕێواس ئەحمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: ٥٨٦
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم ٢٠١٠
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٤٤٣)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# بەشی یەکەم

## خەون:

کامتان شەوان دەیان خەون نابینن، هەر کە وەنەوز بردینیەوە و برژانگەکانمان یەکتریان لە ئامێزگرت، ڕۆحمان دەکەوێتە گەشتێکی بێ کۆتایی. هەموومان بیر لەو خەونانە دەکەینەوە کە بەشەو دەیبینن، هەندێکمان پەنا دەبەینە بەر شیکردنەوە و تێگەیشتن لە خەونەکانمان. بەڵام زۆرمان بڕوامان بە خەونەکانمان نییە و هەر کە خەبەرمان بوویەوە، لەبیرمان دەچێتەوە خەونمان بە چییەوە بینیووە. من جیا لە هەمووتان خەونەکانم ڕەوتی هەموو ژیانی دیارکردم. نە خۆم و نە خێزانەکەم لەو خەونە بەردەوامانە نەدەگەیشتین. هەموو شەوێ ئەو خەونانە وەك مێردەزمە بینەقاقایان دەگرتم و هەناسەیان لێدەبڕیم. ئەوەم بیستووە تەنیا دوو چرکەی بێ هەناسە بەسە بۆ ئەوەی ڕۆح جەستە جێبهێڵێ. کەچی من کەس باوەڕی پێنەدەکردم کە دەمووت دەیان جار بۆ چەند چرکەیەك هەناسەم بۆ نەدراوە و بە زیندوویی مامەوە. هەتا ئێستاش هانام بۆ چەندان پسپۆڕی دەروونی بردووە و چەندان وڵاتم کردووە تا کەسێك یارمەتیم بدات ئەو خەونانەم بۆ شیبکەنەوە. تەنانەت چوومەتە لای دەیان مەلا و شێخ تا یارمەتیم بدەن و دوعام بۆ بکەن تا لەوە زیاتر ئەو خەونانە نەبینم. باوکم پسپۆڕێکی بەناوبانگی لە ئەمریکا بۆ دۆزیمەوە، بەپەلە ناردمی بۆ ئەوێ. بەو نیازەشی هەر لەوێ خوێندن تەواو بکەم. مەخابن لەوێش کەس لێم تێنەگەیشت و زۆریشیان دەیان دەرمانیان بۆ دەنووسیم و هەر یەکەو جۆرە نەخۆشییەکی بۆ دەدۆزیمەوە. دوا پزیشك بە وردی گوێی بۆ دەگرتم و هەموو شتەکانی لای خۆی دەنووسی، لە دڵی خۆمدا دەمووت "لەوانە بێت بە نیاز بێت لە داهاتوودا بیکات بە ڕۆمانێك و لەسەر حیسابی ئەم خەونانەی من ببێتە نووسەر". ئەو کات ئەمانە هەمووی بەلای منەوە گرنگ نەبوون. ڕاستە ئێستا بە دەگمەن ئەو خەونانە



دەبینم. بەڵام هەموو ڕووداوەکان وەك فیلمێك بەردەوام لە پێش چاومدا دێن دەڕۆن.

هەفتەیەکی مابوو ببمە پانزە ساڵ، شەوێکیان خەونێکی سەیرم بینی، ڕووداوەکە لە وڵاتێکدا بوو کە هەرگیز نەمبینبوو. وڵاتێکی شاخاوی، خەڵکێکی ڕەش و ڕووت، جلوبەرگیان لە هی ئێمە نەدەچوو، بە زمانێ قسەیان دەکرد کە زمانی عەرەبی نەبوو، سەیر لەوەدابوو لە خەونەکانمدا من لەو زمانە تێدەگەیشتم. بەڵام بیرم نایەت گەر قسەم لەگەڵ کەسێکیان کردبێت. بە وردی هەموو ڕووداوەکانم لەیادە. تەنانەت لەبیرمە چۆن نانیان دەکردو چ جۆرە خواردنێکیان دەخوارد. دەوروبەری ئەو گوندە هەموو بێستان بوو، مەڕومالاتیان زۆربوو. ئێستاش دەنگی زەنگۆڵەی مێگەل لە گوێمدا دەزرنگێتەوە. لەگەڵ ئەوەی تاکو ئەو کاتە من هەرگیز نە لە فیلم و نە لە ڕاستیدا دیمەنی وام نەدیبوو. ئێواران کچان سەربانیان ئاوڕشێن دەکرد و جێگەیان ڕادەخست، زۆر جار چەند بەڕەیەکیان بە ڕیز ڕادەخست و بەسەریدا دۆشەکیان دادەنا و کۆمەڵێ پشتیشیان ڕیزدەکرد. هەندێکیان هەر لەسەربانیش نانی ئێوارەیان دەخوارد. زۆربەی ئێواران لەسەربانی ماڵێکدا کۆدەبوونەوەو دادەنیشتن و ڕادیۆکەیان دەخستە سەر دەنگوباس. بە دەوری سەماوەردا دادەنیشتن و پەیتا پەیتا چا تێدەکراو دەخواریەوە. لەیادمە لە پیاڵەدا چایان دەخواردەوە. هەندێ شەویش ژن و پیاوەکان دەبوونە دوو بەش، ژن لەلایەك و پیاو لەلایەك. زۆر جار کچ و کوڕە عاشقەکانیش خۆیان دەدزییەوە، بۆ ژووانەکانیان شوێنێکیان دەدۆزییەوە. دایك و باوك لەبەر مشتومڕ ئاگایان لە منداڵە بچووکەکانیان نەدەماو ئەوانیش هەر لە سەربان لە شوێنێکدا خەویان لێدەکەوت. پیاوان تا درەنگانێ دەمانەوە مشتومڕیان بوو لەسەر هەندێ بابەت کە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەبوو، پاشانیش هەریەکە بەرەو ماڵی خۆی دەڕۆیشتەوە. ئەو ماڵانەی کەلە سەربان دەخەوتن، چیخیان بەدەوری جێگەکەی خۆیاندا دەگێڕا. هەندێ جار منداڵ لە گەرمەی خەودا لە سەربان دەکەوتە خوارەوە.

ئەو شەوە حەزم نەدەکرد لە شوێنێ خۆم بجوڵێم. دیمەنەکە هێندە جوان بوو، دڵم نەدەهات لەدەستی خۆمی بدەم. ئەو شەوە مانگە شەو بوو، هێندە ڕووناك بوو،

ماڵەکان لەسەربان چرایان دانەگیرساندبوو. ئا لەو شەوەدا لە دوورەوە منداڵێکم بینی لەسەربان و نزیك لە گوێسەبانەکەوە خەوی لێکەوتبوو، خەریکبوو دەکەوتە خوارەوە. لە یادمە زۆر بە زەحمەت خۆمم جوڵاند و گەیشتمە لای و لە تەنیشتیەوە پاڵکەوتم. کچێکی سێ ساڵان بوو. هێندە جوان هەردوو دەستی خستبووە ژێر سەری و پرچە درێژەکەی بەسەر دەمووچاویدا هاتبووە خوارەوە. وا بە قوڵی خەوی لێکەوتبوو، دەتووت خۆی خاوەنی ژیانە. هەواکەی زۆر فێنك و خۆش بوو. تیشکی مانگەشەویش ئەو دەوروبەرەی ڕووناککردبۆوە. بۆیە ترسی ئەوەم هەبوو کەسێك بەوێدا تێپەڕێ و بمبینێ. خوای کرد کەس بەو ناوەدا نەهات و کەسیش هەواڵێکی ئەو منداڵەی نەپرسی. ئەو شەوە تا بەیانی ئێشکی ئەو منداڵەم گرت تا نەکەوێتە خوارەوە. بەیانی کە دایکی بینی سەری سووڕما کە چۆن نەکەوتۆتە خوارەوە، دەیووت فریشتە ئەم منداڵەی ڕزگارکردووە، ئەگینا دەکەوتە خوارەوەو گیانی تێکوپێك دەشکا. گوێم لە قسەکەی دایکی بوو، ویستم هەڵسم و پێی بڵێم کە من بووم بە درێژایی شەو ئاگام لە کچەکەی بووە. کەچی خەبەرم بۆوە و نەمتوانی قسەکەم بکەم. خەونەکانم کەمجار ئاوا خۆش و ڕۆمانسییانە بوون. چۆنت دەوێت دەتوانم چەندان ڕۆژ چیرۆکی ناو خەونەکانم بگێڕمەوە، سەیر ئەوەیە خەونەکانی من وەك زنجیرە درامایەك وابوون و هیچ کاتێ هەمان زنجیرەم نەدەبینیەوە و ڕووداوەکانیش تەواوکەری یەکتربوون.

پسپۆڕەکە زوو زوو سەیرێکی چاوانمی دەکرد و بڕوای پێنەدەکردم. بە گومانەوە دەیپرسی: "ئەرێ ئەمە ڕۆمانێك نییە کە پێشتر خوێندبێتتەوە، یان لەوانەیە فیلمێك بێت بە منداڵی بینیبێتت و ڕووداوەکان لە خەیاڵتدا مابێتن. دەزانی فەنتازییای منداڵ زۆر بەرفراوانە. منداڵ دەتوانێ چەندان زنجیرە ڕووداوی وا لە خەیاڵدا بهۆنێتەوە. لەوانەیە تۆش ئەو کاتە فەنتازییای خۆتت وەکارخستووە تا ڕووداوەکانی بەو شێوە سەرسووڕهێنەرە بهۆنیتەوە". ئەم پرسیارانە عەقڵیان لەسەرمدا نەدەهێشت و ئەو ساتە دەمویست کورسییەکەی ژێرم هەڵگرم و لە سەریدا پارچەپارچەی بکەم. دوایی خاو دەبوومەوەو دەمووت خۆ ئێرەش لای خۆمان نییە ئەوەی بمەوێ بەخەڵکی بکەم.



بۆیە بە هێمنی و بە نابەدڵییەکەوە دەمووت" جەنابی دکتۆر دڵنیام لەوەی کە ئەمانەی بۆت باسدەکەم هەمووی لە خەودا بینوومن". من ئەو کاتە لە دوبەی زیاتر هیچ وڵاتێکی ترم نەبینیبوو. کە گەورەبووم بە خێزانەوە گەشتی زۆر وڵاتمان کرد. هەروا لە وڵاتەکەی مندا نەك چیا بەڵکو گردێکیش نابینی. لە دڵەوە بێزاربووم لەوەی کەس بڕوای بە خەونەکانم نەدەکرد. دکتۆرەکەم هەندێ دەرمانی هێمنکەرەوەو حەبی خەوی بۆ دەنووسیم و پاشان کاتێکی تازەی پێم دەدا.

پاش چەند جارێ بڕیاری دا بمنێرێتە نەخۆشخانەی نەخۆشە دەروونییەکان. تەنانەت ناوی نەخۆشییەکەشی پێ وتم و کۆمەڵێ دەرمانی تری بۆ نووسیم. دەرمانەکانم کڕی بەڵام هەرگیز بەکارم نەهێنان. من دڵنیابووم لەوەی کە من خەودەبینم و هیچ جۆرە نەخۆشییەکم نییە، ناچاریش بووم بەردەوام بڕۆم بۆلای تا نهێنی ئەم خەونانەم بۆ بدۆزێتەوە. هەر ئەو کاتەش کە لەوێ بووم چەندان کتێبم لەسەر شیکردنەوەی خەون کڕین و دەمخوێندنەوە، بەڵام لە هیچی دا سیمبۆڵەکانی خەونەکانی خۆمم نەدەدۆزییەوە. پاش ماوەیەك لەو پسپۆڕە بێ هیوا دەبووم دەچوومە لای یەکێکی تر. دۆزینەوەی نهێنی خەونەکانم بوو بە نەخۆشی لێم. وازم نەدەهێناو تەواو کاری کردە سەر ژیانم و زۆرجاریش دەمویست واز لە خوێندنەکەم بهێنم و بگەڕێمەوە. باوکم بۆم نیگەران بوو. زۆر کات پێکەوە گەشتی وڵاتانی شاخاویمان دەکرد. هیچ وڵاتێ لەوانە سیمای وڵاتی خەونەکانم تێدا بەدی نەدەکرد. کە تەماشای جلوبەرگی خەڵکەکەیم دەکرد و کە گوێم لە زمانەکەیان دەبوو خێرا دەمزانی ئەمانە ئەوانە نیین کە من خەونیان پێەوە دەبینم. من سەرگەردان بووم بە دوای ڕاستیی خەونەکانمدا.

**ژیاننامە:**

چەند ڕۆژێکە کون بە کونی ئەم شارەم پشکنیووە، وا مەزانن شارەکەم گەورەیە، زۆربەمان یەکتر دەناسین، لە ماڵی یەکتر نانمان خواردووە، لە هوتێلەکاندا پێکەوە ڕۆژمان کردوەتەوە. کەچی ئەوەی بە دوایدا دەگەڕێم نایدۆزمەوە. ئوتێل نەماوە

سەری پێدا نەکەم، کۆڵان بەکۆڵانی ئەو شوێنانەم پێواوە کە ئەوان خۆیانی تێدا حەشار دەدەن، تەنانەت ناچاربووم خۆم فێری چەند وشەیەکی ڕووسیش بکەم، تا ئەو کەسانەی ئەو دەناسن بڕوام پێبکەن و ناونیشانی ئەوم بدەنێ. کەچی دەڵێی دەریا هەڵی لوشیووە. دایکم دەیگووت دەبێ لە کاتی خۆیدا هەست بە نرخی شتەکان بکەیت، ئەگینا زوو لەدەستت دەچن. پاش ئەو جارە، چەند جارێکی تر لەو هوتێلانەی سەر قەراغ دەریا بینیم. خۆمم لێ هەڵە دەکرد. هەروەك ئەو جارەی کەبینیم جوان بوو، بگرە جوان تریش. لەلاوە سەیرێکم کرد، تەنانەت نەموێرا تەماشای چاوەکانی بکەم، نەوەکو بەرگەی نیگاکانی نەگرم. هەستم کرد کە دەمناسێتەوە، ئەویش خۆی لەمن گێل دەکرد. من هەرگیز نەدەبوو خۆمی لێکەڕبکەم، من هەموو تەمەنم دەبێت منەتباری ئەو بم. لەو شەوەدا ئەو بوو وانەیەکی پێدام. ژیان مانایەکی تری بە من بەخشی، هەر لەو شەوەوە بوو، بڕیارمدا کە جارێکی تر خۆم نەخەمە ئامێزی هیچ ژنێکی تر جگە لە ژنەکانم . بڕیارەکەم بەجێهێنا، بەڵام وێنە و نیگای چاوان و دەنگی ڕۆحی ئەو ژنە بەردەوام لەگەڵمدا بوو. قسەکانی لەمێشکمدا دەزرنگایەوە، تەنانەت ئەو ساتانەشی لە باوەشی ژنەکانمدا دەگەیشتمە لوتکەی لەزەت، دەمووچاوی ئەو وەك تابلۆیەکی سیحری لە پێش چاوم دەهات و ون نەدەبوو. ئاخۆ ئەو ژنە بەهەمان شێوە کار لە پیاوانی تر دەکات و جیهانی خەیاڵیان داگیردەکات. هەوڵی دەدا هەست بە گوناهێکی زۆر بکەین بەرامبەر ژنەکانمان، لە مەبەستی ئەو ژنە نەدەگەیشتم، دەیویست وا لە پیاوان بکات کە خیانەت لە ژنەکانیان نەکەن و جارێکی تر نەگەڕینەوە بۆ لای، کەچی بە پێچەوانەوە بوو، هێزێکی وای تێدا بوو، بۆشاییەکی لە دەروونداجێدەهێشت و ئەوانەی جارێك دەهاتنە لای خەونیان بە جاری دووهەمەوە دەبینی. دەبوایە ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانت بکردایە تا سەرەت دەهاتەوە سەر و دەچویتەوە بۆ لای . لەوەی دەکرد پیاوەکان خوویان پێوە گرتبێ هەروەك چۆن خو بە جگەرەکێشان و خواردنەوە و حەشیشەوە دەگرن. لەوانە بێت من یەکەم پیاو بوو بێتم کە هەر لای هاتمە دەرەوە بڕیارم دابێت ئەوە دوا جار بێت باوەشی ئەو ببێتە



ئارامگای دەروونم. ئەو بڕیارەم دا و بەجێم هێنا کەچی تائێستاش نازانم بۆ بڕیارێکی وام دا!!. چ هێزێك لە پشتی ئەو بڕیارە بوو؟ ڕاست بوو نە چوومەوە لای بەڵام دیوێکی ڕۆحم کۆیلەی ئەو بوو. زۆرجار سەردانی ئەو هوتێلەم دەکرد، تا هەواڵێکی بزانم، هەر کە دەمزانی لەوێ ماوە، ڕووناکیەکی زۆر جەستەمی دادەپۆشی. دیارە هەر تەنیا من نەبووم دەمویست شتێکی لەبارەوە بزانم بەڵکو میوانانی ئەو هوتێلە ئاگاداری هەموو هەنگاوێکی بوون، خاوەن هوتێلەکەش وەك فریشتە سەیری دەکرد و دەیووت فریشتەش زۆر شێوەی هەیە. ئەوانەشی لەوێ کاریان دەکرد وەك شاژن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد. تا ئێستاش نەمزانی هەموو ئەو خەڵکە بە چ مەبەستێ ڕیزییان بۆ دەگرت. لەو باوەڕدام تەنیا بە قسەکانی مێشك و هۆشی ئەو خەڵکە دەخاتە خەڵوەتەوە. هەر لە خەڵوەتدا و بە وشەکانی پیاوەکان دەگەیەنێتە لوتکەی لەزەت.

بەڕۆژان دەخەوت و شەوانیش جوانترین جلی لەبەردەکرد، بە شێوەیەکی وا خۆی دەڕازاندەوە مرۆڤ خۆی لەبەر نەدەگرت، ماکیاجێکی کاڵ و جلێکی ڕەنگ پەمەیی لەبەر دەکرد کە هەموو جیهان بۆی پێدەکەنی. ڕێکەوتێکی سەیربوو، من پیاوێکی چاولەدەر نەبووم، لەوانەیە لەبەر ئەوەبێت من چەند ساڵێکی تەمەنی گەنجێتیم لە ئەوروپا وئەمریکا بردە سەر و لەگەڵ زۆر ژنی ئەو وڵاتانە ژیاوم. من لەگەڵ خێزانەکەمدا بەدوای هێمنی و ئاسوودەییدا دەگەڕام. دیاربوو چارەنووس ئەو بڕیارەی بەسەر مندا سەپاند. ئەو شەوە بەری من کەوت، یەکەم شەو بوو لە هەموو ژیانمدا بچمە ناو دڵمەوە، پەنجەرەکانی ژووری دڵم کردەوە، فێربووم پڕبەپڕی سییەکانم هەناسە هەڵبمژم. وامەزانن من خۆم بە دواییدا گەڕابێتم یان ڕیزم بۆی گرتبێ. ئەو شەوە سەرەی ئامۆزاکەم بوو، لە بەختی من ئەو ئێوارەیە ژنەکەی نەخۆش کەوتبوو، ئێوارەیەکی درەنگ بوو تەلەفوونی بۆ کردم، من ئەمشەو سەرەمە لەگەڵ شای جوانان شەو بەرمەسەر، بەڵام ناتوانم، دەتوانی لە جیاتی من بڕۆیت. بڕۆ پەشیمان نابیتەوە، ژنێکی هێندە جوانە، لەش ولارێکی ئەڵماسیی پێوەیە، پێستی دەڵێی ئاوریشمە

هێندە نەرم و ناسکە، دڵت نایە ئامێزی بەجێبهێڵی. دەڵێی بەهەشتێکی خوداییە. وشەکانی دەڵێی مرواریین و لە زاری بەردەبنەوە. چاوەکانی شینێکی قووڵ، وەك شینایی ئاسمانێکی ساماڵ، یان شینایی قوڵایی دەریا بەڵام نەك وەك دەریاکانی لای خۆمان کە ناتوانی مەلەیان تێدا بکەیت. ئاوەکەی وەك لۆکە لەئامێزت دەگرێ و ناتەوێت دەرچیت. پرچێکی پێوەیە ختووکەی سەرتاپای گیانت دەدات، وەك پەردەیەکی ئاوریشمی خەونەکانت دادەپۆشێ. خۆم پێڕانەگیرا وەستانم، باشە باشە دەڕۆم، لەمە زیاتری مەڵێ. باشە ئەم هەموو ساڵە بۆ من ڕێم نەکەوتە بەر ژنێکی وا. بیرت نەچێ، ئەو پارە وەرناگرێ بۆیە مستیلەیەکی ئەڵماس و ملوانکەیەکی مرواری بۆببەی، بەڵام مرواری ئەسڵی ئەگینا دەیناسێتەوە، دەڵێی لەناو دەریا لەدایك بووە، هەموو جۆرە مروارییەك دەناسێتەوە. لە سەرەتاوە قسەی ئامۆزاکەمم بەفشەگرت، پاشان حەزێکی بەهێز لە دەروونمدا دروست بوو، بەردەوامیش دەمویست ئەو حەزە پشت گوێ بخەم و خۆم بە شتێکی ترەوە خەریك بکەم.

من چۆن شتی وا دەکەم. من لەوەتی ژنم هێناوە وازم لەو کارە بەدە هێناوە. پیاو گەر ژنی خۆیی خۆشبوێ و ڕێزی بگرێ هەرگیز نابێت چاوی لە ژنانی تر بێت. من بڕوام بە سێکسێ هەبوو کە ئەنجامی خۆشەویستیی نێوان ژن و پیاو بێت. کە ژنی یەکەمم هێنا بە ڕاستی خۆشمویست و بە نیازبووم هەموو ژیانی لەگەڵ بەسەر بەرم. مەسەلەی منداڵ نەبووایە بیرم لە ژن هێنانی تر نەدەکردەوە. لەو ڕووەوە هەستم بە جیاوازیی خۆم و زۆر لە پیاوانی تر دەکرد. ڕاستە زۆر لەوانیش لە ئەوروپا بوون. وەلی من لەو باوەڕەدابووم گەر نزیکی لە نێوان ڕۆحی ژن و مێردا هەبێت ئەوە بۆ پیاو زەحمەتە ژنێکی تر بهێنێتە ژیانی خۆیەوە. کەچی من جیا لەبۆچوونەکانی خۆم دوو ژنی ترم هێنا. کاترین یەکێ بوو لەو ژنانەی کە ماوەیەك پێکەوە ژیاین. ئەو ژنە زۆر شتی لە ژیانم و بۆچوونەکانم گۆڕی. ئەو لە دیبات و گفتوگۆدا زۆر زیرەك بوو. لە هەموو ئەو مەسەلانەی کە باسمان دەکرد دەیبەزاندم. کەسایەتیی زۆر بەهێزبوو، بڕوای بەخۆی هەبوو. هەرئەم لایەنەی ئەو بوو کە من وەك پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی بەرگەم



نەگرت و پاش ساڵێ بەجێم هێشت. ڕاستە بەجێم هێشت بەڵام بۆچوونەکانی لای من چەسپا و هەر ئەوەش بوو وای لێکردم بە شێوەیەکی تر هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنانی تر بکەم. یەکێ لەو پرسیارانەی زۆر جار ڕووبەری دەکردمەوە ئەوەبوو چۆن پیاوانی لای ئێمە دەتوانن لەهەمان کاتدا و لەهەمان ماڵدا دەتوانن لەگەڵ چەند ژنێکدا بژین؟! ئەی ژنەکان چۆن بەمە ڕازی دەبن؟!.

دەرگای ژوورەکەیم کردەوە، موچڕکەیەك بە هەموو گیانمدا هات. لەسەر جێگەیەکی پەمەیی پاڵ کەوتبوو، کراسێکی جورجێتی پەمەیی لەبەردابوو. چاوەکانی سەرنجی ڕاکێشام، وردبوومەوە لێی، هەموو جیهانم تێدا دەخوێندەوە. بزەیەك گرتی داوای لێکردم لەلایەوە دانیشم، پیڵاوەکانم داکەندو لەبەردەمیدا دانیشتم، بە ئەسپایی گۆرەوییەکانمی داکەند. دیارە ژنەکەت ئاگای لێت نییە، بۆنی گۆرەوییەکەت ڕۆژەڕێیەك دەڕوات. هیچ ئێوارەیەك ژنەکەت لەبەر بۆنی گۆرەوییەکانت نەبووراوەتەوە؟ سەرم لێتان سووڕدەمێنێ، نوێترین مۆدەی قاتت لەبەردایە و گرانترین بۆنت لەخۆت داوە ، کەچی گۆرەوییەکانت بۆنیان لێدێت!. هێشتا لەوە نەگەیشتووی پێش ئەوەی جلێکی پاك لەبەرکەیت دەبێت جلەکانی ژێرەوەت بگۆڕی. پێش ئەوەی چاوەکانت پێبکەنێ دەبێ دڵت پێبکەنێ، پێش ئەوەی باسی جوانی من بکەیت دەبێت باسی جوانی ناوەوەی خۆت بکەیت. گەر ئەوە نەکەیت نە لەمانای جوانی، نە لەمانای پاکی دەگەیت. هەستا جووتێ گۆرەویی بۆهێنام. کە ڕۆیشتی ئەمە لەپێ بکە، گەر لە پرسیاری ژنەکەت ناترسی، ببورە ژنەکانت.

پێم سەیر بوو عەرەبییەکی وا باش فێربووە. دیارە دەمێکە لێرە دەژی. فریا نەکەوتم بیر لە هیچ شتێ بکەمەوە، پاڵی خستم، دەستێکی بەسەرما هێنا، عەینەکەکەمی لابردو هەڵی دایە ناو سەبەتەکەیەوە کەلە سوچێکی ژوورەکە دانرابوو. لە چاوەکانم وردبوویەوە. خەمێکی گەورە لە چاوانتا دەبینم، دەزانم سێ ژنت هەیە، لەچاوەکانتا دەبینم کە بەختەوەرنیت، لەزەت لەهیچ نابینی، نە لەگەڵ ئەوانداو نە لەگەڵ مندا نە لەگەڵ غەیری منیشدا. دەزانم بۆچی؟ چونکە خۆشیی تۆ بە

منداڵەوەیە، لەهیچ یەکێ لەو ژنانەش منداڵت نابێ، تەنانەت دە ژنی تریش بهێنیت منداڵت لێیان نابێت، دە ملیۆن دۆلاری تریش لە دکتۆرو چارەسەردا خەرج بکەی هەر منداڵت نابێت. تەنانەت لە منیش، منێك گەر هەناسەی پیاوێك بەسەرمدا بێت سکم پڕدەبێت، بەڵام ئەمشەو گەر دەجاریش یان سەد جاریش لەگەڵتدا بخەوم و گیانم لەناو سپێرمی تۆدا نقوم ببێ، سکم پڕنابێ. گریام ... هێندە گریام هەنسکم دەدا، خۆم خستە باوەشییەوە، هەستم بە گەرمییەك کرد. سەری بەرزکردمەوە، تەماشایەکی کردم و پێکەنی. لەگیرفانەکەمدا ملوانکەیەکی مرواری و موستیلەیەکی ئەڵماس کەلە ژنە بچووکەکەمم دزیبوون، دەرم هێنان و خستمنە دەستیەوە. کەچی خستنیەوە گیرفانم. بیانبەرەوە بۆ ژنەکەت. دەزانم فریا نەکەوتی شتێکم بۆ بکڕی، بیدەرەوە بە خۆی ئەو ژنەت زۆری خۆش دەوێیت. کە ئەمەی وت تەواو گێژبووم و چاوەکانم لەڕەنگی پەمەیی زیاتر هیچی تری نەدەبینی. مۆسیقایەکی ئاشنا بەر گوێم کەوت.

لە ناکاوا تێکەڵ بەو ئاوازە بوو و جەستەیەم نەدەبینی. بووە هەتاوێك و ژوورەکەی ڕووناك کردەوە. تیشکی ئەو هەتاوە تەواوی جەستەمی گەرمکردەوە. پاش ماوەیەك لەو هەتاوە زیاتر هیچی ترم نەدەبینی. هەستم بەخۆشییەکی بێ سنووردەکرد، هەستمکرد گەیشتمە لوتکە. شنە بایەکی فێنك پەردەیەکی پەمەیی هێناو ڕۆحمی لە ئامێزگرت. مۆسیقاکە کوژایەوە. لەسەر جێگەکەی پاڵکەوتم. ئەویش لەسەر قەنەفەکەی بەرامبەرم دانیشت.

ئەو شەوە نەخەوتین، هەموو کات ئەو قسەی دەکرد، دەمووت ئاخۆ لەگەڵ هەموو پیاوەکانی تردا هەروایە. لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەم کرد، ئاسمان پەمەیی دەینواند، هەرگیز دیمەنی وا جوانی بەیانیانم نەدیبوو. پەردە پەمەییەکانی ژوورەکەم لادا. ژوورەکەی لە دوا نهۆمی هوتێلەکە بوو، دەریا لەبەردەمیدا سوجدەی دەبرد، تیشکی پەمەیی دەمەوبەیانی هەتاو پێش هەموو کەسێکی ئەم شارە لە پەنجەرەکەی ئەمەوە دەهاتە ژوورەوە. خەڵکی لای ئێمە نرخی هەتاو نازانن و خۆمانی لێ دەشارینەوە. بۆیە برینەکانی دەروونمان هەموو جەستەمان داگیردەکات. کە لام کردەوە



بزەیەك گرتی، پیاوانی ئەم وڵاتە گەلێ بێ زەوقن. نازانم بۆ هەمووتان حەزتان لەم توورەکە سپییە، زۆرجار دەڵێم لەبەرئەوەی ورگێکی زلتان پێوەیە. نازانم ئەم ورگە زلە بەچی پێکەوە دەنێن، دەزانم هەمووتان چەند هیندی و پاکستانییەك ڕۆژانە خواردنی خۆشتان بۆ ئامادەدەکەن. ئێوەشن دەنیشنە سەری و خۆتان و ژنەکانتان چین چین بەز هەڵدەچنن. ئەم بیابانە چۆڵ و هۆڵانەتان کردووە بەم بەهەشتەی کە هەیە، کەچی بیرتان لە یەکێتی جەستەو ڕۆح نەکردوەتەوە. ڕۆحتان خستوەتە ناو توورەکەیەکی سپییەوەو سەرەکەتان بەستووە. ژنەکانتان هێندە تەمەڵ کردووە تەنانەت پەرداخە ئاوێکیش بۆ خۆیان ناهێنن، هەموو شتێکیان بە زەنگێك دێتە بەردەست. ئەوانیش ئەم گەڵابیانە لەبەردەکەن، تا تەواوی چینە کەرشی لەشیان بشارێتەوە. هەوڵم داوە پیاوانتان فێری قات لەبەرکردن بکەم. ئەوانەی بە دشداشەوە دێن بۆ لام ، ئا بەم مەقەستەی دەیبینی، دشداشەکەیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەدڕم، کە بەیانیان دەیانەوێ بڕۆن قاتێکیان بۆ دادەنێم. هەستە ئەو دۆڵابە بکەوەرە، دەبینی، هەمووی قاتی ڕەنگ جیاوازو ژمارە جیاوازن، لەسەرەتاوە گیرم خواردبوو بەدەست پانتۆڵەکانەوە، لەبەرئەوەی کەمەرەکانیان بۆ ورگ و گیپاڵیان تەنگبوون، پاشان لە مۆسکۆ خەیاتێکی باشم دۆزییەوەو ژمارەیەکی باشم لەو پانتۆڵە کەمەرە فراوانانە دابەدروین. تۆ جیاواز لە پیاوانی تر بە قاتەوە بۆ لام هاتی، بۆیە شادمانم بەوەی ئەمشەو پێویستی نەکرد دشداشەکەت لەسەرەوە بۆ خوار دابدڕم. ورگیشت وەك ئەوان زل نییە، دیارە بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ئەمەریکاو ئەوروپا ژیاویت. زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە بەو سەروەت و سامانەی کە کۆم کردووەتەوە سەنتەرێکی گەورەی وەرزشی جەستە و ڕۆح بکەمەوە و هەوڵبدەم هەمووتان فێری وەرزشی عەقڵ بکەم. هەست دەکەم مێشکتان بەستوویەتی، پێویستی بە گۆڕانێکی بنەڕەتی هەیە، هەموو شتەکان دەگۆڕن کەچی عەقڵی خۆتان ناگۆڕن. چۆن خۆتان هەرچی لمی ئەم بیابانەیە دەگوێزنەوە بۆ ناو دەریاو خۆڵێکی جوانی بەپیتی بۆ دەهێنن و دەیان داری جوان و گوڵی هەمە ڕەنگی تێدا دەنێژن. باڵەخانەی وەکو ئەم شاهوتێلەی تێدا دروست

دەکەن، مەگەر لە داستانە خەیاڵییەکانی ئەندەرشۆندا هەبێت. کەچی ناتوانن تۆزقاڵێ لە ناوەوەی خۆتان بگۆڕن. تێناگەم بۆ هەوڵنادەن زبڵخانەی دەروونتان بسووتێنن و دڵتان بکەنە ئەو باخچانەی لەسەر زەوی دروستتان کردوون، پێش ئەوەی گوڵێ لە باخچەیەك بڕۆێنن دڕکێ لەدەروونتان هەڵکەنن. چەند لاوازن، تەماشاکە چۆن لەبەردەم دەیانی وەك مندا دەبنە مستە لمێك، منێکی ژن کەچی لەماڵەوە لەگەڵ ژن و منداڵەکانتاندا وەك زاڵمێك هەڵسوکەوت دەکەن. ئاخۆ دەبێت من لەوان بەرزتربم، یان مرۆڤتربم، وا لەبەردەم مندا وەك مشکتان لێدێت و گەر ڕێگاتان بدەم پەنجەکانی پێشم دەلێسنەوە. کە دەچنەوە ماڵەوە شوڵ لەژنەکانتان هەڵدەکێشن. سەیری کۆبوونەوەکانتان دەکەم تاقە ژنێك چییە بەدی ناکەم. هەموو پیاوی کەللەو ورگ زل. ئاخۆ ژنێکی زیرەك لەم وڵاتەدا نەبێت. هەندێ جاریش دەڵێم دەڵێی ڕۆژێك بچمە کۆبوونەوەیەکتان و لەبەردەم کامێرەکانی تەلەفزیۆندا هەمووتان ئاشکرا بکەم خۆ نهێنی هەمووتان لەژێر دەستی مندایە. تۆ تاقە کەسێك بووی کە هێشتا لەسەر ئاوازی مۆسیقا و سەمای من، نەکەوتبێتیتە خەڵوەتەوە، هەمووتان لەسەرۆك دەوڵەت و سەرۆك وەزیران و بەڕێوەبەری دەزگا گەورەکانتانەوە لە سەر جێگەکەی من، خەوتان لێکەوتووە. دەڵێم ڕۆژێك لە سوچێکی ئەم ژوورەدا کامیرایەك دانێم و وێنەی هەموویان بگرم، لەوانەیە تەنیا تۆی تێدا نەبێت، چونکە دەزانم ئەمە دوا جارە لای من بەدوای ئارامی دەروونتدا بگەڕێی. پاشانیش فیلمەکان بە پارەیەکی باش دەفرۆشمەوە. دوا جار دەڵێم پێویستم بەم سەریەشەیە نییە. ئەمانە خاوەن دەستەڵاتن، زۆر بەئاسانی بێ ئەوەی کەس بزانێ دەمکەن بە قیمە. دڵ ناتوانێ لە جەستەی کەسانی خاوەن دەستەڵات و پارە ئارامبگرێ، ڕاستە منیش پارە دارم بەڵام ئەم پارەیە بۆ وەرگرتنی دەستەڵات بەکارناهێنم. من پلانی خۆمم هەیە، جارێ کاتی نەهاتووە. پارەیەکی هێندە زۆرم دەستکەوتووە، بە جێبەجێکردنی پلانەکانێشمەوە تا دوا تەمەنی ژیانم لەسەرمەوە دێت و لە پێمەوە دەڕوات. لەوانەیە شاژنەکانی دنیا بەقەت من دەنکەمرواری وئەڵماسیان نەبێت. ئەو جانتایە دەبینی هەمووی ملوانکەی



مرواریە، ئەو سندوقەی تر دەبینی کە لە پۆڵا دروستکراوە پڕە لە ئەڵماس. هەفتانە دەیانبەم بە نرخێکی گران بە زێڕنگەرەکانی شاری دەفرۆشمەوەو پاش ماوەیەك هەمان ملوانکەم بۆ دێتەوە. ئەم ملوانکەیەی کە لەملمدایە، دەیان جار بۆم هاتووەتەوە، هەربۆیە هەر ئەو ملوانکەم بە دەستتەوە بینی، یەکسەر زانیم هی ژنەکەتە، تا ئێستا ملوانکەی وا جوانم نەدیووە، پارچە ئەڵماسی موستیلەکەش گەورەو جوانە، لە ئەڵماسی لای ئێمە دەکات. لەسەر جێگەکە پاڵکەوت دایە قاقای پێکەنین. ئەمشەو بێ خەم دەخەوم، بەیانیش ئاسوودەم چونکە پێویست بەوە ناکات هەستم قاتێك هەڵبژێرم. هەر خۆت قاتت لەبەردابوو، هەر لەبەرئەمەشە نهێنییەکت پێدەڵێم، کە بەختەوەرت دەکات.

پاش ماوەیەك نازانم چەند ڕۆژێکە یان چەند مانگێکە یان چەند ساڵێکە، کەسێکی نزیکی خۆت پێت ڕادەگەیەنێ کە لە وڵاتێکی دوورەوە، لە وڵاتێکی شاخاوییەوە، چەند کچێکی شۆخ دەفرۆشرێن. دوودڵی مەکە بڕۆ بۆ ئەوێ، لەوێ دەیان کچی فریشتە ئاسا دەبینی، ئەمانە جوانترین کیژن لە نێو هەزاران کیژی ئەو نەتەوە هەڵبژێرراون. کچێکی شۆخ دەدۆزیتەوە. خاڵێك لەسەر گۆنایەتی. لەنێوان هەردوو برۆیدا خاڵێکی بچووکی ڕەش دەبینی، پرچی درێژو ڕەشە. باڵای وەك من وایە. ئەو تاقە کچێکە کە ناگری، خەم لە چاوانیدا دەبینی، بەڵام ئەو سەیری ئەو پیاوانە ناکات کە هاتوون بیکڕن. ئەو هیچ شتێکی پێ گرنگ نییە. هەروەك کەسێك لەو ناوە نەبێت. ئەو ژنە بکڕەو بێهنەرەوە ماڵەوە. دەبێ ئەوەش بزانی کە لە زمانی ئێوە ناگات، دەبێ فێری عەرەبی بکەن. سێ منداڵت لەو ژنە دەبێت، دەبێ قەدری بزانی و دڵی ڕاگری ئەگینا لە مانگە شەوێکدا خۆیی ومنداڵەکانی کۆچ دەکەن و جارێکی تر نایانبینیتەوە. هەرچەندە ئەو کۆچە ئەبەدییە دەرگای ترت بەرەو ڕووناکی بۆ دەکاتەوە.

نەمزانی خەون دەبینم یان ڕاستییە؟! من بۆچی هاتم بۆلای و چیم پێدەڵێ. بڵێی پیاوانی تر بۆ چ مەبەستێك دێن بۆلای؟ بۆ ڕابواردن یان بۆ فاڵگرتنەوە. باوەڕناکەم

وابیٚ، چونکە هەر خۆی باسی ئەوەی کرد کە هەموویان دەخاتە خەڵوەتەوەو تەنیا لە خەڵوەتدا دەیانگەیەنێتە لوتکەی بەختەوەری. تێنەدەگەیشتم ژنێکی وا تێگەیشتوو و جوان چی وایلێکردووە بگاتە ئەم وڵاتەی ئێمە؟ دیارە هەر بۆ پێکەوەنانی سامانە. ئەی خۆ ئێستا هەروەك خۆیی باسی دەکات، ئەوەندەی هەیە کە هەموو ژیانی وەك شاژن بژی، ئەی بۆ ئێرە جێناهێڵی و بەرەو لایەکی تر بڕوات. من تەواو بیرم بەداهاتووی ئەوەوە خەریك بوو، ئەویش خەوی لێکەوت، جەستەی لەناو جلە پەمەییەکەیدا دەدرەوشایەوە. هێندە ئارام بوو، وەك منداڵێکی ساوا هەناسەی دەداو بۆ جارێکیش نەجولا، منیش تا بەیانی خەوم لێنەکەوت و هەر لێی ورد دەبوومەوە و بیرم لە قسەکانی دەکردەوە. چوومە باڵکۆنەکە، ئاگام لە جەستەم نەما. گەیشتمە دەریاکە، بەسەر باڵی شەپۆلە هێمنەکانەوە خەوم لێکەوت، خەونم بینی، خەون بە شەش منداڵەوە، لەناویاندا خۆمم ونکردبوو. دەستێك وەخەبەری هێنامەوە. خەندەیەکی فریشتەئاسا دەمووچاوی ڕووناك کردەوەو وتی خۆت دەدۆزیتەوە خەمت نەبێت. نانی بەیانی لەگەڵدا خواردم و خواحافیزی لێکردم.

## خەون:

بەهاری ئەو وڵاتە یەکجار جوان بوو، دەوروبەر سەوزی دەکردەوە، سروشتی ئەو وڵاتە وەك بەرگی شاژنان بوو هەر ماوە نا ماوەیەك جۆرە بەرگێکی ڕازاوەی دەپۆشی. ئەم هەموو جۆرە گوڵانە چیین؟ لە خەونەکانمدا هەموو وەرزەکانی ساڵی ئەو وڵاتەم بینی. دیمەنی بەفربارینی ئەو وڵاتە لەبیرمدا ئاوا نابێت. من یەکەمین جار بەفرم لە خەونەکانمدا بینی. مەبەستم بەڕاستی بەفرم بینی. شەوێکیان خەونم بە گوندێکەوە بینی، کە خەبەرم بوویەوە دەمزانی ئەو گوندە ناوی چیبوو. بەڵام مخابن ئێستا بیرم چووەتەوە. دیمەنی ئەو گوندە بەردەوام لەپێش چاومدایە. نازانم چەند ساڵ تێپەڕیووە، کەچی کە بیرمدەکەوێتەوە وا هەست دەکەم ئەو خەونەم ئێستا بینووە، بەوردی هەموو ڕووداوەکانم بیردەکەوێتەوە. زۆر باش بیرمە لەگەڵ منداڵی لادێکەدا شەڕەبەفرم کرد،



ڕاوە چۆلەکەشم کرد. لەگەڵ کوڕێکدا بوومە هاوڕێ. ئەو کوڕەم زۆر خۆشویست. ئەو دەمووچاوی تەواو نورانی بوو. بە هێمنی قسەی دەکرد. بە پێکەنینەوە پێی وتم دەتەوێ ڕاوە چۆلەکە بکەین؟ منیش خێرا خۆشحاڵی خۆمم نیشان دا لەگەڵ ئەوەی پێشتر من کاری وام نەکردبوو. لە ماڵەکەی ئەوان گەنم و بێژنگێکمان هێنا و چووینە دەشتایی بەردەم گوندەکە. دارێکمان خستە ژێربێژنگەکە تا لار بووەستێ. مشتێ گەنمان لە ژێر بێژنگەکەوە دانا. پاشان پەتمان بەست بەدارەکەوەوە سەری دەزووەکە لای خۆمان بوو. کە چۆلەکەکان دەهاتنە بن بێژنگەکەوە، دەزووەکەمان ڕادەکێشا و بێژنگەکە دەکەوت و چۆلەکەکان لە ژێر بێژنگەکەدا دەمانەوە. پاشان یەکە یەکە دەرمان دەهێنان و سەرمان دەبڕین. چوینە گوێی چەمەکە، چۆلەکەکانمان پاککردو هەر لەوێدا ئاگرمان کردەوەو چۆلەکەکانمان برژاند. بەڕاستی هەرگیز گۆشتی چۆلەکەم نەخواردبوو، هێندە بەلامەوە بەلەزەت بوو. هەرگیز گۆشتی وا بەلەزەتم نەخواردبوو. پاش ئەوە هێندە حەزم لە گۆشتی چۆلەکەبوو بەڵام نەمدەوێرا باسی شتی وابکەم. شەوی پاش ئەوە کە خەوتم و داوام کرد کە جارێکی تر ئەو کوڕە لەخەوندا ببینم و لەگەڵ خۆمدا بیهێنمەوە. خەونم بە هەمان گوندەوە بینی، کون بە کونی گوندەکە گەڕام تا بیدۆزمەوە، نەمدۆزییەوە. لە دوورەوە خەڵکێکی زۆرم بینی، کە لێیان نزیك کەوتمەوە بینیم خەریکی ناشتنی چەند منداڵێکن. دەنگی گریان و هاژەی چەمەکان تێکەڵ ببوون. لە چەند کەسێکم پرسی ئەوە چی قەوماوە. کەس وەڵامی نەدامەوە. لە ناوەڕاستی ئەو خەڵکەدا کوڕەکەی هاوڕێم بینی. ئەو لە خەڵکەکە جیاوازبوو، ئەو وەك تروسکەیەك لە ڕووناکی بەرەو ڕووم هات و وتی قوتابخانەی گوندەکەمان بۆمباباران کراوە. مامۆستاکەو چەند قوتابییەك و من شەهید بووین. لە دوورەوە دانیشتم دەستم کرد بەگریان. دەبووایە دوێنێ شەو لەگەڵ خۆمم ببردایە. لەوانەیە ئەمە هەر ڕووی نەدایە. لەولاوە دەرکەوت، دەستی خستە سەرشانم وتی گەر منیشت ببردایە نەتدەتوانی ئەوانی تر ببەی. بەمە دڵگران بووم. ویستم باوەشی پێدا بکەم خەبەرم بوویەوەو فرمێسك بە چاوەکانمدا دەهاتنە خوارەوە و هاوارم کرد، ئەو

دەبوایە لەگەڵ مندا بهاتایەتەوە. خەتای من بوو. دایکم و باوکم هاتن و باوەشیان پێدا کردم. بەڵام من زۆر بەکوڵ دەگریام. ئەوان تەواو بۆ من نیگەران بوون. ئەمجارەیان خەونەکەم بۆ نەگێرانەوە. نەمدەتوانی باسی خۆشەویستی خۆم بکەم بۆ ئەو کوڕە، خۆ لێشم نەپرسی ناوی چیبوو. خۆزگە دەمپرسی. یەکێ لە منداڵەکانم بەناوی ئەوەوە ناو دەنا.

وێنەی ئەو گوندەم لەیاد ناچێت. لە دامێنی شاخێکدا بوو. چەمێك بە ناو گوندەکەدا تێدەپەڕی. کەس ئاوی ئەو چەمەی بەکار نەدەهێنا . دەیانووت شەیتان خۆیی تێدا شۆردووە. ئەوەی لەو چەمە ئاو بخواتەوە گەڕدەبێت. بۆیە ژن و کچەکانی ئەو لادێیە لە کانی ئاویان دەهێنا. لەگەڵ ئەوەی کانییەکە دوور بوو لە دێکەوە. دەبوایە بە لاپاڵی چیاکەوە ماوەیەك بڕۆیشتنایە. لەوەشی دەکرد ئەوە یەکێك بێت لە ساتە خۆشەکانی ژیانیان. نەمدەزانی چۆن ئەو مەنجەڵ و گۆزەو سەتڵانە بەسەر سەریانەوە ڕادەوەستان. بەدەوری کانیەکەدا پەرژینێك کرابوو تا نیگای پیاوانی گوندییان پێ نەگات. زۆرجار دەمبینی چۆن هەندێ لە کوڕە گەنجەکان ئێواران خۆیان دادەگرت، تا لە کونێکەوە تەماشای قەدوباڵای کچەکان بکەن. من دڵشاد دەبووم کە دەمبینن دەست نوێژ دەگرن و قۆڵی کراسەکانیان هەڵدەکرد و سەرپۆشەکەی سەریان لادەبرد و هەندێ جاریش شەڕە ئاویان دەکرد و بە کراسی تەڕەوە دەچوونەوە ماڵەوە. هەر بە ڕێگاوە کراسەکانیان وشك دەبوونەوە. چاولە تەماشای لەنجەولاری ژنەکان تێر نەدەبوو، زۆربەشیان قژیان درێژبوو، دەیان کردە دوو پەلك و لە ژێر سەرپۆشەکانیانەوە بەسەر پشتیاندا دەهاتە خوارەوە. ئەو شەوانەی خەونم بە کیژی ئەو وڵاتەوە دەبینی نەمدەویست خەبەرم بێتەوە. هەندێکیان ئەسمەرێکی گەنم ڕەنگ بوون، هەندێکی تر پێست سپی مەیلەو پەمەیی بوون، چاویان ڕەش، هەنگوینی یان شین بوو. ئەو کچەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام، کچێکی چاو سەوزی مەیلەو زەردباو بوو. باڵای مامناوەندی بوو. لەبەرئەوەی بەردەوام لەچکێکی ڕەشی بەسەرەوە بوو نەمدەزانی ڕەنگی قژی چۆنە و چەند درێژە. زۆر حەزم دەکرد بزانم بۆ ئەو کچە وا نتم



و خەمگینە. کەمجار بینیبووم کە قسەبکات یان پێبکەنێ. هەموو جارێ کە دەهاتە سەرکانی تەنەکەکەی پڕدەکردو پاشان دەمووچاوی دەشۆرد و تەنەکەکەی دەخستە سەر شانی و بەبێ دەنگی دەگەڕایەوە ماڵەوە. ئێوارەیەك بوو دوای کەوتم، بەهەموو هێزم بەدواییدا ڕامدەکرد،  کەچی پێی نەدەگەیشتم، پڕ بەدەنگم بانگم دەکرد کەچی گوێی لێم نەبوو. هەنگاوەکانم نەدەگەیشتە هەنگاوەکانی، بەڵام چاوم هەر بەدوایەوە بوو. هەر کە گەیشتمە ماڵەکەی، دەرگام کردەوەو چوومە ژوورەوە. ژوورێکی بچووك، سۆپایەکی داری لێبوو، بینیم هەندێ داری خستە ناو سۆپاکەوە. لەگەڵ ئەوەی هێندە سارد نەبوو، من خۆم هیچ هەستم بەسەرما نەدەکرد. کترییەکەی پڕکرد لە ئاو و خستیە سەر سۆپاکە. دوو کەس لەو ژوورەدا خەوتبوون کە نزیك بوومەوە لێیان بینیم منداڵێك و پیرەژنێك لەتەنیشت یەکەوە قوڵ خەوتبوون.  وێنەی پیاوێك لە نێوان هەردووکیاندا هەڵواسرابوو. ژنەکە وێنەکەی داگرت و و لەبەردەمی خۆیدا داینا. لە تەنیشت سۆپاکەوە دانیشت و بەبێ دەنگی و بەنیگا قسەی لەگەڵ دەکرد. بە لاتانەوە سەیر نەبێت گەر بڵێم گوێم لە چرپەی نیگاکانی بوو" بیرت دەکەم، نازانم کەی وەك پیاوەکەی جاران ئێواران خۆی دەکەیت بەماڵدا. کوڕەکەمان گەورە بووە، گەر ئێستا یەکتر ببینن لەوانەیە یەکتر نەناسنەوە. دایکت زۆر بیرت دەکات ، هەموو شەوێ وەك ساوایەکی برسی بە دەم گریانەوە خەوی لێدەکەوێت. ئەمشەو دەبێت بێیت بۆ شوێنەکە، هیوادارم بتوانی. زۆر شتم هەیە بۆتی باسبکەم. هەموو جارێ وا دەڵێم کەچی کە دەتبینم هەموو قسەکانی خۆمم لەیاد دەچێت. شەوی شاییەکەمان پلانێکی ترمان هەبوو بۆ ژیان..." لە پرخەی پیرەژنەکە ڕاچڵەکی. چاوەکانی سڕی و وێنەکەی لە شوێنی خۆی هەڵواسی. چاوەڕوانی ئەوەبووم بخەوێت منیش بڕۆم. نیوەی شەو بوو، پریاسکەیەکی لە نێو نوێنەکان دەرهێنا و خستیە ژێرباڵییەوەو بە ئەسپایی دەرگاکەی کردەوەو چووە دەرەوە. چۆن ئەو ژنە بەم نیوەی شەوە بەبێ ترس و بەتەنیا بۆ کوێ دەچێ؟ ئا بیرم کەوتەوە خۆی وتی کە دەچێت مێردەکەی دەبینێ. دوای کەوتم. شەوێکی تاریك بوو، چاو چاوی نەدەبینی، کەچی ئەو بەبێ باك ڕێگای

گرتبووەبەر. وەك ئەوەی بست بە بستی ئەو ڕێگایە شارەزابێت. من خۆم چەند جارێ خەریك بوو بکەوم، هەر باشبوو ئەو نەیبینیم. ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت، گەیشتە ئەو بەری بناری شاخەکە. لەوێ پیاوێك بە خۆی و چەکێکەوە لە ژێر دارێکدا دانیشتبوو و چاوەڕوانی دەکرد. ماوەیەکی زۆر یەکتریان لە ئامێز گرت. پاشان پریاسکەکەی دابەدەستییەوە، تۆزێ نزیك بوومەوە تا بزانم چی تێدابوو. چەند نامەیەکی تێدابوو بەباشی پێچرابوونەوە. ئەویش خێرا لێی وەرگرت وسەیرێکی دەوروبەری خۆیی کرد و ئەوجا نامەکانی خستە گیرفانییەوە. ماوەیەك پێکەوە دانیشتن و منیش چاوەڕوانی شتی ترم دەکرد. هیچ ڕووی نەدا. پاش ماوەیەك هەستاو ڕۆیشت. ژنەکەش بەهەمان ڕێگەدا گەڕایەوە ماڵەوە. دوای کەوتم، بۆی نیگەران بووم ، نەکا لە ڕێگا شتێکی بەسەر بێت. زۆر بە هێمنی و بەهەمان ڕێگادا گەڕایەوە ماڵەوە، لەگەڵیدا چوومە ژوورەوە. ئەمجارەشیان وێنەکە لە نێوان منداڵ و پیرەژنەکە دانرابوو. ژنەکە هەڵی گرتەوەو لە شوێنی خۆی هەڵیواسییەوە. لە وێنەکە وردبوومەوە، بینم وێنەی ئەو مێردەکەیەتی بە گەنجی. ئەمجارەیان لە تەنیشت منداڵەکەوە سەرینێکی دانا و لەسەر بەڕەکە پاڵکەوت و منداڵەکەی خستە باوەشییەوەو بەتانییەکەی دابەسەر خۆیاندا. منیش لە تەنیشتیەوە پاڵکەوتم، ئا لەو ساتەدا بوو، هەستم کرد من بەبێ جەستە لە وڵاتێکدا گیرساومەتەوە. نەمدەزانی خەڵکی کوێم و چۆن کەوتوومەتە ئەم وڵاتە. لە خەونەکەمدا دەمووت باشە من لێرە چی دەکەم، دەمویست بیرلەوە بکەمەوە من چۆن هاتم و چۆن بگەڕێمەوە. هەستم بە ترسێکی گەورە دەکرد، لە ناکاوا دەستمکرد بە گریان، لەهەنسکدانی خۆم خەبەرم بوویەوە.

پزیشکەکە بە پێکەنینەوە سەیری کردم و وتی "دەزانی مەودای فەنتازیای تۆ زۆر فراوانە تۆ دەبوو ببی بە نووسەرێکی جیهانی. کەم نووسەر هەیە بە فەنتازیا بتوانێ وێنەی جیهانێکی وا بگرێ. بەڕای من بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە و ئەم شتانەی کە بۆ منی باس دەکەی بینووسیتەوە. دەبێتە باشترین ڕۆمان". وەك منداڵەکەی جاران دەستمکرد بە گریان. زۆر سوێندم بۆی خوارد کە ئەمانە فەنتازیا نین ئەمانە



هەمووی خەونن، بۆ بڕوام پێناکا. من پارەیەکی زۆر دەدەم تا یارمەتیم بدرێم و ئەم خەونانە نەبینم. من بێزاربووم و خەونەکانم سەریان لێشێواندووم. کە ڕۆژیش دەبێتەوە ئەم خەونانە وەك سێبەر بەدواوەمن. وابزانم بەزەیی پێمدا هاتەوە، هەربۆیە کاتێکی تازەی بۆ ڕۆژی داهاتوو بۆ دیاریکردم.

## ڕازەکانی ژیان:

ژنەکانم ترسی ئەوەیان بوو خەونەکانم بۆ بگەڕێتەوەو باری دەروونیم تێکبچێتەوە. زەهرا دەیزانی خەونەکانم نەك تەنیا ژیانی منیان تێکدابوو بەڵکو هەرچی خزمان هەبوو سەرقاڵی ئەوەبوون ئەو شەوە خەونم بە چییەوە بینیووە. سەیر لەوەدا بوو پاش ژنهێنانم خەونەکان کۆتاییان پێهات و هیچ خەونێکی لەو بابەتەم نەدەبینی. لەوانەیە ئەوەش بەهۆی ئەو خۆبەتاڵکردنەوەی ئەو چەند ساڵەی ئەمریکا بووبێت. هەندێ جار کە لە ژنەکانم بێزاردەبووم، دەچووم بەتەنیا دەخەوتم و دەمووت خەونم بینیووە، یان زۆرجار ماڵم بەجێدەهێشت و دەچووم بەلایەکدا گوایە خەونەکانم کاریان کردووەتە سەر باری دەروونیم. هەریەکە خەمی ئەوەی بوو ئەو شەوەی سەرەی ئەوە خەونی ناخۆش نەبینم. هەندێ جار بە قووڵی بیر لە هەستەکانی ناوەوەی خۆم دەکەمەوە و پرسیار لەخۆم دەکەم ئاخۆ من ئەم ژنانەی خۆمم خۆشبوێ، ئەی ئەگەر خۆشم نەوێن بۆ وەك زۆر پیاوی تر چاولەدەر نیم. بەردەوام هەوڵیشم داوە داواکانیان بۆ جێبەجێبکەم. ڕاستە کە پیاو پارەداربوو زۆر گرفتی نایەتە پێش بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیی بە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانەوە هەبێت. ژنەکانم خەمخۆری منن، لەگەڵ ئەوەی دەزانن مەسەلەی منداڵبوون لە منەوەیە، کەچی کەسیان ڕۆژێك لە ڕۆژان باسی ناکەن و واش نیشان دەدەن کە هێندەیان بەلاوە گرنگ نییە. زۆر مەبەستیانە دڵم ڕاگرن. تەنانەت ئەو شەوەش کە نەهاتمەوە کەسیان خەویان لێنەکەوتبوو. هەرسێکیان هەموو شەوەکە چاوەڕوان و نیگەران بوون. کە هاتمەوە ماڵەوە هەرسێکیان دانیشتبوون و دەگریان، بۆ یەکەمین جار هەرسێکیان پێکەوە لە

هۆڵەکە دانیشتبوون سەریان نابوو بەیەکەوە. نەمدەزانی ترسی ئەوەیان هەبوو کە من شتێکم لێهاتبێ یان خەوم بینیبێ. ئەوان دەیانزانی هیچ کاتێ لەکۆشی هیچ ژنێکی تردا نەخەوتووم. خۆ هەر بەرگەی سێ ژن دەگرم، ماڵی ئەوانەم کاول کرد بە سێیان و چواریش تێر ناخۆن. هەرسێکیان هەڵسانە سەرپێ و تەماشایان کردم و هەر یەکەیان چوونەوە کۆشکەکانی خۆیان. لەو ساتەدا بیرم لەوە کردەوە کە لەوانەیە ژنەکان بە ڕاستی منیان خۆشبوێ بۆیە هێندە نیگەران بوون. لە کەم شتدا یەك دەگرنەوە بەڵام وادیاربوو لە نیگەرانیان بۆ سەلامەتی من یەك بن. کەسیان لێیان نەپرسیم لە کوێ بووم یان بۆ شەو نەهاتمەوە، بۆ تەلەفۆنم نەکرد. حوریە گەڕایەوەو وتی وامزانی تۆ جیاواز لە پیاوانی دەستەڵاتداری عەشیرەت، چاوت لە ژنانی سۆزانی نییەو شەوانیشیان لەگەڵدا نابەیتەسەر. ئەوانی تر قسەیان نەکرد هەقیان بوو قسەنەکەن، هەرگیز منیان وا بەختەوەر نەبینیبوو. خۆشم نەمدەزانی بۆ هێندە دڵم خۆشە، لەبەرئەوەی ئەوژنە باسی ئەوەی لەگەڵدا کردم کە دەبمە باوك، چۆن دڵم خۆش نابێ مەگەر خۆم بزانم چەند پارەم لە چارەسەری خۆمدا خەرج کردووە. سێ ژنم هێنا، لەهیچیان منداڵم نەبوو، ناچاریش بووم بێوەژنێك بێنم کەلە مێردەکەی پێشووی دوو منداڵی هەبوو، تەنیا بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی کە خەتای من نییە کە ژنەکانم منداڵیان نابێ. هەر منداڵم نەبوو. تا ئێستا ناتوانم لەو نهێنیە بگەم کە چۆن نەمن ئەو دوو منداڵەم خۆشویست نە ئەوان هەستیان بۆ من هەبوو. بە پێچەوانەوە هەستم دەکرد ڕقیان لێمە و خۆیان دوورەپەرێز دەگرت. ئەو شەوانەی لای دایکیان بووم دەچوونە ماڵی مامیان. وا ڕێکدەکەوت لە مانگێکدا جارێ نەیانبینم. وامەزانن پیاوێکی خراپ بم، هەموو پێداویستیەکانم جێبەجێدەکردن و قەت درێغیم لێنەکردوون. لە ئەمەریکا ماوەیەك لەگەڵ ژنێکدا ژیام کچێکی دە ساڵانی هەبوو، هەموو ئەو ماوەیە پەیوەندیمان زۆر خۆشبوو، کاتێ یەکترمان جێهێشت، کچەکە زۆر گریا. هەتا لەوێش بووم هەموو ساڵێ لە ڕۆژی لە دایکبوونیدا دیارییەکم بۆ دەنارد. کە گەڕامەوە ئەو پەیوەندییە نەما. ئێستا پەشیمانم.



ڕۆژان هاتن و مانگان چوون، چاوەڕوانی کەسێك بووم هەواڵی فرۆشتنی کیژانی وڵاتێکی دووری پێبێ. بێ هیوابووم، هەوڵمدەدا هەموو ئەو شتانەی ئەو ژنە بۆی باسکردووم لەیادی بکەم و وەك خەونێك لێکی بدەمەوە. وەلی نەمدەویست بە خەونیان دابنێم لەبەرئەوەی قسەکانی خۆشییەکی بێشومارییان بە ژیانم بەخشیبوو، وەك ئەوە وابوو هەردەم بەرەو ڕووناکی بڕۆم. واهەستم دەکرد کە هەتاو لە ئاسمانی مندا ئاوانابێ، هێندە دڵم خۆشبوو کە لە هەموو ژیانمدا هەرگیز هەستم بە شادییەکی لەم جۆرە نەکردبوو. نازانم کەی بوو بڕیارم دا سەرێك لەو هوتێلە بدەم کە ئەو ژنەم تێدا بینی. لە ڕێگا ئامۆزاکەمم بینی، بەرەو ئەوێ دەڕۆیشت. "ها ئامۆزا بەوەو کوێ؟". "بۆ نەتزانیوە؟ دیارە هەواڵەکە بە تۆ نەگەیشتووە، لەم هوتێلەدا کۆمەڵە کیژێك هەڕاج دەکرێ، دیارە کیژی زۆر نایابی تێدایە. بەڕاستی منیش لەم هیندی و پاکستانیە قوون پوچانە بێزاربووم هێندە خواردنی چەوریان دەرخوارد داوین، ماوەیەکی تر ناتوانین ورگی خۆمان هەڵگرین، ئەی ژنەکانمان بۆ نالێی، هێندە قەڵەو بوون دە چین عارەق دەردەدەیت تا بە هەرامەکەیان دەگەی". "منیش دێم لەگەڵتا، منیش دەمێکە چاوەڕوانی کەسانێکی وام، ئەی نەت زانی لە چ وڵاتێکەوە هاتوون؟ خۆ خەڵکی هیندستان نین؟". "کەس نازانێ، دەڵێن هەندێکیان خۆشیان نازانن خەڵکی کوێن. هەر کەڕ و لاڵ نەبن باشە. خۆ دەزانی هەندێکیان دێن لە سەر حیسابی گیرفانی ئێمە دەوڵەمەند دەبن و دەگەڕێنەوە. ئەمانە زۆر ناسك و نایابن، گرنگ ئەوەیە هێندە خەڵکی لێ نەبێ، نرخەکانیان بەرزبێتەوە".

ئەی ڕەحمەت لەبابت، هەی ژنە ڕووس، گەر ئەمەی ڕاست بێت دەبێت پێشبینیەکانی تریشی ڕاست بن. گەر وابێت ئەو گرێ کوێرەی ناوخۆم دەکرێتەوە، ڕاستە دەبمە خاوەن سێ منداڵ، ئەوکات وەك مزراح لە خۆشیدا بە دەور منداڵەکانمدا دەسووڕێمەوە. ژنەکان تووڕە دەبن یان نابن کەیفی خۆیانە وگرنگ نییە بەلامەوە، گرنگ ئەوەیە ببمە باوك. شەرت بێت ئەی ژنە ڕووس گەر قسەکانت ڕاست بن، هەموو گیانت لە ئەڵماس بگرم. چەند مەترێکی مابوو بۆ هوتێلەکە، هەموو جەستەم

وەك شەقشەقە دەلەرزی و قاچەکانم لە دوام نەدەهاتن. دەمویست بزانم هوتێلەکە چەند دوورە لێمەوە ، چاوەکانم هیچی نەدەبینی و هەروەك هوتێلەکە لەودیو مەریخەوە بێت. نەمزانی چۆن گەیشتمە ناو سالۆنێکی گەورەی شووشەیی هوتێلەکە کە بەسەر دەریاکەدا دەیڕوانی. هەتاو بە خەمناکی ئاودیوو دەبوو، تیشکی بەنازی خۆی دابوو بەسەر دەریا هێمنەکەداو توانای جوڵەی نەبوو. لە پەنجەرەکە نزیك بوومەوە تا لە نزیکەوە ئەو تابلۆ جوانە ببینم. تەنیا لە وڵاتی خەونەکانمدا تابلۆی هێندە جوانم بینیووە. ورد بوومەوە لە دەریاکە، لە کەناری دەریاکە و لەسەر لمەکە کۆمەڵێ وشەم بینی. سەیرم لێهات. وردبوومەوە تا بیانخوێنمەوە. رستەیەکی پڕمانا" دلڕەقیی مرۆڤ، دایکی سروشت بریندار دەکات" ئەمە لەقسەکانی ژنەکە دەکات. بڕوام نەدەکرد بە چاوەکانم. نەموێرا پیشانی ئامۆزاکەمی بدەم نەوەك بە شێتم لەقەڵم بدا. کەس ئاگای لەو ڕستەیە نەبوو کە تیشکی خۆر لەسەر کەناری دەریا نووسیبووی. هەریەك دەیوست جێگای باشترو نزیکتری دەست بکەوێ. زیاتر لە سی کەسێك ئامادەبوون. لێدانی دڵم خێراتر و خێراتر بوو، دەستەکانم دەلەرزین، چوومە دوای دواوە تا کەس نەمبینێ چەند شڵەژاوم. ئاموزاکەشم بانگی کردم تا بچمە لایەوە دانیشم، ئەو لەپێشی پێشەوە لەهاوشانی نوێنەرانی سەرۆك عەشیرەت و وەزیرانی دەوڵەتدا دانیشتبوون. دەمزانی هەریەکە لەوانە بۆ تەماشاکردنی ئەو کیژانە هاتوون. چاوەڕوانی درێژەی خایەن، هەردوو مەچەکم خستبووە سەر ئەژنۆکانم تا لەرزینی قاچەکانم کەمبکەمەوە، چین چین ئارەقم دەکردەوە. چوومە لای ناسیاوێکی کۆنمەوە و بە ئەسپایی لێم پرسی "ئەوەچییە بۆ کەس دیارنییە؟". "خەریکیانن، جلیان لەبەردەکەن و دەمووچاویان ماکیاج دەکەن، دەیانەوێ نرخەکانیان بەرزبکەنەوە. زۆر جوانن، نازانی سەیری کامیان بکەی. دەڵێن لە نێوان سی هەزاردا ئەم کیژانەیان هەڵبژاردووە، هەندێکی تریشیان بۆ چەند وڵاتێکی تر ناردووە، بەڵام ئەمانەی کە دەیانبینی دانسقەن. دەزانن لێرە بەقەد کێشی ئەوان پارەیان دەست دەکەوێ. دەڵێن نازانین خەڵکی کوێن. لەوانەیە ڕاست نەبێت، وا دەڵێن تا ئێمە مانان ترسی ئەوەمان



نەبێت کە گیرفانیان پڕبوو بگەڕێنەوە. هەوڵیشیان داوە فێری عەرەبییان بکەن. هەندێکیان عەرەبی دەزانن. زمانەکەی خۆیان دەزانن بەڵام کەس ناڵێ ئەمانە خۆیان بە چ زمانێك قسەدەکەن. ئەم گرفتەشمان لە پێشدایە، دەبێ مامۆستایان بۆ بگرین. هەر ئەمەمان مابوو".

مۆسیقایەکی هێواش خرایە سەر، وەك ئەو مۆسیقایە بوو لای پەرییەکە گوێم لێبوو. بڵێی ئەو هەر خۆی ئەم هەموو بەزمەی ڕێکنەخستبێ، هەر لەو کاتەوەی کە منی بینی ئاگای لەم هەموو بەزموڕەزمە بووبێ. گڵۆپ کوژایەوە، ئەی ئەوە چیبوو خۆ سینەما نییە؟!. سەیرە مۆسیقاکە بەرزکرایەوە، کۆمەڵە کیژێك دەرکەوتن، هەموو جلی شیفۆنی پەمەییان لەبەردابوو، ئەی ئەمە چییە؟! هەمان جلی پەرییەکەیان لەبەردایە. بەخودا خۆیەتی. هەر ئەو ڕێکیخستووەو باش منیشی هەڵخەڵەتان، ئەم ماوەیە من ئاگام لە دنیا نەبوو، نە لە کار نە لە ژنەکانم، ڕۆژو شەوم لەگەڵ دنیای خەیاڵدا بەسەر دەبرد. نەمزانی ئەو جامبازە هەڵیخەڵەتانم و هیوای منداڵی لە دڵمدا دروستکرد. خوا دەزانێ چەند کەسی تریشی بەم شێوەیە هەڵخەڵەتاندووە، هەریەکە بە شێوەیەك. بازرگانییەکی باشە. نامن دەڕۆم مل بۆ شتێکی وا نادەم. هەستام بڕۆم... چاوم کەوتە سەر یەکێك لە کچەکان. بینیم. خۆیەتی ...خاڵەکەی سەرگۆنایم بینی، لە شوێنی خۆم دانیشتمەوە. ئای خودایە ئەم فریشتانە چیین، لای خواوە هاتوون. ڕاست دەکات، کە دەڕۆن دەڵێی مۆسیقان، هەمووشیان چین چین فرمێسك لە گۆنایان دێتە خوارەوە. تەنیا ئەوەی من نەبێت، نازانم سەیری کێ دەکات، بەرز دەڕوانێ، دوور دەڕوانێ، خەمگینە. پرچەکەی وەك ڕەشماڵ ڕەشە. بە سەر شان وملیدا هاتووەتە خوارەوە. بەسەر ئاودا هەنگاو دەنێ. نیگای چاوەکانی تیژە، خوێن لە دڵم دەڕوات. ئەم جوانانە کێن. پشتیان تێمانکرد، هەر یەکە ژمارەیەکی لەسەربوو. دەبوایە پشتیان لە ئێمە بوایە، مرۆڤ لەوە زیاتر خۆیی پێناگیرێ. ئۆی ئەمەی من، نەمزانی ژمارەکەی چەندە، هەی هاوار نەڕۆن. دەبێ جارێکی تر ڕوومان تێبکەنەوە. تا بزانم ژمارەکەی چەندە. ئەو لەش و لارە

چییه. دەڵێی هونەرمەندێك بە فڵچە لەسەر دڵی خودا دروستیکردوون. ڕوویان کردە خەڵکەکە، نەمزانی کیژی خاڵدار ژمارە چەند بوو، چوومە بەردەمیان، ڕوومکردە ئەوەی خۆم و لێم پرسی تۆ ژمارە چەندی، نەك وەڵامی نەدامەوە بەڵکو سەیریشی نەکردم. ئامۆزاکەم هات و دەستی گرتم و بردمییەوە شوێنەکەی خۆم. کابرای خاوەن کارەکە چرپانی بە گوێمداو وتی "دەزانم کامەت دەوێت، خەمت نەبێت بۆت مسۆگەر دەکەم ، بەڵام بەمەرجێ لەسەر نرخەکەی ڕێکبکەوین". "چەندت دەوێت ئامادەم. من ئێستا دەڕۆم، کەی بێمەوە". چرپانی بە گوێمداو منیش بە شادییەوە ماڵیاواییم لێکرد. بەرەو کەناری دەریا ڕۆیشتم. ڕستەکەم سڕییەوە. لەسەر لمەکە پاڵکەوتم. دەریا شەپۆلەکانی خەمباربوون. من و دەریا فێربووین تێکەڵی یەکتر ببین. دەریا بۆ من ئارامگای ڕۆحمەو تەنیا لەوێ خەیاڵی ڕۆژم دەیگەیاندمە کەلی ئومێد. خەوبردنەوەی کەناری دەریا وزەبەخشە و بەسەر کۆلارەی خەندەوە بەرەو ئاسمان بەرزی دەکردمەوە.

### نهێنی خەونەکانم:

گەر گوێت لەم خەونەم بێت دڵنیام بڕوام پێدەکەیت. کە تەمەنم تەنیا پانزە ساڵان بوو, ئەم خەونەم بینی. بەیانی زوو کە خەبەرم بوویەوە تێرگریام. بەهیچ ژیر نەدەبوومەوە. دایکم و باوکم نەیاندەزانی چیبکەن. چۆن کوڕەکەیان وەك منداڵێك دەگری و بە هیچ ژیرنابێتەوە. سواری سەیارەیان کردم، بردمیان بۆ لای دکتۆر. هاوارم کردو وتم من خەونێکی ناخۆشم بینووە. هەر لەبەرئەوە دەگریم، هیچ کوێم نایەشێ وازم لێبێنن. ئەوانیش وایان دەزانی کە وا دەڵێم لەبەرئەوەی لە دکتۆر دەترسام. ڕۆژێکی تەواو لە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی مامەوە، کە دڵنیابوون هیچم نییە ئەوسا گەڕاینەوە ماڵەوە. دەزانی گەر خەونەکەتان بۆبگێڕمەوە ئەوا بۆتان دەردەکەوێ کە ڕاست دەکەم لەبەرئەوەی کارەساتی وا لە جیهاندا ڕووی نەداوە و نە ئێوە و نەمن، فیلمێك یان کتێبێکتان بەردەست نەکەوتووە کە ناوەڕۆکێکی لەو شێوەیەی هەبێت. هەر ئەو خەونانەم بوون ئارەزوویەکی بەهێزیان لا دروست کردبووم کە بخوێنمەوە بە



دوای شوێنی ڕووداوەکاندا بگەڕێم. باوکم زۆرجار دەیوت کە من ئەو خەونانە دەبینم لەبەرئەوەی کە زۆر کتێب دەخوێنمەوە. ئەو تەواو هەڵە بوو، لەبەرئەوەی خەوەکانی من پێش خوێندنەوەی ئەو کتێبانە دەستی پێکرد. تا ئێستاش بەردەوامم لە خوێندنەوە، زۆر شتم سەبارەت مێژووی وڵاتەکانی تر خوێندووەتەوە بەڵام لە هیچ شوێنێك کارەساتی وا ڕووی نەداوە. ئەمەیە کە سەرسامم دەکات.

چەند شەوێك لەسەر یەك هەر خەوم بەو گوندەوە بینی، هەرچەندە ئەوە زیاتر پەیوەندی بە خواستی خۆمەوە بوو. حەزم دەکرد بزانم ئەو کچە بۆ هێندە خەمگینە. دەمەو ئێوارە بوو، هەتاو هێشتا ئاوا نەبووبوو. ژنان تازە لەسەرکانی و پیاوان لە مزگەوت گەڕابوونەوە. بێریوانەکان خەریکی گەرمکردنی شیربوون و هەندێکیان هەوێنیان دەکردە شیرەکەوە و سەریان دادەپۆشتن. داپیرەکانیش لەسەر بەرماڵەکانیان نوێژیان دەکرد. منداڵانیش سەرقاڵی یاریکردن بوون. دیمەنێکی هێندە جوان بوو، نەمدەویست بۆ یەك ساتیش چییە چاوم بتروکێنم یان خەبەرم بێتەوە. خۆ دەزانن لە وڵاتی مندا لادێی وا نییە، لەو تەمەنەشمدا بۆ هیچ وڵاتێك نەچووبووم، بۆیە خەونەکان بۆ من گەشتێکی یەکجار سەیر بوو. ئێستا دەڵێم خەڵك پارەی دنیا دەدات تا وڵاتان بگەڕێ کەچی من لە خەوندا وڵاتێك دەبینم کە کەس نازانێ کوێیە. باوەڕدەکەی دەستگرەوە و قاوەگرەوەی وڵاتەکەم نەماوە نەچم بۆ لایان. ئەوان زۆر شت لەسەر ژیانی داهاتووی خەڵك دەزانن، کەچی نەیاندەزانی ئەو خەونانەی من لە چ وڵاتێك ڕوودەدەن. لەو باوەڕەدام لە سەر ئەستێرەیەکی دی ژیان هەبێت و منیش خەون بە ژیانی ئەوانەوە دەبینم.

ئەو ئێوارەیە هێمنی و ماتییەکی سەیر لە سیمای ئەو گوندەدا بەدی دەکرا. ژنان وکچان زۆر بێدەنگ و خەمبار دیاربوون. گوێم لە کریکەو پێکەنینی کەس نەبوو، خێراش بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتن. جاران پیاوان ماوەیەکی باش لە مزگەوت دەمانەوە کەچی ئەو ئێوارەیە پاش نوێژ هەموو گەڕانەوە ماڵەوە. نانی ئێوارە هێشتا دانەنرابوو، سێ فڕۆکە بە ئاسمانی گوندەکەدا دەهات و دەچوو. هەموو خەڵك شڵەژان

هەریەکە بەلایەکدا ڕایکرد، فڕۆکەکان ونبوون و خەڵك هێمن بوونەوە و گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان. هێندەی نەبرد ئەمجارەیان لە چاوتروکانێکدا پەیدابوونەوەو کەوتنە بۆمبابارانی گوندەکە. بۆچی ماڵێك مایەوە بۆمبای بەرنەکەوێ، کەس ئاگای لەکەس نەما، زرمەی تەقینەوە، تەپوتۆز، گڕی ئاگر، زریکەی منداڵ و کروزانەوەی دایك، بارەباڕی مەڕو بزن وبۆڕەی گاومانگا. نەمدەزانی سەیری کێ بکەم. لە خەونەکەمدا لە پەلەقاژەی ئەوەدابووم کە یارمەتیان بدەم کەچی قاچەکانم نەدەجوڵان. فڕۆکەکان ونبوون. دوکەڵێکی سپی ئاسمانی گوندەکەی داپۆشی، بۆنێکی ناخۆش هەموو قوژبنێکی ماڵەکانی گرتەوە. هەریەکە بەلایەکدا ڕای دەکرد. چۆلەکەکان دەفڕین و لە ئاسمانەوە دەکەوتنە خوارەوە، کەڵەشێرو مریشکەکان ملیان لاردەبووەوە ودەکەوتنە سەر زەوی. هەر ئاژەڵێ و لە شوێنی خۆی مرداردەبووەوە. خەڵکەکە تێنەدەگەیشتن چی ڕوودەدات. پیرەژنێکی پشت کۆماوە لەلای دیوارێکدا   وشك بوویەوە. منداڵێك بەپێوە بووبە پەیکەرێك، ژنێك هەموو گیانی بووبە بڵقی مۆرباو. کچە گەنجەکەم بینی منداڵەکەی بەباوەشەوە بوو بەرەو کانییەکە ڕایدەکرد. داپیرەش لەژوورەوە بەدوای دەرگاکەدا دەگەڕا. ژنەکە گەیشتە کانییەکە و ڕشایەوە، منداڵەکەی فڕێ دایە ناو کانییەکەوە، منداڵەکە لە تاو ئازاری گیانی دەیزریکاند. کە چاوی کردەوە و منداڵەکەی لە کانیاوەکە دەرهێنا. منداڵەکە دەلەرزی، سەرپۆشەکەی لە منداڵەکە ئالآند و خستییە باوەشییەوە. بەرەو دۆڵەکە هەنگاوی نا، لە پەنا بەردێکدا پاڵی دایەوە. چەند هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، چاوی بڕییە ئاسمان، هەروەك ئەوەی ئەستێرەکان بژمێرێ. منداڵەکەی توند لە ئامیزگرتبوو، نەمدەزانی منداڵەکە چۆن هەناسە دەدات. هێندەی نەبرد ژنە بەلادا کەوت و منداڵەکەی وەك تۆپێك بەرەو دۆڵەکە خل بوویەوە. ژنێك بەرماڵەکەی دابوو بە شانیدا وایزانیبوو ئەو بەرماڵەی چەندان ساڵە نوێژی لەسەردەکات ڕزگاری دەکات. چاوەکانی کرابوونەوەو سەیری ئاسمانی دەکرد. کەف بەلا دەمیدا هاتبووە خوارەوەو تەزبیحەکەی بەدەستەوە بوو. قاچەکانم لەجوڵەکەوتن، لەخەومدا وتم لەوانەیە منیش وەك ئەوان بمرم، منیش دەبێت



بمرم. ئەوە نییە هەموویان مردوون، خۆمن لەوان زیاتر نیم. لەلایەکی تریشەوە دەمووت من نامرم لەبەرئەوەی ئەوەی دەیبینم خەوە و ڕاستی نییە. ئەوکات دەمویست خەبەرم بێتەوە، لەوە زیاتر نەمدەتوانی ئەو دیمەنە سامناکانە ببینم. هاوارم بۆ دایکم کرد، هاوارم بۆ باوکم کرد، پڕ بە ژوورەکە قیژاندم دەمووت دەمەوێ خەبەرم بێتەوە. تکایە یارمەتیم بدەن لەم خەونە سامناکە خەبەرم بێتەوە. هاتن و خەبەریان کردمەوە. هەموو گیانم دەلەرزی و خۆم و جێگەکەم ئاویان لێدەچۆڕا. ئەو شەوە دایکم و باوکم زۆرترسان. لەگەڵ ئەوەی تەمەنم پانزە ساڵ بوو، منیان بردە ژوورەکەی خۆیان و لە بەینی هەرووکیاندا خەوم لێکەوت. ئەمجارەیان نەمدەویست خەبەرم بێتەوە. دڵنیابووم لەوەی لە ئامێزی دایك و باوکمدا خەونی وا نابینم. تا ئێوارە خەبەرم نەبوویەوە. دایکم و باوکم بەمە دڵخۆش بوون. بڕیاریان دا ژوورەکەم بۆ بگۆڕن، لەو باوەڕەدا بوون  ئەو ژوورەی کە لێی دەخەوم دێوودرنجی تێدایە و بۆیە من خەونی وا ناخۆش دەبینم. لە یادمە ماڵەکەمان هێندە گەورە نەبوو، لە تەنیشت ژوورەکەی برا گەورەکەمەوە ژوورێکی بچووك هەبوو ئەوەیان بۆ چاککردم. هەرچی شتی  ژوورە کۆنەکەم بوو سووتاندنیان، تەنانەت جلوبەرگ و کتێبەکان و یارییەکانیان سووتان. ئەمە منی زۆر ئازاردا. ئەوان وایان دەزانی کارێکی باش دەکەن، نەیانزانی بەو کردەوەیان بۆشاییەکی گەورە لە ژیان و دەروونی مندا دروستدەکەن. پڕ بە دوو دەفتەر شتم نووسیبوو، زۆربەیان سەبارەت بە خەونەکانم بوون. کۆمەڵە شیعرێکم بەسەر کچێکدا نووسیبوو، ئەو کات بیرم زۆر لێدەکردەوەو خۆشمدەویست. جا ئەو شتە نهێنیانەی خۆمم لەناو کتێبەکاندا شاردبووەوە. ئەوانیش لەگەڵ کتێبەکاندا سووتان.

## گەڕانەوە بۆ ژیان:

هیوایەك لە دەروونمدا چرۆی دەکرد. وزەیەك بەرەو ڕووناکی دەبردم. خۆشم لەو نهێنییە نەدەگەیشتم. دەبێت خودی خودا خۆی بێت ئەم هێزەی بەمن بەخشیووە. ئەم شتانەی کە لە ژیانی مندا ڕوودەدەن  گاڵتە نیین. ئێستا بڕوام بە چارەنووس هەیە.

هەر یەکەمان کەلـەدایك دەبـین ژیـانی خـۆی وەك شـانۆگەرییەك نووسـیوەتەوە. هـەر ڕووداوێکیش مانای خۆی هەیە. ئەگینا چی منی گەیاندە ئەو ژنە ڕووسـە. ژیـان وەك یارییەکی لێگۆ وایە، مێشك و دوو دەست ئەو کارە دەکەن. هـەر جـارەو پارچـەیەکی دەخەنەسەر تا شێوەی خانووەکە وەردەگرێ. ژیانی منیش لەو خانووە لێگۆیـە دەکـات کە هەنگاو بەهەنگاو پارچەکانی دەخرێنە سەریەك تا تەواو دەبێت. بەڵام وا پێدەچێت کە خانووە لێگۆکەی من زیاتر لە مێشکێك و دوو دەست کاری تێدا بکـەن. ئـەی وا خانووەکـەم تـەواوکرد، تـەواوکردنی خانووەکـەی مـن لەوەدایـە کـە ببمـە بـاوك و منداڵەکانم بەدوامدا ڕابکەن و بە بابە بابە مێشکم کاس بکەن. ئـەی دوای ئـەوە چـی دەبێت؟. ئاخۆ منداڵەکانم ئەو بۆشاییەی کە ئێستا هەستی پێدەکەم بۆم پڕدەکەنـەوە؟ هەندێ جار دەڵێم ئەو بۆشاییە پەیوەندی بە نەبوونی منداڵەوە نییـە بـەڵکو پەیوەنـدی بـە خـودی خۆمـەوە هەیـە. لـەوە دەکـات خـۆم مرۆڤێکـی ونبـوو بم. ونبـوو بـەدوای نهێنییەکانی خەونەکانمەوە. لـەو بـاوەڕەدام تـا ئـەو گـرێ کوێرەیـە نەکەمـەوە نـاتوانم هەست بە ئارامی بکەم. دەزانن زۆر جار وەك مرۆڤە ونبووەکەی پاولۆ کـایلۆ وام. وای دەزانی نهێنی ژیان لای ئەهرامەکانە، کەچی بۆی دەرکـەوت ئـەوەی بەدوایـدا دەگـەرا هەر لەو شوێنەدایە کە گەشتەکەی تێدا دەستی پێکـرد. منـیش وا دەزانم منداڵـەکان ئەهرامی منن. کێ دەڵێ منیش وەك ئەو نابم. لەوانـە بێـت هـەروا بێـت، لەکاتێکـدا منداڵەکەم لەباوەشدابێت هەست بەهەمان بۆشایی ناوەوەی خۆم بکەم.

هاتنی ئەم کیژەش نیگـەرانی و گومـانی لا دروسـتکردووم.. سـەردەکەومە سـەر لوتکەی چیاکەو بەرەو دامێنی چیاکە خلۆر دەبمەوە. دووبارە ئەو وزەیە بەرەو سەرەوەم دەبا. خۆشیی سەرتاپای ژیانم داگیردەکاتەوە دەکەومەوە پلان دانـان. چ ژوورێکـی بـۆ ئامادەبکەم؟ لە کۆشکی کام ژنم جوانترین ژووری بۆ بڕازێنمەوە؟. لە کـوێ جـوانترین جلوبەرگ و خشڵی بۆ بکڕم؟ ئەم بیرۆکانە تـەواو مێـشکمی داگیرکردبـوو. نەمـدەزانی بڕوا بە کامیان بکەم. لەوانەیە باشتر بێت لەسەرەتاوە نەیبەمـەوە بـۆ مـاڵـەوە. ئـەی ئەگەر بەهەرسێکیانەوە لەناوی ببەن. دەبێت کاتێکم بۆ بیرکردنەوە هەبێت. تەلـەفۆنێ



بـۆ ژنـەکانم دەکـەم و دەڵـێم کـە سـەفەرێکی ناکـاوم کەوتۆتـە پـێش، چـەند ڕۆژێکـم پێدەچێت. لەو چەند ڕۆژەدا هەموو شتێ جێبەجێدەکەم و لەگەڵ ئـەودا دەبم. لەوانەیـە باشتربێت سەفەری وڵاتێکی تر بکەم و هەر لەوێش مارەی بکەم. یان باشـترە بـچمەوە هەموو شتەکان بۆ ژنەکانم باسبکەم، ئاخر لەوانەشە باوەڕم پێنەکـەن. دوای ئـەوە ئـەم ژنە وەك وتیان لە زمانەکەی ئێمـە ناگـات، ئـەی چـیبکەم؟ نـا باشـترە هـەر بیبەمـە هوتێلێکی باش و ماوەیەك لەوێ بێ، تادەردەکەوێت کە هەموو ئەو شتانەی ئـەو ژنـە وتی ڕاست دەرچێت. نا واش ناکەم ئەی گەر یەکێك لە ئوتێلەکـە دزی یـان پـەلاماری دا. باشترە بـچمەوە بـۆ ماڵـەوەو هـەموو ڕاسـتییەکان بـۆ ژنـەکانم باسـبکەم. پاشـان دەیبەمەوە ماڵەوە، دەبێت مەلایەك بدۆزمەوە بە دزییەوە مارەی بکەم. هەڕەشـە لـە ژنـەکانم دەکـەم کـە ئـەم مەسـەلەیە لای کـەس نـەدرکێنن، تەنانـەت بـۆ خـزم و کەسوکاریشیان باسنەکەن. ئەوەی ئەم نهێنییە ئاشکرا کات تـەلاق دەدرێـت. ژنـەکانم باوەڕیان بەقسەکەم نەدەکرد، بەڵام نەیانوێرا فزەیان لەدەم بێتـە دەرەوە. بـەڵێنم پێـدان هەر کە ئەو ژنە منداڵەکانی ببێت، هـەرجارەو یـەکێکیان منـداڵێ وەرگـرێ. کەوتنـە مشتومڕ لەسەر ئەوەی لە کۆشکی کامیانـدا ژوورێکـی پێبـدرێت. ئـەو بڕیـارەش لای من بوو.

باسی ماڵەکەمم بۆ نەکردن، کە دێیتە ژوورەوە هۆڵێکی گەورەی سـەد مەترییـە، لە سێ لاوە قادرمە دەچێتە سەرەوە، هەر قادرمەیەکی دەتگەیەنێت بە کۆشکی یەکێ لە ژنەکانم، ئەم هۆڵە بۆ کۆبوونـەوەی ژنەکانمـە، هـەرکاتێ بمـەوێ هەرسـێکیان ببیـنم بانگیان دەکەمـە خـوارەوە. کۆشـکی دووانیـان حـەوت ژووری تێدایـە، کۆشـکی ژنـە بچووکەکەم دە ژووری تێدایـە، کـە ئـەوم هێنـا دروسـتمکرد. ئەنـدازیاری سویـسری هاتن لەماوەیەکی کەمدا ئەنجامیان دا. دڵنیـابووم لـەوەی لـەم ژنـەم منـداڵم دەبێـت، لەبەرئەوەی پێـشتر منـداڵی بـووە. هەربۆیـە خانووەکـەی ئـەو زۆر تایبـەتی بـوو، بـۆ ماڵێکی منداڵدار دروستکرابوو. نەمدەزانی لـە کۆشـکی کامیـان ژوورێکـی بـدەمێ، بڕوام بـە ژنـە بـچووکەکەم هـەبوو. لەهـەموویان دەمڕاسـتر بـوو، لەبەرئـەوەی خۆشـی

منداڵی هەبوو. ئەزموونی زیاترە و دەتوانێ یارمەتی بدات. خێرا بڕیارم دا چ ژوورێك بۆ ئەو تەرخان بکرێ. ژوورێك لە دوانهۆم، ژوورێکی گەورە بوو، دوو پەنجەرەی گەورەی لەسەر بوو، پەنجەرەیەك ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە و پەنجەرەیەك ڕووی لە ڕۆژئاوایە، پاش بینینی ئەو ژنە لە مانای هەتاو گەیشتم. هەر خۆم ئەمڕۆ دەڕۆم مۆبیلیای تازەی بۆ دەکڕم. ژنەکانم واقیان وڕمابوو، سەیری یەکتریان دەکرد و فزە لەدەمیانەوە نەدەهاتە دەرەوە. لەلایەکەوە دەترسان و لەلایەکی تریشەوە دڵیان بە منداڵبوونەکەی خۆشبوو. دەیانزانی من چەند بە ئاواتەوەم منداڵم ببێت و ببمە باوك. من خۆم زۆر جار ویستوومە منداڵێ هەڵگرمەوە کەچی نە ژنەکانم و نە دایك و باوکم بەمە ڕازی نەبوون.

با کەس ئەم ژنە نەبینێ، کە میوانمان دێت ئەو نابێت لەسەرەوە بێتە خوارەوە، ئەوەش لەیاد نەکەن کە ئەم ژنە زمانی ئێمە نازانێ. ژنە گچکەکەم وتی "ئەوەیان لەسەر من دابنێ، لەماوەیەکی کورتدا فێری زمانی خۆمانی دەکەم. خۆت دەزانی من کەمێك ئینگلیزی دەزانم، ئەی باشە خەڵکی کوێیە؟". منیش نەمدەزانی خەڵکی کوێیە. من تا ئێستا قسەم لەگەڵی نەکردوە. ئەوەندەش بەلامەوە گرنگ نییە خەڵکی کوێیە. ئیتر نازانم پاش چەند ڕۆژێ دەتوانم بیهێنمەوە ماڵەوە. کوڕەکەی مامم ئاگاداری کردم کە بەزووترین کات بچم کیژەکە وەرگرم، لەبەرئەوەی فرۆشیارەکان شەوانە کاری خۆیانیان لەگەڵ دەکەن، هەر بەو مەبەستەشە ماوەیەکی باش لای خۆیان دەیانهێڵنەوە. بەمە تەواو تووڕە بووم و بە هەڵەداوەن خۆم گەیاندە هوتێلەکەو لای فرۆشیارەکە. ئەویش زۆر شپرزەبوو. دیاربوو کاری خۆیان لەگەڵ هەموویان کردبوو، کەوتمە هەڕەشە و بڕیاریشم دابوو گەر شتێکی وایان لەگەڵ ئەو کیژە کردبێت، هەموویان سەردەبڕم. خێرا بردمیانە ژوورەکانەوە، ئەوەی خۆمم دۆزییەوە. کابرا پێکەنی و وتی کەس نەیوێراوە بەلایدا بچێت. تەماشاکردنەکەی دەترسێنێ و زەوقت ناهێڵێ. هێمن بوومەوە. دەستم گرت و لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە بۆ ماڵەوە. هەرکە دەرگای هۆڵەکەم کردەوە هەرسێکیان وەستابوون. واقیان وڕما. ئەویش سەیری کەسی نەدەکرد هەروەك ئەوەی کەس نەبینێ. ژنەبچووکەکەم لێی هاتە پێشەوە ،



ئەویش پشتاو پشت گەڕایەوە دواوە. هیچ قسەم بۆ نەکرا، ئەوانیش لێیورد دەبوونەوە، هەروەك ئەوەی کەسێك بێت لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتبێتە خوارەوە. بردمە ژوورەکەی خۆی، هەوڵم دا بەئیشارەت شتەکانی بۆ ڕوون بکەمەوە، گوێی بۆ نەدەگرتم تەنیا جارە جارە بەئاگاوە تێیدەڕوانیم، هەروەك بیەوێ بمخوێنێتەوە. ڕاستیان کرد نیگای چاوەکانی ئاسایی نییە. چوومە تەنیشتییەوە دانیشتم، دەستم خستە ناو دەستییەوە پێم وت: ئیتر تۆ لەمەودوا ژنی من دەبێت. دەستی دەرهێناو ڕووی وەرگێڕا. دۆڵابەکەم بۆ کردەوەوە و جلەکانم نیشاندا، دەرگای دۆڵابەکەم بۆ خستە سەرپشت و داوام لێکرد جلێك هەڵببژێرێت و خۆی بشوات. لەناکاوا دەرگای دۆڵابەکە داخراو بزەیەك گرتی، ئەو کات لەخۆشی بزەکەی ئەو، بیرم لەوە نەکردەوە چۆن ئەو دەرگایە هەر لە خۆیەوە داخرا. دەرگای حەمامەکەم بۆکردەوەو ڕۆیشتم.

هاتنی ئەو کیژە باری ماڵەکەی منی گۆڕی، تاقە خاڵێك بوو هەموویانی کۆکردبووەوە، هیوای بوون بە باوکیش شادی بە من بەخشیبوو، دڵم بە ژیان خۆشبوو، لە تاریکی شەویشدا تروسکەیەك ڕووناکیم بەدی دەکرد. کە دەگەڕامەوە باوەشم بە هەموویاندا دەکرد و ماچم دەکردن. ئەوانیش هەموو ڕۆژێ بە دوورودرێژی هەواڵی ئەم کیژەیان بۆ باس دەکردم. ژنەکانم تەواو دڵیان خۆشبوو، وازیان لە هەموو میوانی و چوونە دەرەوەیەك هێنابوو، بەو ڕۆژگارە خەریکی ئەم کچە بوون، وەك بووکە شووشەیەکی لێهاتبوو بە دەستیانەوە. بەم دەست و ئەو دەست خواردنیان بۆ دەهێنا ئەویش هیچی نەدەخوارد، خواردنەکەی لەبەردەمی خۆیی لادەدا. تەنیا کاتێ من دەهاتمەوە، لەگەڵ مندا نانی دەخوارد. یەکێ لە ئیشکەرەکانمان بەدزییەوە پێی وتم ئەم ژنە لەوانەیە لەوە بترسێ دەرمانخواردی بکەن بۆیە بەدەستی ژنەکانت هیچ ناخوات. تا دەهات لاواز تر دەبوو، ڕەنگی زەردو زۆر بێهێزببوو. تەنانەت توانای هەڵسوکەوتی نەبوو. دەیانووت بە درێژایی ڕۆژەکە پاڵکەوتووە، بەردەوامیش دەگری. دوا جار بڕیارم دا نیوەڕوان هەوڵدەم بێمەوە، تا خۆم خواردنی لەگەڵدا بخۆم. ئەمەش ژنەکانمی بێزارکردبوو، هەرچەندە بە ئاشکرا ئەمەیان نیشان نەدەدا. گرنگی دانم بەم ژنە

ئیرەیەکی زۆری لای ژنەکانم دروستکردبوو. دەکرێ ئەم هەستەیان بەرەو ڕقەبەرایەتی و تۆڵەکردنەوەیان ببات. من دەبێت تێیان بگەیەنم کە ئەوان بۆ من گرنگترن و بوونی ئەم ژنە تەنیا لەبەر منداڵە. زۆر جاریش ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەیان دەکردمەوە، کە لەوانەیە قسەی ئەو ژنە درۆ بێت و بۆ دەبێت من بڕوای پێ بکەم. منیش هەرچۆنێ بێت ڕازیم کردن کە ماوەی چەند مانگێ چاوەڕوان دەکەین، ئەو کات ڕاستییەکە هەر دەردەکەوێت.

ژنە بچووکەکەم هەوڵی دەدا خۆیی لێ نزیك بکاتەوە، هەر خەریك بوو فێری وشەی بکات، ئەویش وەك ئەوە وابوو کە مێشێك میوانی نەبێت، وشەیەك چییە لەدەمی نەدەهاتە دەرەوە. شتەکانی دەوروبەری نەدەبینی، ڕووداوەکان وەستابوون. ئەم کیژە زۆر خەمگینە، دەبێ شتێ بکەین دڵی خۆشبکات. هیچ شتێکیان نەدۆزییەوە کە بزەیەك بخاتە سەر لێوی. نەجلی جوان نەخشڵ و بۆن. هەرچییەکم بۆ دەهێنا نیگایەکی قوڵی تێدەگرتن و ڕووی وەردەگێڕا بەلاکەی تردا. ژنەکانیشم مەبەستیان بوو بزانن گەر من لەگەڵیدا خەوتبێتم. زۆر جاریش هەندێ پێشنیار و بیرۆکەیان دەداپێم تا بتوانم لێی نزیك بکەومەوە. پاش ماوەیەکی زۆر توانیم لەگەڵیدا بخەوم. نازانم ئەو شەوەش چۆن ڕازی بوو. ئەو پیاوە ڕاستی دەکرد بە نیگای چاوەکانی هەموو شتێکی دەوەستاند. هێزێکی سیحری لە چاوەکانیدا بەدی دەکرا. ئەو ئێوارەیە زۆر قسەم لەگەڵیدا کرد، هەر دەمرێست و دەمرێست. ئەوەی دەمزانی بەکارم هێنا. باسی منداڵی خۆمم بۆ کرد، باسی ئەوەم بۆکرد کە ئەو چەند کچێکی جوانە و ژنی منە. گەلێ بەڵێنم پێدا. هێندەم وت تا گەیشتمە گێڕانەوەی هەندێ لە خەونەکانم. نازانم چۆن و کەی لە ئامێزمدا خەوی لێکەوتبوو. یەك دڵۆپە فرمێسك لە چاوی چەپی هاتبووە خوارەوە. ئەو شەوە و لە ساتێکدا لەگەڵ خواوەندا بووم بەیەك. وا هەستمکرد خۆمم دۆزیوەتەوە. کە بەیانییەکەی خەبەرم بوویەوە ڕووی وەرگێڕابوو، بە بێدەنگی دەگریا. خۆمم زۆر بێ دەستەڵات دەبینی لە ئاستی دۆزینەوەی نهێنی بێدەنگییەکەیدا. دەمزانی بریندارە، هەر پرۆسەی فرۆشتنەکەیان مانای زەوتکردنی



ئازادی و پێشێلکردنی مافیانە وەك مرۆڤ. بەلامەوە گرنگ بوو لەو نهێنییە بگەم. تاقە ڕێگە بۆ دۆزینەوەی نهێنیەکانی گەڕان بوو بەدوای ڕەگ و ڕیشەیدا. زۆر هەوڵم دەدا ئەو ژنە بدۆزمەوە، ئەو هەموو شت دەزانێ، دیارە دەستی لەگەڵ خوداشدا تیکەڵ کردووە. چەند جارێ سەردانی هوتێلەکەم کرد. بە مەرازی خۆم نەگەیشتم، ژنەم هەر نەدۆزییەوە، دەڵێن ئەم وڵاتەی بەجێهێشتووە. کەس نازانێ کەی و چۆن؟! تەنانەت خاوەن هوتێلەکەش لەو نهێنییە ناگات. ئەو ئێوارەیەم لە سەردەریا بردە سەر. کۆمەڵێ منداڵی چاوشینی کاڵ سەرنجیان ڕاکێشام، بە زمانی رووسی قسەیان دەکرد، دڵم ڕاچڵەکی، کە لام کردەوەوە، باوکیانم ناسی، هاوڕێی منداڵیم. لەگەڵ ژنە ڕووسەکەیدا لەبەردەم هوتێلەکەدا خۆیان دابووە بەر هەتاو. بڵێی لە ڕێگەی ژنەکەیەوە هەواڵێکی نەزانم. ئەی چۆن پرسیاری لێبکەم. پرسیارکردن لەشتی وا شەرمە. من لەم بیرکردنەوەیەدا بووم هاوڕێکەم بانگی کردم. ماوەیەکی زۆر پێکەوە دانیشتین، زۆر قسەمان کرد، بەڵام نەگەیشتینە باسی ئەو ژنە. پاشتر باسی کڕینی ئەو کیژۆڵەیەم بۆکرد، زۆر پێکەنی پێم. بەتایبەتی کە باسی ژنەکانم بۆ گێڕایەوە.

کە گەڕامەوە ژنەکانم هەموو بە دڵێکی خۆشەوە بەرەو پیرم هاتن" بەیەك دەنگ هاواریانکرد، ئەمڕۆ ڕشایەوەو دڵی تێکەڵ دەهات". "دیارە سەرمای بووە، نەتان برد بۆ لای دکتۆر". "دکتۆری چی ئەی بۆ نازانی ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە سکی هەیە. مامانەکەمان بانگ کرد وتی لەوانەیە دوانەش بێ". خەریك بوو لەهۆشی خۆم بچم لەسەر ئەژنۆ بۆی کەوتم و تێر گریام. ئاخ لە کوێ ئەو ژنە بدۆزمەوەو هەموو گیانی لە ئەڵماس بگرم، دەمویست هەستمەوەو بڕۆمە لای هەموو گیانی ماچ بکەم لەسەرتاپای سەرییەوە تا بنی پێی. ژنەکانم هەڵیانساندمەوە دەستیان گرتم بۆ سەرەوە بۆ ژوورەکەی. لەسەر جێگەکەی پاڵکەوتبوو، هەروەك جاران ئاگای لە دنیا نەبوو، وەك دارێکی بێ رۆح کە لە ڕەگەوە هەڵدەکێشرێت، بێدەنگ خۆی دابوو بەسەر جێگەکەدا. نازانیین ناوی چی بووە، ئێمە خۆمان ناومان نابوو سەلوا، چونکە ڕووناکی بۆ دڵی من هێنا، هاوارم کرد سەلوا. باوەشم پێدا کرد و تێر ماچم کرد، ئەویش

بەدەمگریانەوە قسەی دەکردو هیچی لێتێنەدەگەیشتم. ئەو شەوە بڕیارم دا لای ئەو بخەوم. ئەو هیچ کاتێ رازی نەدەبوو لەسەر جێگەکەی بخەوم کەچی ئەو شەوە بێ دەنگ بوو. ڕووی خۆی بە دیوەکەی تردا وەرگێڕاو، و منیش زوو خەوم لێکەوت. نیوەی شەو بوو لە پرمەی گریانی خەبەرم بووەوە، بە ئەسپایی هەستام، بینیم لە باڵکۆنەکە دانیشتووە و خەریکی وێنەکێشانە. سندوقی ئارایشتەکەی لەبەردەم خۆیدا داناوەو لەسەر دەستەسرەکان کۆمەڵی وێنەی کێشاوە. کە چوومە نزیکەوە بینم دەمووچاوی منداڵێکە و دەگری، گوێم لە هاوار و کروزانەوەکەی بوو. لە پڕێکا منی بینی، تەماشایەکی کردم، نەمزانی چۆن پشتاوپشت گەڕامەوە دواوە و سەرم دای بەدەرگاکەدا و کەوتم. خێرا هات و بەرزی کردمەوە، سەرم سووڕما، من دوو ئەوەندەی ئەو زلتربووم کەچی کەدەستی دایە دەستم وەك ئەوە وابوو پووشێك بەرزبکاتەوە. سەرم لەو هێزەی دەرنەدەچوو، خۆ ئەو هێندەش ناخوات. پێکەنیم، ئەمجارەیان نیگاکەی ئاسایی بوو، بۆیە توانیم جارێکی تریش سەیرێکی تری بکەمەوە. بە هێمنی گەڕامەوە سەر جێگەکەی خۆم. دەمزانی هەموو بارێکی گرانی هەڵگرتووە. لە دڵەوە بەزەییم پێدا دەهاتەوە، نەمدەزانی چۆن لە نهێنی و خەمەکانی بگەم. تا ئێستا نەموێراوە قسەیەکی لەگەڵ بکەم. تەنیا بە نیگاکانی لەهەندێ لە مەبەستەکانی دەگەیشتم. بەپێی توانا هەوڵم دەدا لێی نزیك بکەومەوە. ئەو هەستی بەوە دەکرد و بڕوای پێدەکردم. بەڵام بەهیچ جۆرێ بڕوای بە ژنەکانی ترم نەبوو. لەم ماوەیەی دواییدا پەیوەندییان تەواو گۆڕاوە. بەترسەوە دەرگاکەی دەکەنەوە. لەسەرەتاوە دەچوونە ژوورەکەی و هەوڵیان دەدا کە قسەی لەگەڵ بکەن. سەیری نەدەکردن. لە نیگاکانی دەترسن. زۆرجار کە چوونەتە ژوورەوە بۆ لای بەبێ ویستی خۆیان پشتاوپشت بۆ دواوە گەڕاونەتەوە.



**خەون:**

ماوەیەکی زۆر لە لۆس ئەنجلس مامەوە، لەگەڵ ژیانی ئەو شارە گەورەدا ڕاهاتم. نوێترین مودێلی ئوتۆمبیلم کڕی. گەر مرۆڤ ئاگای لەخۆی نەبێت خۆی ون‌دەکات. پارەیەکی زۆرم لەبەردەستدا بوو. لە گرانترین هوتێلدا دەژیام. ماوەیەك کوڕێکی گەنجی عێراقی لەگەڵمدا بوو تا یارمەتیم بدات و شارەزایی شوێن و ژیانی ئەوێ ببم. ئەو لە کولێژ دەیخوێند. ئەو بۆ من زۆر باش بوو. منیش هەموو جارێ بڕێکی باش پارەم پێی دەدا. بەمە دڵی زۆر خۆش دەبوو و دەیوت لەکاری شەوان ڕزگارت کردووم. کوڕێکی نتم و هێمن بوو. پاش ماوەیەك هێندە پێویستیم پێی نەما. تەنیا هەندێ جار بۆ هاودەمی پێکەوە دەچووینە مەیخانە و گازینۆ. ئەو کات ئەو هەندێ باسی باری عێراق و ڕژێمی سەدامی بۆ کردم. بەلامەوە سەیربوو کە باوکم لەگەڵ ئەوەی لە دەوڵەتدا کاری دەکرد هەوڵی نەدەدا ئێمە بەلای سیاسەتدا بڕۆین. هەر لە ڕێگەی ئەو کورەوە ناسیاویم لەگەڵ کچێکی ئەمریکی پەیدا کرد. ئەو ماوەیە لەگەڵ ئەو کچە مامەوە. زمانەکەم زۆر باشتربوو، فێری خوێندنەوەی ڕۆمان بووم. ڕووداوی ڕۆمانەکان زۆر جار خەونەکانی خۆمیان دەهێنایەوە یادم. حەزم دەکرد منیش ئەو توانایەم هەبووایەو ئەو ڕووداوانەم لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا بنووسییایە. باسی خەونەکانم و هۆی مانەوەی خەونەکانم نەبۆ ئەو کوڕەو نەبۆ ئەو کیژە باس نەکردبوو. خۆشم نازانم بۆچی. تەنانەت ئاگاداری پەیوەندی من لەگەڵ پزیشکە دەروونییەکان نەبوون.

تواناو هێزم خستبووە کار تا ئاسوودەیی باڵ بەسەر ژیانمدا بکێشێ و خەونەکان لەوە زیاتر کۆنترۆڵی ژیانم نەکەن. وەلێ تەلەفۆنەکانی باوکم بەردەوام خۆمی دەهێنامەوە یاد. هەموو ڕۆژێ تەلەفۆنی بۆدەکردم" ها کوڕم لەکام خەونتای، ئەی پزیشکەکە چی پێ وتی. تا چارەسەرت نەکەن و هەموو خەونەکانت لەبیرنەبەنەوە نەگەڕێیتەوە، ئەی لەوێ خەونی وا دەبینی؟". ئەمانە و دەیان پرسیار هەموو ڕۆژێ لە من دەکرا. لەسەرەتادا جیاوازیی کاتەکان گرفت بوو، بۆیە ماوەیەکی زۆر شەو و

ڕۆژم لێ تێك چووبوو. ماوەیەکی زۆری ویست تا ڕاهاتم. چەندان جار ئەوکاتەی دەبوایە بچم بۆ لای پزیشکەکەم من خەوتبووم. هەر لەسەر ئەمەش بوو یەکێ لەو پزیشکانە زۆر لێم بێزار بوو، ئیتر ڕازی نەبوو بچمەوە بۆ لای. من خۆمم لێ تووڕە کرد، کۆمەڵێ پارەم فڕێ دایە بەردەمی، ئەویش بێباکانە پارەکانی خستەوە بەردەمی خۆم. ناو و تەلەفۆنی پزیشکێکی تری داپێم. لە من وابوو ئێرەش لای خۆمانە بەچاوبزکردنەوە یان پارە ڕشتن کارەکانمان مەیسەردەبێت. بڕیارم دا بگەڕێمەوە، کەسیان ڕازی نەبوون بگەڕێمەوە. باوکم داوای لێکردم لەوێ خوێندنەکەم تەواوبکەم. ئەو ماوەیەی لەوێ بووم بەهیچ جۆرێ خەونم نەدەبینی بەڵام لەگەڵ خەونەکانم دەژیام. ناچاربووم پەنا بەرمەوە بەر پسپۆڕێکی تری دەروونی. دوا جار کەوتمە لای ژنێکی گەنجی باڵابەرزی باریك. گرفتی من ئەو خەونانەیە کە لەماوەی شەش ساڵی تەمەنمدا بە شێوەیەکی بەردەوام دەمبینی. خۆزگە دەمزانی خەونەکانم باس لە کارەساتی چ وڵاتێك دەکەن، یان وڵاتی وا لەسەر ڕووی ئەم زەمینە هەیە؟. ڕووداوەکانی خەونەکانم هێندە کاریان کردووەتە سەر ژیانم  باوەڕ ناکەم تاسەر بەرگەیان بگرم. تکایە گەر بڕواشم پێناکەی هەر لەسەرەتاوە پێم بڵێ. تا کەسێکی تر بدۆزمەوە. پێویستم بە یارمەتی هەیە. کەسێك ئەو خەونانەم بۆ لێکبداتەوە. لەو شوێنەوە دەست پێدەکەم کە لای پزیشکەکەی کە تەواوم کرد. نە خۆم، نە ئەوان لەو خەونانە ناگەین. بێزاریش بووم لە گێڕانەوەیان و لەگەڵ ئەوەی من بەردەوام لەگەڵ ئەو خەونانەدا دەژیم. هیچ پرسیاری لێنەکردم و بە ڕوویەکی خۆشەوە گوێی بۆ دەگرتم و واهەستم دەکرد کە بڕوا بە قسەکانم دەکات.  شەوێکیان خەونێکی زۆر دووروودرێژم بینی، لەوەی دەکرد ئەو خەونەم چەند سەعاتێکی خایاندبێت. لەکاتێکدا دەڵێن خەو تەنیا چەند چرکەیەك دەخایەنێ. دیمەنی گوندەکە بەردەوام لەپێش چاومە، لەکاتێکدا خۆت دەزانی لە وڵاتەکەی مندا هیچ گوندێکی لێ نییە. زۆربەی خەونەکانم پەیوەندییان بە گوندی وڵاتێکی نادیارەوە هەیە. زۆر دیمەنیش دووبارە دەبنەوە. بۆیە دەڵێم گوندی وڵاتێکن. جلەکان و قسەکردن و هەڵسوکەوتیان لەیەك دەکات.



گوندێکە لە پاڵ چیایەکدایە. دەمەو بەیانییە، ڕۆژێکی تەواو جیاواز لە ڕۆژانی تر. هەتاو مات و مەلوول، تیشکی بەشەرمێکەوە بەسەر گوندەکەدا دەشکایەوە. چۆلەکە بە جریووە جریوو خەڵك وەئاگادێنێ و کەڵەشێری گوند لە هەموو بەیانییەك زیاتر دەقوقێنێ. شوان کۆنترۆلی ئاژەڵەکانی ناکات و هەریەکە بەلایەکدا دەڕوات و بە گۆچانەکەی هەرچی دەکات ناتوانێ کۆیان بکاتەوە. بەو بەیانی زووە ئەمەسەرو ئەوسەری گوندەکەیان پێکرد. نازانێ توێشەبەرەکەی و گۆچانەکەی لەکوێ بەجێهێشتووە. لە هەموو ساڵانی شوانێتیدا هەرگیز ئەمەی لێ ڕوونەداوە. تەنیا بەوە دڵی خۆش بوو خەڵکی ئاوایی خەویان لێکەوتووە و کەس ئەمە نابینێ.   سەگیماڵەکان بەرەو دەرەوەی گوند ڕایاندەکرد و دەوەڕین، شوان لە دڵی خۆیدا وتی "دەبێت ئەمشەو گەلەگورگ ڕوویان لە گوند کردبێت. هەربۆیە چۆلەکە لە جریووە ناکەوێ، مەر و بزنەکان ڕێ وندەکەن و کەڵەشێر لە قووقاندن ناوەستێ". هێندەی نەبرد سەگەکان گوندییان بەجێهێشت. پێش ئەوەی گوندەکە بەجێبهێڵن لایەکیان بۆ دواوە کردەوەو وەك ئەوەی ئەمە دوا جارە دیمەنی خەوتووی گوندەکە ببینن.  شوانەش نەیدەزانی چی بکات.  لەسەر بەردێ بەرامبەر گوندەکەی دانیشت، کیسەتووتنەکەی دەرهێنا وسیغارێکی پێچایەوەو بە قووڵی فووی بەجگەرەکەدا دەکرد. کوڵەباڵەکەی داکەند وختستییە باوەشییەوە. ڕانەکەشی ملی ڕێگایان گرتبوو، سیغاری دووەمیشی کێشا. خەیاڵی وەك هەور بەرەو لای دەزگیرانەکی بردی، هەرکە خانووەکەی تەواوکرد، دەیگوێزێتەوە. تەنیا شتێك مێشکی جەنجاڵ کردبوو، پاش ژنهێنان دەبوایە واز لە شوانێتی بێنێ. بەڵێنی بە دەستگیرانەکەی دابوو، نابێ بەڵێن شکێن بێت. فڕەفڕو گرمەی چەند هەلیکۆپتەرێك وەئاگای هێنایەوە. ئەمانە چ زوو ئاسمانی ئاواییەکەیان داپۆشی. فڕۆکەکان نیشتنەوەو دەوری گوند گیرا، لایەکی بۆ ڕانەکە کردەوە لە چاو ونبووبوون. سەگەکان لە وەڕین کەوتبوون و لە هیچ کوێیەکەوە دیارنەبوون. لە چاوتروکانێکدا کۆمەڵێ زیلی عەسکەری لە دوورەوە دەرکەوتن. شوان تەواو شڵەژا. هێندەی نەبرد کابرایەك کلاشینکۆفەکەی ئاڕاستەی سەری کرد و داوای لێکرد لە

شوێن خۆی نەجوڵێ و تەسلیم ببێ. کەلای کردەوە، پێکەنی و هاواری کرد ئەوە تۆی جاشە ترِە وا پێش عەسکەر کەوتووی. یەك ڕیز فیشەکی نا بەسەریەوە، بەردەکەش بەرگێکی ئاڵی بۆ هەتاهەتایێ پۆشی. خەڵکی گوند تەواو شڵەژان و لەماڵ دەهاتنە دەرەوە. پەیتا پەیتا لە هێلکۆپتەرەکانەوە جاش و عەسکەر دەهاتنە خوارەوەو کۆمەڵ کۆمەڵ دەیاندا بەسەر ماڵەکاندا و پەلکێشی دەشتاییەکەی بەردەمی مزگەوتیان دەکردن. دەستیان لەکەس نەدەپاراست. ژن و منداڵیان لە ناو جێگا دەردەهێنا و دەیاندانە پێش خۆیان. دکتۆر گیان تا ئێستاش دەنگی گریانی ئەو منداڵانە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە. لە خەونەکەمدا دەگریام و دەمقیژاند و دەمووت تکایە واز لەو منداڵانە بێنن ئەوانە خەتایان نییە، نەك منداڵ گەورەکانیش خەتایان نییە. بۆ وایان لێدەکەن. وازیان لێبێنن. بینیم منداڵێکی ساوایان لە باوەش دایکی دەرهێناو بەر لەقەیان دا و پاشانیش ریزە فیشەکێکیان پێوەنا. دایك و خوشکەکانیان پەلاماری عەسکەرەکەیان دا و خستیانە ژێرخۆیانەوە. هەرچەند هاواریان لێکردن عەسکەرەکەیان بەرنەداو دەستیان خستبووە بینەقاقای. کۆمەڵێ چەکداری تر هاتن هەرچەندییان کرد نەیانتوانی کابرا لە چنگی ئەو ژنانە دەربێنن. هێندە تووڕەبوون تەنانەت گوێیان لە هەڕەشەی سەربازەکان نەبوو. کۆمەڵێ تفەنگ ڕووی تێکردن و هەموویانی پێکەوە ساردکردنەوە. منیش هەتا هێزم تێدابوو هاوارم کرد. هەموویانم خەبەرکردەوە، باوکم بە هەنیسکە هەنیسك هاتە لام و خەبەری کردمەوەو پەرداخێ ئاوی داپێم. ئەوان لەسەر ئەم بەزمەی من ڕاهاتبوون. لەم کاتانەدا دەبووایە خەبەرم بکەنەوە. پاشان دایەگەورەم دەهاتە لام کۆمەڵێ ئایەتی بەسەرمدا دەخوێند و دەستی بەسەرمدا دەهێنا تا خەوم لێدەکەوت، زۆرجار دایەگەورەم هەر لەتەنیشت منەوە خەوی لێدەکەوتەوە.

دەزانی هەر کە دەخەوتمەوە تەواوکەری خەونەکەم دەبینییەوە. زۆرجار ئەو شەوە نەدەخەوتمەوە کەچی شەوی داهاتوو کە دەخەوتمەوە بەهەمان شێوە خەونەکەم تەواودەکرد. دکتۆرەکەی پێشووتر ناحەقی نەبوو دەیووت ئەمەی تۆباسی دەکەیت



خەون نییە بەڵکو ڕۆمانێکە و هەرجارەی کە ڕۆمانەکەت گرت بەدەستەوە لەو شوێنەوە دەستی پێدەکەیت کە جاری پێشوو وازت لەخوێندنەوەی هێنابوو. دکتۆرەکە کەوتە بیرکردنەوەیەکی قووڵ. ماوەیەکی زۆر بە وردی لە چاوەکانم وردە دەبوویەوە، وا هەستم دەکرد لە نیگاکانیدا دەتوێمەوە. چاوەشینەکانی ببوونە دەریا و نەمتدەتوانی مەلەی تێدا بکەم. هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی" کەی تەواوکەری خەونەکەت بینی هەمان شەو یان شەوی پاشتر؟"

هەر هەمان شەو کە خەوم لێکەوتەوە هەر تەواو لەو شوێنەی خەبەرم بوویەوە خەونەکەم دەستیپێکردەوە. خەڵکی گوندەکەیان لە دەشتایی بەردەم مزگەوتەکە کۆکردەوە و دەوروبەری گوندەکەش گیرابوو، کەس نەیدەتوانی ڕابکات، ئەوەشی هەوڵی ڕاکردنی بدایە لە شوێنی خۆی ساردییان دەکردەوە. لەخەونەکەمدا لە دوورەوە وەستابووم و نەمدەوێرا لێیان نزیك بکەومەوە. ماوەیەك یەکێ لەو چەکدارانە قسەی بۆدەکردن، هێندە دوور بووم گوێم لێنەبوو چی پێووتن. خەڵکەکەیان کرد بەچەند بەشێکەوە. ژن و منداڵ، کچ و کوڕی گەنج و پیاوەکانیش بەجیا ویستیان هەر کۆمەڵەیە بەجیا سواری زیلەکان بکەن، لە ناکاوا هەموو تێکەڵاو دەبوونەوە، منداڵ باوەشی بەباوکیدا دەکرد، دایك باوەشی بە کوڕەکەیدا دەکرد، خوشك باوەشی بە براکەیدا دەکرد، وەك شارە مێرووله تێکەڵ بەیەك دەبوون. گریان و هاوار دەروونی چیای پشت لادێکەی توانەوە. ئاگری لە دڵی هەور بەردا و گرمەی لێهەڵسا. هەموویانی ڕاچڵەکان، کەسەیری ئاسمانیان کرد لە پەڵەهەورێکی بچووك زیاتر بە ئاسمانەوە نەبوو. هێندەی تر ترسان و خێرا کۆمەڵ کۆمەڵ سواری زیلەکەیان کردن. چەکدارەکان دەیان دەبەی نەوتیان لە هیلیکۆپتەرەکان هێنایە خوارەوە و بەرەو گوندەکە ڕۆیشتن و هەر ماڵەی دەبەیەك نەوتی بەرکەوت و بە دەنکێ شقارتەش ئاگر هەموو بیرەوەری و ڕەنجی خێزانی لە ئامێزگرت. هێلیکۆپتەرەکان بەرزبوونەوە، زیلەکانیش نەجوڵان تا تەواو دوکەڵی گوند ئاسمانی داپۆشی. لەناکاوا هەموو بێدەنگ بوون، کەس نەگریا و کەس هاواری نەکرد. بێدەنگییەکی سامناك بوو، خەڵکی ئاوایی

لە جولەخست و چەکدارەکانی خستە جوولەو سواری زیلەکان بوون و دەرگاکان داخراون کەسێکیان نەیاتوانی بۆ دواجار ماڵیاوایی لە گوندەکەیان بکەن. لە دێ دوور کەوتنەوە کەچی هەر بۆنی گۆشتی سووتاو دەهات.

منیش لە شوێنی خۆمدا ببووم بەبەرد. سەیری جەستەی سووتاوی گوندەکەم دەکرد، کەڵەشێرو مریشك و پشیلەی گرگرتوو لە خانووەکان دەردەپەڕینە دەرەوە. لە یەکێ لەماڵەکاندا منداڵێکی حەوت ساڵان هاتە دەرەوە. چاکەتە گڕگرتووەکەی داکەند و لە خۆی خۆڵدا گەوزاند و خێرا هەستایەوە و بەرەو دۆڵەکە ڕایکرد. لەبن دارێکدا دانیشت، دەگریا. لەوە نەدەگەیشت چی ڕووی داوە. بەرەو چەمەکە شۆڕبوویەوە. قاچەکانم کەوتنە جوولە و بەرەو لای ئەو ڕامکرد. دەمویست قسەی لەگەڵدا بکەم و لەگەڵ خۆمدا بیهێنمەوە. کەچی هەستی بە بوونی من نەدەکرد. گوێی لێم نەبوو. قیژاندم بەسەریدا و وتم لەگەڵ من وەرە، لەگەڵ خۆم دەتبەم. هێندەم قیژاندو گریام تا هاتن خەبەریان کردمەوە. کەخەبەرم بوویەوە دەنگم دەرنەدەچوو. ئەوەندەی تر باوکم و دایکم ترسیان لێنیشت. منیش پاش ئەو خەونەم یەك هەفتە خەو نەچووەوە چاوم. بیرم لەو منداڵە دەکردەوە، چی بەسەر هاتبێ؟ ماوە یان مردووە؟ چی دەخوات؟ بڵێی مێگەلی ئاوایی بدۆزێتەوە؟ لەکوێ دەخەوێت؟. نەخەوتنەکەم نیگەرانی کردن. بەخێرایی بردمیان بۆ لای دکتۆر تا حەبی خەوم بۆ بنووسێ. دایەگەورەشم تا بەیانی بەدیارمەوە دادەنیشت و قورئانی بەسەرمدا دەخوێندو نوێژی دەکرد و دەیووت هەی شەیتانەکە وەرە دەرەوە لەگیانی کوڕەزاکەم، گەر ئازایت و دەوێری وەرە گیانی منەوە. ئەو بە ڕۆژ دەخەوت و بە شەویش بەدیار منەوە دادەنیشت. تا مردیش هەر کەنزیکم دەبووەوە دەجار بیسمیلاو ئەستەغفروڵلای دەکرد و کۆمەڵێ ئایەتی بەسەرمدا دەخوێندو فووی بەسەرمدا دەکرد. ئێستاش دەڵێت لە وڵاتی کافران شەیتانەکەی ناو گیانت بەجێبهێڵەو بگەڕێرەوە لامان و ژنێك بهێنە، تا نەمردووم با منداڵەکانت ببینم. من تا ئێستاش کە بیر لەو منداڵە دەکەمەوە فرمێسك وەك ئێستا بە چاومدا دێتە خوارەوە. حەز



دەکەم باڵبگرم و بست بەبستی جیهان بگەڕێم تا بزانم نەتەوەیەکی وا لەسەر ڕووی زەوی دا هەیە. من دەمەوێ ئەو منداڵە بدۆزمەوەو لە ئامێزی بگرم. دەمەوێ خۆم بەخێوی بکەم. نەمزانی ناوی چییە، هاوارم بۆ کرد، لێم پرسی، لەبەردەمیدا وەستام و دەمویست لە ئامێزی بگرم کەچی پێی نەدەگەیشتم. من زۆر نزیك بووم لێیەوە، لەوانەیە سێ سانتیم لێوەی دوور بووم. کەچی نەمدەتوانی لە ئامێزی بگرم و لەگەڵ خۆمدا بیهێنمەوە. ئەو منداڵە هەر دەگریا و نەی دەزانی بەرەو کوێ دەڕوات. بەرەو دۆڵەکە ڕایدەکرد و ئەوجا بەرەو گوندەکە دەگەڕایەوە. ماندوو نەدەبوو. بەردەوامیش دەگریا و هاواری دەکرد. هەتا ئێستاش دەزانم ئەو کوڕە شێوەی چۆن بوو، چی لەبەردابوو، جلەکانی ڕەنگیان چۆن بوو.

## نهێنی ژیان:

باوکم جگە لەمن سێ کوڕ و چوار کچی تری هەیە. من لە هەموویان بچووکترم. ئەوان هەموو ژیانیان خۆشە و هەریەکە کۆمەڵێ منداڵی هەیە. براکانم هەر یەکە یەك ژنیان هەیە. زۆربەشیان خزمی خۆمانن. خوشکەکانم هەروا شوویان بە خزم کردووە. من دەزانم بەپێی زانستی نوێ باش نییە خزم بهێنێ. بەڵام لای ئێمە ئەمە تا ئێستا باوە. من جیا لە هەموویان سێ ژنم هەیە و منداڵم نییە هەروەك پێشتر بۆم باسکردن، ژنی یەکەمم ئامۆزای خۆمە، ناوی زەهرایە هەر بە گەنجی حەزمان لەیەکترکردبوو باوکیشم ئەمەی بە هەل زانی و لێمی مارەکرد. کە چووم بۆ ئەمەریکا ویستی لەتەك خۆمدا بیبەم. منیش نەمدەویست لەبەرئەوەی نەمدەزانی چ ڕوودەدات. پاشان خوێندنەکەم کرد بە بیانوو تا نەیگوێزمەوە. لەگەڵ باوکمدا ڕێککەوتم پاش تەواوکردنی خوێندن و گەڕانەوەم دەیگوێزمەوە. بەڵێنەکەی خۆمم هێنایە دی. پێش گەڕانەوەم دایەگەورەم کۆچی کرد و بە مرازەکەی خۆی نەگەیشت و منداڵی منی نەبینی، هەرچەندە گەر ئێستاش بمایە ئەو ئاواتەی نەدەهاتە دی. چەند ساڵێ چاوەڕوانم کردو منداڵمان نەبوو. چوینە لای چەندان دکتۆر، شێخ و مەلا. هەوڵەکانمان

بێهودە بوو. ژنی دووەمم هێنا کە ئەویش خزمی باوکمەو کچێکی مندالّی جوان بوو، هەموو بیری ئەم ژنەم لای نوێترین مۆدەی جل و خۆڕازاندنەوە بوو، جوانترین و گرانترین جلی لەبەردەکرد، ئەوەندەی بەلاوە گرنگ نەبوو کە مندالّی ببیّ یان نا. ئەمیش ناوی خەدیجە بوو. حوریە ژنی سێهەممە هەروەك باسم کرد بێوەژن بوو، دوو مندالّی لە مێردی یەکەمی هەبوو، مێردەکەی بە نەخۆشی مردبوو. بەلامەوە گرنگ بوو بەلّگەیەکم دەست کەوێت کە ئەوە من نیم نەزۆکم بەلّکو ژنەکانمن و دەمویست بۆچوونی پزیشکەکان بەدرۆ بخەمەوە. لەژنی سێهەمیش مندالّم نەبوو. لەگەلّ ئەوەی ئەو ڕاستییە ئازارئامێزەی بۆ سەلماندم بەلاّم لێم تێدەگەیشت، حوریە ژنێکی تابلّێی ژێرو میهرەبان و لەسەرخۆ بوو، لە زۆربەی شتەکاندا پرس و ڕام بەو دەکرد. دوانەکەی تریشم هەستیان بەو مەسەلەیە کردبوو بۆیە هێندە حەزیان لە چارەی نەبوو. ئەمیش بە هیچ شێوەیەك گوێی پێیان نەدەدا. بڕوام بە حورییە هەبوو بۆیە داوام لێکرد ئاگاداری سەلوا بێت ولەگەلّیدا بمێنێتەوەو سەرپەرشتی بکات. ئێمە چوینە خوارەوە. "ئەگەر ڕاست بێت ئەم کچە مندالّی ببێت، چی لێدەکەی بۆ کامان دەبێت؟، خۆ تۆ لای خەلّك ناتوانی بلّێی مندالّم لە کیژێك بووە کە کڕیوومەو نازانی خەلّکی کوێیە". "کەمەسەلەکە ڕاست دەرچوو بڕیاردەدەین".داوام لە حوریە کرد، سەرپەرشتی هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیی بە پزیشکەوە هەیە بکات، ئاگاداری ئەنجامەکانم بکاتەوە.

سەلوا زۆربەی کاتی لە ژوورەکەی خۆی دەبردە سەر، هەموو کات ترس پەچەیەك بوو جوانییەکەی داپۆشیبوو. دەرگای ژوورەکەی داخستبوو، زۆر ڕۆژ کە ئێوارە دەگەڕامەوە هێشتا دەرگای لەکەس نەکردبووەوەو هیچ نانیشی نەخواردبوو. هەرچۆنیّ بێت لە دەرگام داو تێم گەیاند کە دەمەویّ ببینم. دەرگاکەی بۆ کردمەوە، ئەو دەیزانی من ئەوم مارەبڕیووەو ژنی منە، دەبیّ ئەمانەش وەك ئێمە موسلّمان بن. وا هەست دەکەم زۆر ئایەتی قورئانیش دەزانیّ، بەلاّم نەیدەویست ئەمە ئاشکرا بکات. من زۆر نەرم و نیان بووم لەگەلّیدا، ئەوەی ئەو پێی خۆش نەبووایە نەمدەکرد، تەنانەت هەولّم نەدەدا بەزۆر لەگەلّیدا بخەوم. تەنیا ئەو شەوەم بەس بوو، ئەو شەوە



ڕووناکی چووە گیانمەوە. ئەو شەوەش چومەوە ناو خودی خۆم. لەدەرگای دلّم دا چوومە ژوورێکی کریستالّی، گوێم لە موسیقای خواوەندی ئیسیس بوو. لەسەر کورسییەك دانیشتم، فریشتەیەك هات و دەستی گرتم و بەرەو دەرگایەکی تری بردم. دەرگاکەم کردەوە بەرەو ئاسمان فڕیم. ئەو شەوە من فێری فڕین بووم. قسەی ژنە ڕووسەکە ڕاست دەرچوو، "یەکەمین شەو فێری فڕینت دەکات". تەنیا ئەوەندەم دەویّ ڕۆژێك بتوانم لەگەلّی بگەڕێمەوە بۆ ناو کەس وکاری، یان بزانم بۆ وای لێهاتووە. ئەو شەوەش تەنیا لەژوورەکەدا لەگەلّی خەوتم زانیم کە هونەرمەندێکی گەورەیە. ئێستا دەزانم بۆ ژنەکانم دەیان وت دەسری کلینیکس بەشی ناکات، لەو باوەڕەدابوون کە دەیانخوات، لەبەر ئەوەی نابینن فڕیّ درابێت. من زانیم کە ئەو کێوی نییە و دەستەسڕ ناخوات بەلّکو دەیان کات بە تابلۆ. بڕیارم دا کۆمەلّی کەرەستەی وێنەکێشانی بۆبکڕم.

لە وێنەکانی نەدەگەیشتم، هەمووی هێمابوو. گوێت لەزریکەی ڕەنگەتێکەلاّوەکانی دەبوو. لە هەندیّ لە تابلۆکانی مۆزەخانەی لۆڤەری دەکرد، دەبیّ ڕۆژیّ لە ڕۆژان سەردانی ئەم مۆزەخانەیەی کردبێت. بەلامەوە سەیربوو، ئەم کیژە بتوانیّ وێنەی هێندە سەرنجڕاکێش بکێشیّ. بە ئیشارەت تێم گەیاند کە وێنەکانی زۆر جوانن. لەناو ڕەنگە سوورەکەی تابلۆکەیدا دەمێکی نیشاندام کە هاواری دەکرد، تا بەوردی سەرنجی تابلۆکەت نەدایە ئەو دەمەت بەدی نەدەکرد. دەمەکە کرابوویەوەو هاواری دەکرد، تێگەیشتم ئەوەی گوێم لێبوو زرنگانەوە نەبوو، بەلّکو هاواری ئەو ڕۆحەبوو. ئەمە یەکەمین پەیوەندیی ڕاستەوخۆی ئەم کیژە بوو لەگەلّمدا، توانیم بۆ ساتێکی کورتیش بێت سەرنجێکی قولّ بدەمە قولاّیی نیگاکانی. هەندیّ دیمەن و ڕەنگ و دەنگی وێنەکانی ئەو، خەونەکانمی وەبیر دەهێنامەوە. مووچڕکە بە گیانمدا هات و فرمێسك بەچاومدا هاتەخوارەوە. دەبێت تابلۆکانی ئەم ژنە نهێنی خەونەکانم بۆ ئاشکرا بکات. بڕیارم دا ژوورێکی گەورەی بۆ تەرخان بکەم کە کاری تێدا بکات. لەهەمان کاتدا دەبێت شتێك هەبێت خۆی پێوە خەریك بکات، ئەم وەك ژنەکانی دیم

نییه، که کەسوکاری لێرە هەبێت و هاتوچۆیان بکات. خۆ ژنەکانم ڕۆژ تا ئێوارە بە میوانداری و مێزڕازاندنەوە دەبەنە سەر، هەربۆیە وەك بەرمیلیان لێهاتووە. سەیرم لەوە دێ ئەم هیچ قەڵەو نەبووە. هێندەش خواردن ناخوات. چوومە خوارەوە ئەو خواردنەی هەبوو لەسەر سینییەك دام ناو هێنام. حوریە چاوی لەمە بوو دڵگران بوو، چونکە من هەرگیز کاری لەو بابەتەم نەکردووە. بەرەو ڕووم هات و سینییەکەی لێ وەرگرتم. ئەوان ڕاست دەکەن من هەرگیز گۆرەویشم لەپێی خۆم دانەکەندوە، کەچی ئێستا خزمەتی ژنێك دەکەم کە ئەسڵ و فەسڵی نازانم، تەنیا ئەوەندە نەبێت منداڵی منی لە منداڵدانیدا هەڵگرتووە. خۆشم نەمدەزانی ئەم پەیوەندییە بەهێزە چییە منی بەم کیژەوە بەستووەتەوە؟، بەزەییە... خۆشەویستییە؟ یان هەر لەبەرئەوەیە دەبێتە دایکی منداڵەکانم. باوەڕیش ناکەم بتوانم منداڵەکانی لێوەرگرم و بیدەم بە ژنەکانی ترم. من هێشتا نەمتوانیوە بچمە ناو جیهانی ئەم ژنەمەوە. بەچ زمانێ گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم، لێی نزیك بکەومەوە، حوریەش لە بەڵێنەکەی خۆیدا سەرکەوتوو نەبوو. دەڵێ بەهیچ جۆرێ نە تەماشام دەکات و نەگوێم بۆ دەگرێ. دیارە دەبێ خۆم هەوڵی لەگەڵدا بدەم. دەبێ کاتی بۆ تەرخان بکەم و فێری بکەم گوێم بۆبگرێ. یان هەوڵ بدەم بزانم ئەم نەتەوەیە بەچ زمانێ قسەدەکەن. دەبێت کەسانێکی وا هەبن لەم وڵاتەی ئێمەدا بەم زمانە قسە بکەن. ئەو ژنەم هەر دەست ناکەوێ، ئەو وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لایە.

ئەو ژوورەی کە مەبەستم بوو بۆم ئامادەکرد. من هێندە لە ڕەنگ و کەرەستەی وێنەکێشان شارەزا نەبووم. بۆ کڕینی شتەکان ڕاوپرسم بە دووکاندارەکە کرد. ئەو ئێوارەیەی کە ژوورەکە ئامادەبوو نەمدەزانی چۆن ئاگاداری بکەمەوە. ڕەفتەیەکی خۆیم هێناو ویستم چاوی ببەستمەوە و بەرەو ژوورەکەی ببەم. بە دەنگی بەرز قیژاندی، پەڕۆکەی لابرد و پاڵێکی پێوەنام و پشتاوپشت کەوتم. من چاوەڕوانی کاردانەوەیەکی وا نەبووم بۆیە لەسەرەتاوە تەواو شڵەژام. دەبێ ئەمە پەیوەندی بەو ڕابردووە نادیارەوە هەبێت. بە هێمنی هەستامەوەو پێکەنیم و پێم وت تەنیا دەمەوێ



شتێکت نیشان بدەم. لەمماڵە دەرناچێت، شتێکە تۆ زۆر حەزت لێیەتی، من لەبەر تۆ کردوومە. دەستم خستە سەرچاوی و بەرەو ژوورەکەم برد. دەرگاکەم بۆ کردەوە، کە چاوی کردەوە و هەموو ڕەنگ و کەرەستەی وێنەکێشان و ژوورەکەی بینی، فرمێسك خوڕخوڕ بە چاوانیدا هاتەخوارەوەو ئەمجارەیان قیژاندی و لە ئامێزی گرتم. لەخۆشیدا لەسەر پێ نەمتوانی ڕاوەستم کەوتمە بەردەمی، پێکەنی و دەستی گرتم و هەڵیساندمەوە. موچڕکەی خۆشی سەرتاپای گیانمی داگیرکرد. ئەو هەموو خشڵ و ئەڵماسە، دڵی خۆش نەکرد، کەچی ڕەنگەکانی ئەم ژوورە خۆشی پێ بەخشی. گەر دەمزانی هەر لەیەکەمین ڕۆژەوە ئەم کارەم دەکرد. نهێنییەکان بە ڕێکەوت دەردەکەون. کلیلی ژوورەکەم داپێی و ویستم بڕۆم بە تەنیا جێی بهێڵم، بانگی کردم یەکەمین جاربوو بە ناوی خۆمەوە بانگی کردم، وتی سوپاس. دەرگاکەم داخست و قاچم زەوی نەدەگرت، بۆیە پاڵم دابە دیوارەکەوەو لە شوێنی خۆمدا دانیشتم. فرمێسکیش بە چاوەکانمدا هاتنە خوارەوە. خێرا فرمێسکەکانم سڕینەوە نەکا لەناکاوا یەکێ لە ژنەکانم ببینێ. چوومە ژوورەکەی سەلوا و لەسەر جێگەکەی خەو بردمییەوە. حوریە هات و خەبەری کردمەوە، زۆر بەترسەوە هەواڵی ئەوی لێپرسیم، داوام لێکرد کە سەلوا دەچێتە ئەو ژوورە کەس بێزاری نەکات. ئەو ژوورە لایەکی پەنجەرە بوو، دیوارەکانی بەڕەنگی مۆرێکی کاڵ بۆیەکرابوو، تاقمی کورسی جوانم لای پەنجەرەکەوە دانابوو، هەروا کۆمەڵێ گوڵی گەورەو ڕەنگاورەنگم لەسەر قەراغی پەنجەرەکان دانابوو. ئەمە جگە لە شوێنی نان خواردن و یەخچاڵێك، داواشم لێکردبوون کە بەردەوام پڕبێت لە خواردن ومیوە. ئەو تەنیا دڵی بەکەرەستەی وێنەکێشان خۆش بوو، بە وردی تەماشای ڕەنگەکان و هەموو ئەو جۆرە کاغەزانەی دەکرد کەبۆم کڕیبوو. ئەمە پرسیارێکی گرنگی لا دروستکردم" ئایا هەر یەك لە ئێمە دەزانیین چی دڵمان وا خۆش دەکات؟" گومانم لەوە هەیە هەریەکە لە ئێمە بتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە. خۆ گەر هەر یەکەو ئەو نهێنییەی بزانییایە، ئەوا هەموو ژیانی لە هەڵپەدا نەدەبوو. کەس لە دارستانی ژیان ڕێگەی وننەدەکرد.

زۆربەی کاتی لەو ژوورەدا دەبردە سەر. دەرگای لە کەس نەدەکردەوەو کە دەهاتیشە دەرەوە هەموو گیانی بۆیە بوو بەتایبەتی بۆیەی سوور. بە زۆر جلەکانیان پێدەگۆڕی و خۆ ئەو تەنیا میوەو سەوزەی دەخوارد. هەرگیز خواردنی دەستی ئەوانی نەدەخوارد. ترسێکی زۆری لە خواردنەکەی ئەوان هەبوو. منیش لەسەرەتاوە لەم نهێنییە نەدەگەیشتم. بەلامەوە گرنگە خواردن بەباشی بخوات، ئەمەش بۆ تەندروستی منداڵ گرنگە. ئەو خۆی هێندە گوێ بە خواردن نادات لەوە دەکات تەنیا بە هەوا بژی. دەڵێن ئەوەندەی دڵی بە بۆیەکانی خۆشە هێندە دڵی بە سکەکەی خۆش نییە. کەسێکیش نازانێ بۆ هەموو ڕۆژێ کە دێتە دەرەوە جلەکانی لە بۆیەی سوور هەڵکێشراون. بوار بە کەس نادات بچێتە ژوورەوە. هەر کە دێتە دەرەوە دەرگاکە بە کلیل دادەخات و کلیلەکە هەموو کات لەگیرفانەکەیدایە. حوریە زۆر هەوڵی داوە کلیلەکەی لێبدزی تا بزانێ بەدرێژایی ڕۆژ لەو ژوورەدا  خەریکی چییە. هێندە دەزانن دڵی لەجاران خۆشترە و هەندێ جاریش گۆرانی دەڵێت. ژنەکان بە ڕیز لە پشت دەرگاکەوە خۆیان دادەگرن، تا بزانن بەچ زمانێ گۆرانی دەڵێت، کەسیان ئەو مەتەڵەیان هەڵنەهێناوە. زۆرجارێش لەگەڵ خۆیدا قسەدەکات، ژنەکان دەڵێن هەندێ جار گوێیان لە دەنگی پیاوێکە. دەزانن هیچ پیاوێك توانای هاتنە ژوورەوەی نییە. بۆیە لەو باوەڕەدان کە دەنگی خۆی بگۆڕێ. ژنەکان دەڵێن ئەم ژنە شێتە و لەگەڵ جنۆکەدا دەژی.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، لە باخچەی ماڵەکەماندا دانیشتبووین، ژنەکانم دەورەیان دابووم و باسی سەمەرەی ئەو ژنەیان بۆ دەکردم، دەیانووت ئەم ژنە ئاسایی نییە. تەماشای کەسیان ناکات، گوێ بۆ کەسیان ڕاناگرێ. هەروەك کەس لەو ماڵەدا نەژی. بۆ منیش ئەو قسانە هێندە گرنگ نەبوون. ئەو ژنە ئارامی و هیوای بەمن دەبەخشی. بێدەنگیم تەنیا بۆ ڕازی کردنی ئەوان بوو، بڕیاریشم دابوو گەر زۆر بێزاری بکەن پێش منداڵبوون دەیبەمە وڵاتێکی تر. لەڕاستیشدا پلانێکی وام بەدەستەوەیە، هەر لە ئێستاوە هەوڵدەدەم کارەکانم وا ڕێکبخەم، کەنەبوونی من بۆ ماوەیەك ڕەوتی



کارەکانم نەوەستێنێ. ئەوان هەموویان لەدەورم کۆبوونەتەوە و وەك جارانیش شەرم لەیەك ناکەن، ڕاستە جارانیش پەیوەندییان هێندە خراپ نەبوو. بەڵام ئێستا دەزوو ناچێتە نێوانیانەوە. لەناکاوا هەستمان کرد ماڵەکەمان دەلەرزێتەوە. هەموو هەستاینە سەرپێ، خزمەتکارەکانیش هەموو ڕایان کردە حەوشەکە و تەواو تێکچووبوون. بوومەلەرزە.

بوومەلەرزە، بڕوام نەدەکرد، لە وڵاتی ئێمەدا بوومەلەرزە ڕووی نەداوە. دەرگاکەمان کردوەوەو ڕامانکردە دەرەوە. ئەمە هەر لەماڵی ئێمەدا ڕووی داوە، ماڵەکانی دەوروبەرمان هێمنە. بەبێ دەنگی چوینەوە ژوورەوە، چوینە قاتی سەرەوە، گوێمان لە قیژەیەك بوو پەنجەرەکانی لەراندەوە، ئەو کات زانیم کە ئەو دەنگە لەکوێوە دێ. لە دەرگاکەم دا، دەرگای بۆ نەکردمەوە. هاوارم کرد لێیپاڕامەوە. هەموو ژنەکانم و خزمەتکارەکان لە دەوری من کۆبببوونەوەو دەیانویست بزانن ئەم لەرزینەوە بۆ ڕووی داوە. داوام لێکردن بڕۆن، ماوەیەکی برد تا دەرگاکەی بۆکردمەوە. کۆمەڵێ وێنەی سەیر، تەنیا بەسەیرکردنی سامت لێدەنیشت. تەنیا بەوەوە نەوەستابوو، هەموو کاغەزەکان بەکاربهێنێ بەڵکو لەسەر لایەکی دیوارەکەش بە گەورەیی وینەی پیاوێکی کردبوو. جلی وام نەدیبوو، پانتۆڵێکی فراوان وسەریشی بە عەگاڵێکی سوور بەسترابوو، خەنجەرێکیش بە پشتووینەکەیەوە بوو. وا هەستم دەکرد ئەم پیاوەم لەشوێنێك بینیوە. هێندە گرنگ نەبوو. دەمویست بزانم هۆی لەرینەوەو ئەم گریانەی چییە. کۆمەڵێ وێنەی تری لەبەردەستدا بوو، سەیری دەکردن و  دەگریا و دەیقیژاند و قسەی دەکرد، دەتووت بۆ هەزاران کەس قسە دەکات، لەناکاوا  هەتا هێزی تێدابوو قیژاندی. قیژانێکی سەیر، بەلامەوە سەیر بوو ئەم دەنگە لە جەستەیەکی هێندە لاواز دەربچێتە دەرەوە و هەموو ماڵەکە بلەرێنێتەوەە. حوریە خۆی کرد بە ژووردا داوای لێکردم کە بێدەنگی بکەم ئەو لەبەر ئەوەی کە سکی هەیە نابێ هێندە بقیژێنێ نەکا سکەکەی لەباربچێ. منیش لەترسی ئەوە تا هێزم تێدابوو هاوارم کرد بەسەریدا، ڕاچڵەکی... وێنەکانی کۆکردەوە و خستنیە باوەشییەوەو خۆی خزاندە ناو سوچێکی

ژوورەکە. هەر لە پشت قەنەفەکەوە خۆی شاردەوە. بەبێ وەستان هەر دەگریا . بە هێواشیش هەر قسەی دەکرد، ترسێکی زۆریش بە چاوەکانییەوە دیاربوو حوریەم ناردە دەرەوە. ماوەیەك بەدیارییەوە دانیشتم و پاشانیش هەڵمگرت و بردمە ژووری نووستنەکە. تا بەیانی بە دیارییەوە دانیشتم، نەمن خەوم لێکەوت نە ئەو. ئەو شەوە هەستم بە قولآیی ئەو ئازارە دەکرد لە دەروونیدا هەڵکەنراوە. وەنەوز دەیبردەوە، لەناکاوا ڕادەچڵەکی و هەموو گیانی وەك شەقشەقە دەلەرزی، بیلبیلەی چاوی دیارنەما و کەف بە دەمیدا هاتە خوارەوە. ڕام وەشاند و نەمدەزانی چی لێبکەم، بانگم گرد، لەباوەشم گرت، چاوەکانی ئاسایی بوونەوەو گیانی کپ بوویەوە. چاوەکانی نوقان، وامزانی خەوی لێکەوتووە، دەستی کرد بە قسەو فرمێسکەکانی بە شێوەیەکی نائاسایی بەخوڕ بە چاویدا هاتنە خوارەوە . نەمدەزانی چیبکەم، منیش وەك ئەو لەبەرخۆمەوە قسەم دەکرد، ئاخر من لە زمانەکەی تێناگەم، کێ بدۆزمەوە، دەبێ کەسانێك هەبن لەم ولآتەی ئێمەدا لە زمانیان بگەن. چۆن بیاندۆزمەوە، باشترە یەخەی هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەم بگرم یان بگەڕێمەوە لای ئەو پیاوەی کەئەم کچانەی هەڕاجکرد، هەر هیچ نەبێ هاودەمێکی بۆ بدۆزمەوە، دەبێ کارێکی وا بکەم. من لەبەر خۆمەوە ئەم قسانەم دەکرد، کە وەئاگا هاتم هەستم کرد ئەو بێ دەنگبووە و گوێی بۆ شل کردووم، وا هەستیشم کرد لێم تێدەگات، لەبەرئەوەی سەرێکی بۆ ڕاوەشاندوم نیشانەی ڕەزامەندی پێوەدیاربوو، بە هێمنی و بەدەنگێکی کز پێم وت من ئێستا بە عەرەبی قسە دەکەم، تکایە پێم بڵێ لێم تێدەگەی، سەرێکی ڕاوەشاند و دەستێکی بادا، لەوە تێگەیشتم کە شتێ تێدەگات، حورییەم بانگ کرد ، داوام لێکرد کە یارمەتی بدات لە فێربوونی زماندا. تا ئەو فێری ئەم زمانەی ئێمە نەبێ ناتوانیین بزانین کارەساتی ئەم کیژە چییە. حوریە بە سەرسوڕمانەوە تەماشایەکی کردم، بە تووڕەییەوە وتی "بۆچیتە بزانی چی بەسەرهاتووە، تۆ دەتەوێ مندالێت بۆ دروستبکات. تۆ ئەمەت بۆ مندالْ هێناوە، چیتە خۆتت لێگۆڕاوە، بە درێژایی شەو بە دیارییەوە دانیشتی". تێگەیشتم حوریە گلەییم لێدەکات و لەوانەشە ئیرەبێت.



ئەمشەو سەرەی ئەو بوو، لای بخەوم، تەنانەت ئەوەشم لەیادچوو. "ببورە حوریەکەم ئەمشەو لەیادم چوو! ئەم ژنە باری زۆرخراپ بوو نەمدەوێرا بەجێی بێڵم، خۆت دەزانی منداڵی منی لە سکدایە. خۆت دەزانی ئەو هیوایەی کە کەس نەیتوانیوە وەدیبهێنێ بۆم، ئەم ژنە بۆم وەدیدەهێنێ. تکایە لێم ببوورە". کە سەلوا گوێی لەم قسانەی ئێمە بوو بە هەموو هێزی قیژاندی و لەسەر جێگەکە خۆی فڕێ دایە خوارەوەو بەهەموو هێزی بۆکسی لە سکی دەدا. هەردووکمان پەلامارماندا و دەستیمان گرت، باوەشم پیاکرد و توند توند نووساندم بە سنگمەوە، دەستم هێنا بەسەریدا و ماچم کرد. ئاگام لە حوریە نەما کە لامکردوەوە لەو ناوەنەمابوو. فرمێسکەکانم سڕییەوە، گەرمییەکی خودایی هەموو لەشمی داگرت، زەنگم لێدا دووپیاوە هیندییەکە خۆیان کرد بە ژووردا، هاوارم کرد خواردنمان بۆ بێنن، چا ، هەموو شتێ، چی خۆش هەیە لەم ماڵەدا. ڕایان کردە دەرەوە. زۆر ژنم ماچ کردووە، بەلآم ماچی ئەم ژنەم لەزەت و گەرمییەك دەدا بەدەروونم، ماچەکانی جارانم تەنیا وەك تەواوکەری پرۆسەیەکی سێکسی بوو. کە سەرم بەرزکردەوە چاوی تێبڕیم. نیگاکانی وەك بروسکە جەستەی داگیرکردم. تووڕەییەکی سەیرم تێدا بەدی دەکرد. "ببوورە، من مەبەستم نەبوو، بریندارت بکەم خۆشەویستەکەم". دیارە لە وشەی خۆشەویستەکەم باش تێگەیشت، پالێکی ناپێمەوە لەسەر سك پالکەوت و بەردەوام هەنیسکی دەدا، هەڵمگرت و لە سەر جێگاکە دام نا، بە هێمنی دەستم بە سەری و دەموچاویدا دەهێنا. ئەمجارەیان لە دڵی خۆمدا دەمووت "خۆشەویستەکەم، من تۆم خۆشدەوێت، خۆشم نازانم بۆ تۆم خۆشدەوێت، لەبەرئەوەی ماوەیەکی ئەوەندە زۆرە چاوەڕانت دەکەم، بڕوام پێدەکەیت پێش ئەوەی بتبینم دەمزانی شێوەت چۆنە، دەمزانی پەری ئاسا ژیانم پڕدەکەی لە ئارامی و ڕووناکی". تا ئێستاش بە ئاگایی ماچی نێو دەمی هیچ ژنێکم نە کردووە، کەچی زۆر حەزمدەکرد ماچی لێوانی بکەم، بەلآم نەمدەوێرا. دەترسام لەوەی پالێکم پێوە بنێ. خواردن هات. مێزەکەم خستە بەردەمییەوە، خاولییەکی تەڕم هێنا دەموی چاویم سڕی، دەستەکانیم سڕی. تا ئێستا ئا بەم شێوەیە خزمەتی هیچ ژنێکم نەکردووە، بە ڕەزامەندییەکەوە سەیری کردم. "خواردنەکەش دەکەم بە دەمتەوە، بۆ

نازانی ئێستا منداڵە بچوکەکەمان برسییەتی، ئەوە منداڵی من و تۆیە، هەردووکمان بە خێوی دەکەین، دەچینەوە بۆ وڵاتەکەی تۆ، بەس بزانم خەڵکی چ وڵاتێکی خاکەکەشی ماچ دەکەم". مخابن لەوەی دەکرد لەم قسانەم نەدەگەیشت، لەبەر ئەوەی هەستم نەدەکرد هێڵەکانی دەمووچاوی بگۆڕێن. خواردنەکەمان پێکەوە خوارد، باش نانی خوارد، بەستەزمانە دەڵێی ساڵێکە نانی نەخواردووە. لەمەودوا هەوڵدەدەم هەر خۆم نانی لەگەڵ بخۆم. وای لێهات کە زۆربەی کات لەگەڵ ئەودا بەسەرببەم. ئەمە ژنەکانمی زیادتر تووڕە دەکرد. لەوە دەترسام ڕۆژێك شتێکی لێبکەن. ژنەکانم زیاتر لە جاران ڕێکبوون، هەندێ جارکە دەهاتمەوە لە مشتومڕدا بوون. ترسی ئەوەم هەبوو پیلانێك لە ژێر سەریاندا بێ. هەوڵم دەدا شتی زیاتریان بۆبکرم پارەیەکی زیاتریان بخەمە بەردەست بۆ ئەوەی سەرنجی سەلوا نەدەن. بەڵام بێ کەڵك بوو لەبەر ئەوەی دەیانزانی ئەو کیژۆڵەیە دەروونی و هۆشی منی داگیرکردووە. لەگەڵیان دەبم بەڵام هەستم لای ئەوە. خۆ ئامۆزاکەی خۆم لەهەموویان زیاتر ڕقی لێیدەبێتەوە. گەر بەڵێنی پێبدەم کە یەکەم منداڵی ئەو ژنە بۆ ئەو دەبێت، لەوانەیە باشتر بێت، چونکە حوریە بوونی منداڵ ئەوەندە بەلایەوە گرنگ نییە. نازانم چیبکەم. سەرم لێشێواوە. دەڵێی لەگەڵیدا بڕۆم بۆ وڵاتێکی ترو نەیەمەوە تا منداڵی دەبێت. خۆ ماوەیەکی زۆریشە بیر لەم چارەسەرە دەکەمەوە، دوو دڵم. هێندە بیرم لەم مەسەلەیە کردووەتەوە گێژبووم، هەر ڕۆژێ بڕیارێك دەدەم. چەند جارێ بیرم لە برا گەورەکەم کردووەتەوە کە ئەو ماوەیەك کارەکانی من بگرێتە دەست. لەوەش دوو دڵم، لەبەر ئەوەی ئەو شارەزایی لە کارەکەی مندا نییە هەر سەریشی لە کۆمپیوتەرو ئەو دەزگایانە دەرناچێت. لەم وڵاتەدا منداڵی خۆشت دزیت لێدەکات. ببورن مێشکی ئێوەشم بە گرفتێکەوە خەریك کردووە کە خۆشم بۆم چارەسەر ناکرێ. گەر لێرەش بم لە نێوان ئەم کێشمە کێشمەی ژنەکانم و نیگەرانیم بۆ سەلوا توانای بیرکردنەوەم نامێنێ. شتێکی تریش هەیە کە هێشتا باسم نەکردووە ئەوەیە کە زۆر شتی ئەم ژنە هەیە خەونەکانم وەبیردەهێنێتەوە. پاش هاتنەوەم لە ئەمریکا بەهیچ جۆرێ خەونی لەو بابەتەم نەبینیووە. بەڵام خەونەکانم زیندوو بوونەتەوە و پانتایی مێشکم داگیردەکەن.



**خەون:**

ئەم پزیشکە تازەم زۆر بەدڵ بوو، زۆر بەوردی گوێی بۆ دەگرتم و پرسیاری وردی لێدەکردم. هەندێ جار وەك لێکۆڵەرێك دەهاتە پێش چاوم و ئەو شتانەی کە دەمگێڕانەوە تۆماری دەکردن و لەهەمان کاتدا لای خۆی دەینووسییەوە. جاری داهاتوو دەیخەواندم و ئەو شتانەی بۆم باسکردبووە بۆمی دەگێڕایەوە. زۆربەی جارەکان دەگریام. پاشان خەبەری دەکردمەوەو تەواو ماندوو دەبووم، ئەو جارانە هەستم دەکرد ئەو ڕووداوانە لە من ڕووی نەداون بەڵکو لە خەڵکانی تر. ڕووداوەکان لە دەرەوەی خۆم دەبینین. لەهەمان کاتدا هەستم بە بارسووکی دەکرد و هەموو ماسوولکەکانی گیانم خاودەبوونەوە. هەنگاوەکانم ماندوویان نەدەکردم و وا هەستم دەکرد بە سەرئاودا هەنگاوهەڵدێنم.

چاوەکانت بنوقێنە خۆت خاو بکەرەوە، هەناسەی قوڵ بە لووت هەڵکێشە... هەناسەکە لە دەمتەوە بدەرەوە. هەتا دە دەژمێرم، کە وتم دە تۆ خەوتووی. ئێستا تۆ خەوتووی گوێ لە قسەکانی من دەگری. شەوێکی تاریکە و لە ڕێگەیەکی بیاباناوی ڕیزە زیلێکی عەسکەریی دەبینی، ژنەکان بەجیا و پیاوەکان بەجیا، تۆ نازانی ئەوە چەند کاتژمێرە بەڕێوەن. تۆ نازانی بۆ کوێیان دەبەن. بەلای تۆوە گرنگە چییان لێدەکەن. نزیك کەوتیتەوە لە زیلەکان، گوێت لە گریانی ژن و منداڵە. منداڵەکان تینوو و برسیین. هاواری نان و ئاو دەکەن. دایکەکان نازانن چی بەمنداڵەکان بڵێن، دایکێك مەمکی خستە دەم منداڵێکی شەش ساڵان، "دەی تۆش چۆڕێ شیری براکەت بخۆرەوە". منداڵان بە ریز وەستان. شیرەکەی بەشی هەموویان ناکات، هەریەکە دەبێت مژێك لە مەمکی بدات. بۆ ماوەیەك منداڵەکان بێدەنگ بوون. لە دوورەوە بۆنی میزو گوو دەهات.

لەیەکێ لە زیلەکانەوە هاوارو قیژەی ژنێك بەرزبوویەوە، خۆتت گەیاندە ئەوێ، بینیت ژنێکی سکپڕ ژان دەیگرێ. ئەم ژنە منداڵکاربوو، پانزە ساڵێ تەمەنی بوو. ژنانی تریش دەورەیان لێداوەو نازانن چی بکەن، هاوار دەبەن بۆ عەسکەرەکان کە لە

شوێنێکدا بووەستن. کەس گوێیان بۆ ناگرێ و بەردەوامن. لەناو ژنەکاندا مامانێکی تێدا نەبوو، ڕاستە هەموویان چەند منداڵێکیان بووە و دەتوانن یارمەتی بدەن، ئەی ناوکی منداڵەکە بەچی ببڕن و بە چی بیپێچنەوە. منداڵەکانیش لە ترسی هاواری ژنەکە زراویان چووبوو. دایکەکان داوایان لە منداڵەکان دەکرد چاویان بنووقێنن. ڕووبکەنە لایەکی تر. هێندەی نەبرد منداڵەکە لە دایك بوو. لەو کاتەدا کوڕێکی پێنج ساڵان هاتە پێشەوەو لە گیرفانی قەڵەم بڕێکی دەرهێنا و دای بە دەست یەکێ لەو ژنانەوە کە لە تەنیشت دایکەکەوە دانیشتبوون. ژنێکی تریش سەرپۆشە سپییەکەی لەسەری کردەوەو وتی من لەبەرخودا ئەم سەرپۆشە سپییەم بەسەرمدا داوە. لەوەش ناکا خودا هەبێت، گەر خودا هەبووایە ئەمەی قبووڵ نەدەکرد، بۆیە ها ئەم سەرپۆشە سپییەی منی لێ بپێچن. با سەرم تا مردن ڕووت بێت. سەرپۆشە سپیەکەیان لە منداڵەکە پێچا و خستیانە باوەش دایکییەوە. ژنان وتیان دەی مەمکی بدەیە تا شیر بزێتە مەمکتەوە. کۆرپەکە مەمکی دایکی مژی و بەری نەدەدا. ئەمجار منداڵان دەورەی ئەو دایکەیان دا تا بەشی ئەوانیش شیر بدات. هێندەی نەبرد مەمکی لە دەم کۆرپەکەی دەرهێناو وماچێکی ناوچاوانی کرد و وتی ببوورە ڕۆڵەکەم ببوورە. هەستاو ئەو چادرەی کە دواوەی زیلەکەیان پێگرتبوو هەڵیدایەوە و منداڵەکەی فڕێ دایە دەرەوە. ئەمەی هێندە بە پەلە کرد، کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کارێکی لەم بابەتە بکات تا ڕێگای لێبگرن. کەس فزەی لێوە نەهات و هەریەکە لە جێی خۆی مت بوو. منداڵەکان بەترسەوە تەماشای دایکیان دەکرد و هەموو خۆیان خزانە سوچێکی زیلەکەوە. تۆش نەتتوانی هیچ بکەی. دەتویست منداڵەکە بگریتەوە نەتتوانی، ویستت منداڵەکە بدۆزیتەوە، نەتتوانی، زۆر تاریك بوو، سەیر ئەوەبوو گوێت لە دەنگی گریانی منداڵەکە نەبوو تا بەدەنگیدا بیدۆزیتەوە. لەناکاوا گریانی ژنەکە وەئاگای هێنایتەوەو گەڕایتەوە بۆ زیلەکە. ژنەکە دەگریا و ئەوانی تریش بۆیان دەسەندەوەو منداڵەکانیش هێندەی تر ترس لە چاوانیاندا دەبینرا. ویستی خۆشی فڕی داتە خوارەوە، ئەمجارەیان دەستیان گرت و نەیانهێشت. ناو زیلەکەش هەموو بووبوو



بەخوێن، ئەمجارەیان بۆنەکان واتێکەڵ ببوون بۆنێکی تازەیان لێ دروست ببوو. چەند منداڵێ ڕشانەوە. خێراتر زیلەکەیان لێدەخووڕی. لەوەی دەکرد شۆفێرەکان پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتربکەن. زوو زووش لایان لێدەکردنەوە دەستیان دەکرد بەپێکەنین. هەستیان کرد زیلەکە لە ڕێگا ئاساییەکە لای دا، هەموو ناوسکیان هاتەخوارەوەو کەوتنە ڕشانەوە. هیچ کەسێك لەوانە هەموو تەمەنیان هێندە سواری سەیارە نەببوون. زیلەکانی تر بەردەوام بوون، تەنیا ئەمەی ئەمان لە ڕێگا لای دا. پاش ماوەیەك لە دوورەوە ڕووناکییەکت بینی. زیلەکە لە ڕووناکییەکە نزیك بوویەوە. زیلەکەیان وەستان، چادرەکەیان لادا، هەموویانیان هێنایە خوارەوە. کەس پێش چاوی خۆی نەدەبینی و بەسەر یەکدا کەوتن، بەرەو ڕووناکی بلدۆزەرەکە چوون، هەموو خل بوونەوە ناو ئەو چاڵە قووڵەی کە بلدۆزەرەکە ئامادەی کردبوو. لەسەرەتاوە وایان زانی بەهەڵە کەوتنە ناو ئەو چاڵەوە بۆیە ویستیان بێنە دەرەوە. عەسکەرەکان دەوری چاڵەکەیان گرت، هەریەکە بەرەو سەرەوە بهاتایە بە لەقە پاڵێکیان پێوە دەنا. ژنەکان ئیتر زانییان مەسەلەکە چییە، بەڵام هێشتا منداڵەکان تێنەدەگەیشتن. هەردایکەو بانگی منداڵی خۆی دەکرد و دەیخستە باوەشی خۆیەوە و خۆی بەسەریدا دەچەماندەوە. ژنەکەش لەبەر خۆیەوە دەیوت باشبوو فڕێم دایە خوارەوە. لە پڕێکدا لەهەموو لایەکەوە گوللەباران کران و هەموو بەسەر یەکدا کەوتن. بلدۆزەرەکە کەوتە کار و خۆڵی بەسەریاندا کرد. ئەم ڕووداوە تۆی هەژاند، نەتدەزانی چیبکەی. دەتزانی چوار ژن و پێنج منداڵ نەمردبوون. بەو هیوایە بووی کە هیندە خۆڵ نەکەن بەسەریاندا تا تۆ بتوانی ڕزگاریان بکەی. بلدۆزەرەکە هەر بەردەوام خۆڵی دەکرد بەسەریاندا و ئیتر هەموویان لە نوزە کەوتن. تۆش هیوات بڕا. بەدەم هەنیسکدانەوە گەڕایتەوە بۆ دواوە بەو هیوایەی کە منداڵە کۆرپەکە بدۆزیتەوە. شەو تەواو تاریك بوو، چاوت نەیدەبینا. بڕیارت دا دوای بۆنی خوێن بکەوی. منداڵەکەت دۆزییەوە. منداڵەکە نەمردبوو، پەنجەیەکی خۆی دەمژی. نەتوێرا دەستی بۆ بەری، چۆن نەمردووە، ئەوکات زیلەکە زۆر خێراتر بوو. لەو کاتەدا سەگێکی کێوی هات و لە منداڵەکە نزیك

کەوتەوە، تۆش دوور کەوتیتەوە. منداڵەکەی بە کەڵبەکانی هەڵگرت و لەوناوە دوور کەوتەوە. سەیر لەوەدابوو منداڵەکە بەهیچ جۆرێ نەگریا. کە خەبەرت بوویەوە بیرت لەوە دەکردەوە کە سەگەکە منداڵەکە بەخێودەکات و بە شیرەکەی خۆی گەورەی دەکات. شتی وا زۆر ڕوودەدات. تۆ ئاواتە خوازبووی ئەمە ڕووبدات. هەر شەوێکیش کە دەخەوتی دەتویست خەون بەو منداڵەوە ببینی. کەچی جارێکی تر خەونت بەو منداڵەوە نەبینی، بەڵام خەونت بە زۆر منداڵی ترەوە بینی. ئێستا لە ژمارە دەوە بۆ یەك دەژمێرم کە دەگەمە یەك چاوەکانت دەکەیتەوە. چەند هەناسەیەکی قووڵ وەرگرەوەو بیدەرەوە. وا هەست بکە لێشاوێکی ڕووناکی لە سەرتەوە دێت و بەهەموو ئەندامانی لەشتدا تێدەپەڕێ. هەردووکمان زۆر گریابووین. بەتایبەتی من، هەنیسکەکانم ڕێگەی نەدەدام بە ئاسانی هەناسەبدەم. دیمەنی ئەو منداڵە تا ماوەیەکی زۆر لەپێش چاوم ون نەدەبوو. بەردەوام لەگەڵیدا دەژیام.

## گەڕانەوە بۆ ژیان:

ماوەیەکی باش بەدوای ژنە ڕووسەکەدا گەڕام. هەریەکەو شتێکی دەوت. پاش هەواڵ پرسین بۆم دەرکەوت بەرەو هیندستان ڕۆیشتووە. لای ئێمە خەڵك بەرەو حەج دەڕوات تا گوناهەکانی خۆی بشواتەوە. دیارە ئەمیش چووەتە ئەوێ تا لەناو بودیستەکاندا و تۆز و خۆڵی ئەو چەند ساڵە لە ڕۆحی خۆی بتەکێنێ و بەرگێکی نوێ وەبەرخۆی بکات. خۆ لەوانەشە بچێت ئەو پارەیەی لێرە دەستی دەکەوێت لە هندستان بەسەر هەژاراندا دابەشی بکات. تازە تەواو من ئەو نابینمەوە باشترە لەوە زیاتر بیرلەو نەکەمەوە. دەبێت ڕێگایەکی تر بدۆزمەوە. بیرم لە هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکەم کردەوە. ئەو هەر هیچ نەبێت بە ئاسانی دەیدۆزمەوە. ماوەیەکی زۆر پێکەوە دانیشتین، لە سەر زۆر شت قسەمان کرد. دەمویست ڕەوتی باسەکە بگۆڕم سەری پەتەکە بگرم بەرەو ئەو باسەی ببەم کە خۆم مەبەستم بوو. بەڵام بەداخەوە نەمتوانی لە ڕۆژنامەنووسێك ببەمەوە. بەرەو ماڵەوە ملی ڕیگام گرت. دڵم تەواو تەنگ بوو.



وەك بروسکە بیرۆکەیەك بە مێشکمدا هات. بۆ نەچمە لای ئەو پیاوەی کە ئەم کچانەی فرۆشت. لەوانەیە ئەو شتێك بزانێ. بۆیە بڕیارم دا بچمە لای ئەو، بەڵکو هەواڵێکم دەستبکەوێ یان کەسێکی ئەو نەتەوەم دەست کەوێ تا بیکرم بۆ ئەوەی ڕۆژانە کە خۆم لەوێ نەبم ئاگاداری بێت، هیچ نەبێ زمانەکەی دەزانێ.

تەلەفۆنێکی بۆکرا. دەمووچاوی گرژکرد، دەمەقاڵەیەکی زۆر ڕوویدا. تەلەفۆنەکەی داخست و وتی "ئەم خەڵکە چەند لە خەرافاتدا دەژین. ئەمە سێهەمین کەسە ئەم کچەم دەدەنەوە بەسەردا. ئێ خۆ بیکەنە قوربانی گوللەیەك. کەس ناوێرێ، با بیهێننەوە بۆ خۆم نەجاتی دەدەم. دەزانی دەڵێ چی، دەڵێ ئەو کیژە زۆر دڕەو لەوەتی ئەو هاتووەتە ماڵەکەیان کەس هەست بە خۆشی ناکات و زۆربەی کات نەخۆشن، جەنابی دەیەوێ بزانێ ئەم کچەم چۆن دەستکەوتووە. دەڵێ ئەم کچە لە ڕەچەڵەکی شەیتانە. لەوانەشە ڕاست بکات، هەربۆیە دەیانەوێ بنەبڕیان بکەن. ئەرێ ئەو کچەی تۆ کڕیت چۆنە. خۆ خەڵکی هەمان شوێنن، ناشێ تۆش بۆ ئەوە هاتبێتی کە بتەوێ کچەکەم بۆ بگەڕێنیتەوە". "نا من هاتووم کچێکی ترت لێبکڕمەوە. تەلەفۆنی بۆ بکە هەر ئێستا بیهێنێ من لێی دەکڕمەوە. بەچەندی کڕیوە بە هێندە لێدەکڕمەوە". لە خۆشیدا نەمدەزانی چی بکەم. ئەویش سەری سووڕما، لێم تێنەگەیشت، لە کاتێکدا من گوێم لە هەموو ئەو شتانە بوو کە ئەو باسی کرد. "ئەمانە ویژدانیان نییە. کچێکی تابلێی زیرەکە، دەست دەکات بە چاوی ماردا، فێری عەرەبییەکی باشبووە، بەڵام زۆر بێ شەرمە. کەس چاری ناکات". بۆ من ئەمانە هیچی گرنگ نەبوون، لەوانەیە باشتر بێت، بتوانێ ئاگاداری سەلوا بێت و ژنەکانی ترم نەوێرن بەلایدا بچن. جووڵەم نەکرد تا ئەو پیاوە کچەکەی هێنا، ویستم پارەی بدەمێ، کەچی پێکەنی وتی "من قەرزارباری تۆم. کوشتنی شەیتانێکت لەکۆڵ کردمەوە". کیژەکەش بە پێکەنینێکی پڕماناوە سەیری کابرای کرد و ڕووی کرد و بەودیودا. ئەم کیژە باڵابەرزێکی ئەسمەری چاو ڕەش بوو. پرچی کورت کردبووەوە. هەموو گیانی ڕقی لێدەباری. لە بەرماڵەکەی سەر شانی هیچ شتێکی تری پێنەبوو.

تەماشایەکی کردم هەروەك بڵی ڕاوەستە بۆم، هەڕەشەی نیگاکانی کاری تێنەکردم. بەلامەوە گرنگ نەبوو. بە ڕێگاوە باسی ئەوەم بۆکرد کە من ئەوم بەچ مەبەستێك کڕیوە. هێمن بوویەوە. بردمە بازاڕ بە ئارەزووی خۆیٚ جلی هەڵبژارد. زۆر وریا دیاربوو، زۆر بەباشی فێری زمانەکەمان بووە. ئەمە بۆ من زۆر باشە. تەنیا گرفتیٚ ئەوەبوو هەڵوێستی ژنەکانم چۆن دەبێت. دڵنیام دەڵێن بە یەکیٚ ڕازی نەبوو کردی بە دوان. خێرا بۆیان روون دەکەمەوە کە ئەم کچە تەنیا وەك خزمەتکارێك دەبێت. ژنەکانم ئەمەیان بینی تەواو حەپەسان. ئەویش کۆمەڵێ کیسی جلی بەدەستەوە بوو دیاریش بوو کە تازە کڕیوویەتی. بەبیٚ منەت و بە لەنجەو لارەوە خۆی کرد بەژووردا وەك ئەوەی خۆی خاوەن ماڵ بێت. بە پەلە پەلی هەرسێکیانم گرت و چووینە دەرەوەو بە ئەسپایی پێم وتن" ئەمەم هێناوە تەنیا بۆ ئەوەی ئاگای لە سەلوا بێت. ئەو زۆر شەرمنە، گرنگ ئەوەیە منداڵەکەی بە ئاسانی ببیٚ. ئەو لەگەڵ ئێوەشدا هەر ڕانەهات و فێری زمانەکە نەبوو". حوریە لەولاوە هات و بە نازێکەوە بەرەو لای کچەکە ڕۆیشت و "وتی یەك منداڵ نییە سیٚ منداڵە، هەر یەکە منداڵێکمان بەر دەکەوێت". کچە لەمە سەری سوڕما و بیٚ دەنگ بوو. ژوورێکیان بەتەنیشت ژوورەکەی سەلواوە بۆ ئامادەکرد. بڕیارم دا پێش ئەوەی بیبەمە لای سەلوا هەندیٚ شتی بۆ ڕوون بکەمەوە، چوومە ژوورەکەی، هەر کە دەرگاکەم کردووە ڕاچڵەکی و بە ترسێکەوە پشتاوپشت گەڕایەوە دواوە. تینی دایە بەرخۆی وەك ئەوەی خۆی ئامادە بکات پێمدا بکێشیٚ. خێرا وتم "مەترسە هیچیت لێناکەم. نەمن نە کەسێکی دی لەمماڵەدا ئازارت نادات. هەر کەسیٚ ئازارت بدات پێم بڵیٚ. من تەنیا پیاوێکی ئەم ماڵەم. ئەوانی تر ئیشکەرن. بۆیە هەریەکە لەوانە بیەویٚ توخنت بکەویٚ، من خۆم دەزانم چییان لێدەکەم. خۆ لەڕێگە بۆم باسکردی، درۆت لەگەڵدا ناکەم. کیژێکی وڵاتەکەی ئێوە لای منە و من مارەم کردووە، ئێستاش سکی پڕە، هەروەك حوریە وتی سکی بە سیٚ منداڵی منەوە پڕە. جا ترسی ئەوەم هەیە کە ژنەکانم ئازاری بدەن. تۆ لێرەی بۆ ئەوەی ئاگات لێبیٚ و لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتی بدەی. بە ژنەکان و



خزمەتکارەکانیشم دەڵێم کە کەس قسەت لەڕووتدا نەکات. هەروەك پێم وتی ئەو زمانی عەرەبی نازانیٚ و دەمەویٚ هەموو ڕۆژیٚ خۆت بەدەستی خۆت خواردنی بۆ ئامادەبکەیت". دیاربوو ئەمەی زۆر پێخۆشبوو. هەندیٚ پارەشم پێدا ، پارەکەی خستە گیرفانییەوە. دەرگای ژوورەکەی سەلوام بۆ کردەوە. ئەو وەك فریشتەیەك خەوی لێکەوتبوو. ناوێکی تازەت بۆ دەدۆزینەوە باشە. یەکسەر وتی لەیلا. زۆر چاکە ناوێکی خۆشە ئەویش ناوی سەلوایە. سەرێکی ڕاوەشاندو وتی نا ناوی پەرییە. باشە تۆ پێی بڵیٚ پەری و ئێمەش پێیدەڵێین سەلوا، ئەو ناوە تۆزیٚ گرانە بۆ ئێمە. سەرێکی ڕاوەشاندو بە چاوێکی پڕ بەزەییەوە سەیری سەلوای کردو لایەوە دانیشت. منیش بەجێمهێشتن. فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە، نەی دەناسی، دڵنیایە لەوەی کە ئەمیش یەکێکە لەو کچانەی کە وەك ئەم فرۆشراون.

لە یەکیٚ لەو کچانە دەکات کە لەگەڵ ئێمە بوون، لەوانە بێت خزم بن. ئەو کچە زۆر بێدەنگ بوو، هەموو دەگریاین و ترسێکی زۆر لە دڵماندا بوو. ئەو تاقە کەسێك بوو کە هیچی بەخەیاڵدا نەدەهات هەروەك مێشێك میوانی نەبوویٚ. لەناو ئەو هەموو کچانەی لەگەڵماندا بوون، تەنیا یەك کچم دەناسی کە لە گوندێکی نزیك شارۆچکەکەی ئێمە بوو، ئەوەی سەیر بوو کە سەیرم دەکردن هەموویان زۆر جوان بوون، لەتەمەنی سیانزە ساڵەوە تا تەمەنی هەژدە ساڵ، من لەوانەیە لەهەموویان گەورەتربم. ئەوانە فریای ئەوەش نەکەوتن کە خوێندن تەواو بکەن. من هیچ نەبیٚ ساڵێك فریا کەوتم کاربکەم. زۆر جار بیرم لەوە دەکردەوە لەسەر چ بنچینەیەك ئێمەیان هەڵبژاردوە، هەر جوانییەکەیە یان شتێکی تر ڕۆڵی هەبووە. هەر زوو لە کەس و کارمان جیاکراینەوە. تەنانەت سواری زیل نەبووین وەك ئەوانی تر بەڵکو پاسی تایبەتیان هێنا بۆمان. هەمووبە ترسێکەوە سەیری یەکترمان دەکرد و کەس نەیدەوێرا دەمی بکاتەوە. هەریەکە کۆمەڵیٚ پرسیار لەدەم و چاویدا دەخوێندرایەوە. دوو پاس هات، چاویان بەستینەوەو کراین بە دوو بەشەوە، هەر بەشەی سواری پاسێك کرا. ماوەیەکی زۆر لەناو پاسەکەماینەوە. پاشان پاسەکەی ئێمە ڕۆیشت. نەمزانی چەند

کاتژمێر بە ڕێگەوە بووین. زۆربەمان خەومان لێکەوت، برسیمان بوو میزمان پێڕانەدەگیرا. زۆربەی ئەوانەی بە درێژایی سەفەرەکە لەگەڵماندا بوون کوردبوون. هەندێ جار جنێوویان بەو کچانە دەدا کە میزیان بەخۆیاندا کردبوو. لە شوێنێك پاسەکەیان وەستان. دەست و چاویان کردینەوە. تروسکایی ڕووناکی نەدەبینرا. تاریکییەکی سامناك باڵی بەسەر ئەو ناوچەدا کێشابوو، نەمان دەزانی ئێمەین چاومان نابینێ یان دنیا وا تاریکە. گوێمان لە کردنەوەی دەرگایەك بوو. بەڕیز وەستاین. هۆڵێکی گەورەبوو جێگەی تێدا داخرابوو. داوایان لێمان کرد بچین دەمووچاومان بشوێن، گوایە خواردنمان دەدەنێ. منیش بەلامەوە سەیر بوو، لەولاشەوە پیاوێکی کورد هات وتی سیدی دەڵێت کە نابێ لاقەی هیچ یەکێك لەم کچانە بکرێ. دەبێ خواردنی باشیان بدەنێ و جێگەو ڕێگەی باشیان هەبێ تا دەگەن. سەرم سوڕمابوو، گەر ئێمە بۆ مردن دەبەن بۆ دەبێ ئەم ڕێزەمان لێبگیرێ. هەرچەندە کە سەرۆك جاشەکە بە باوکمی وت کە دەمانبەنە شوێنێکی باشتر کە مەترسیمان لەسەر نەبێت و ژیانمان باشتر دەبێت. گەر وابێ بۆ هەموومانیان لێك جیاکردەوە پیاو و کوڕ بە جیا ژن و منداڵ بەجیا، بەشێکی زۆری کچەگەنجەکانیشیان جیا کردەوە. ئەو کاتە ئەو خەڵکە وا سەری لێشێوابوو کەس نەیدەزانی چی بڵێ و چۆن لێکی بداتەوە. هەندێ دەیان وت زیندەبەچاڵمان دەکەن، هەندێ دەیانووت دەیدەینە دەست خوا، خوا چی لەچارەمان نووسیبێ هەر ئەوەیە. هیچ کاتێ ئەو پرسیارەمان لە خوا نەکرد بۆ ئەبێ چارەنووسێکی وامان بۆ نەخشکرابێ. دەبێ ئێمە پەراسوویەکمان لە خەڵکی تر کەمتر بێت. ئەبێ ئەمە چ خوایەك بێت وا چارەنووسێکی تاریکی بۆ ئێمە نووسیبێ. ئەو کات نەمدەوێرا بیر لە شتی وابکەمەوە. ئێستا پاش ئەم هەموو کارەساتەی کەلەم ماوەکورتەی تەمەنمدا بینومە، پەشیمانم لەوەی پانزە ساڵی تەمەنم نوێژو ڕۆژووم گرت. بیرم نایە تەمەنم چەند ساڵ بوو دەستم بە نوێژکرد. کە داوام لە دایەگەورەم دەکرد فێری نوێژم بکات گاڵتەی لێدەهات. بە چەند جارێ هەموو ئایەتەکانم لەبەرکرد. کە دەیان بینیم لەسەر بەرماڵەکە دانیشتووم دەستم بۆ سەرەوە



بەرزکردۆتەوەو دوعادەکەم، دایەگەورەم پێی دەوتم کچم پێنەگەی هێشتا بۆنی شیر لەدەمت دێت نوێژی چی دەکەی. با گەورەبیت بزانم چۆن واز لەم بەزمەت دەهێنی. نەنکم ڕاستی نەکرد تەنانەت تاقە شتێك کەلەگەڵ خۆمدا هێنام لەماڵەوە بەرماڵەکەم بوو. جاشێك ویستی بەرماڵەکەم لێوەرگرێ، دەستی گلاویم ماچ کردو وتم لەڕاهی خودا با لەگەڵ خۆمد بیبەم. هەر لە منداڵییوە لەسەر ئەم بەرماڵە نوێژم کردووە. سەرم ڕۆشتبێ نوێژم نەڕۆیشتووە. دەمزانی گاڵتەی بە عەقلم دێت، ئەو کات ئەوە گرنگ نەبوو لای من، بەرماڵەکەم لەهەمووی گرنگتربوو. گەر دەمزانی خوا ئەمەی لەچارەنووسم نووسیبوو، ئەو هەر ئەو کاتە بەرماڵەکەم دەسووتان. لەوەتی گەیشتومەتە ولاتی لم نوێژم لەسەری نەکردووە، سەیر ئەوەیە ئەم بەرماڵە بووەتە هاودەمم و لە هەموو تەنگانەیەکدا فریام دەکەوێت و تەنانەت وەك پەردەیەکی سیحریی لێهاتووە. مەگەر لە فرسەتێکی تردا باسی بکەم. هەندێ جاریش دەڵێم لەوانەیە لەبەر ئەوەی ئەوەندە نوێژم لەسەرکردووە هەناسەکانیشم دەناسێ، ئەوەندەش دوعام لەسەرکردووە ڕۆحم پێدا کردووە. ئەی تۆ کیژێ بەرماڵت لەگەڵ خۆتدا نەهێناوە، ناویشیان گۆڕیووی بۆسەلوا. تۆ لەگەڵ ئێمەدا نەبووی. شێوەت دەکەم بەلام وابزام لەگەڵ ئێمەدا نەبووی. ئەوە خۆی جولان دەی هەستە پەرییەکە، نازانم خوا تۆی بۆ هێناوەتە سەر ئەم دۆزەخە. لەبەهەشتەکەی خۆیدا تۆی بهێشتایەتەوە باشتربوو. دەمێکە بیر لەوە دەکەمەوە، ژیانی ئەم سەرزەمینە ئەو دۆزەخەیە کە خوا مەبەستیەتی. ئەوەی ئێمە تێدا دەژین سوتانی ڕۆحە لە ئاگردا. کەسێك نییە لەم دۆزەخەدا هەست بە ئارامی بکات. تەماشای ئەم پارەدارە ورگ زلانەی ئێرە بکە، هێندە پارەیان هەیە نازانن چی لێبکەن. کۆشکەکانیان بەرەو ماڵی خودا دەکشێ، نازانی سەیری چیبکەی لە ماڵەکانیاندا، کەچی لە چاوەکانیان لە سەرگەردانی زیاتر هیچ بەدی ناکەیت و دەڵێی لە جەنگەڵدا ڕێگەیان ونکردووە. هەریەکە چەند ژنێکی هەیە و شەوان لە ئوتێلەکانی شاردا لەباوەش کچە چاوشین و قژکاڵەکاندا بەسەردەبەن.

لەدەرگا درا، خاوەنماڵ هاتە ژوورەوە، ئەم زۆر جیاوازەو لە پیاوانی ئەم لمستانە

ناکات، تەنانەت کە دێتە ژوورەوە لە دەرگا دەدات. تەماشایەکی سەلوای کرد. ئەو خەوتبوو، لەناکاوا ڕاچڵەکا. ئەویش پشتاو پشت گەڕایەوە دواوەو دەرگاکەی بە هێواشی داخست. دەبێ چ خەوێکی ناخۆشی بینیبێ، لە خەویشدا هەست بە ئارامی ناکات. لە ناکاوا فێی لێهات، کەف بەدەمیدا هاتە خوارەوە، چاوی چووە پشتی سەری، خێرا بەدوای پیاوەکەدا گەڕام، خۆ ماڵەکەیان هێندە گەورە بوو نەمدەزانی بە کوێدا بڕۆم. هێنامە سەری. وتی" ئەوە چەند جارێك وای لێهاتووە، پاش ئەوە دەست بەقسەو گریان دەکات. حەز دەکەم بزانم باسی چی دەکات. وا دەستی پێکرد". "دایە گیان برسییەتە، دوو ڕۆژە نانت نەخواردووەو بەردەوامیش مەمکت دەخەیتە دەمی دووبراکەم بۆ ئەوەی بێدەنگیان بکەی. دەترسی بگرین و گریانەکەیان جاشەکان بێزاربکا و گوللەیەك بنێن بە سەریانەوە". لەیلا تەواو شڵەژا. بەهەموو هێزی هاواری کرد بەسەریدا و ڕایوەشاند. لەناکاو وەئاگا هاتەوە. چاویان بڕییە یەکتری. نیگاکانیان تێکەڵ بوون، فرمێسك بە چاوەکانیاندا هاتە خوارەوە. باوەشیان بە یەکتردا کرد. هەروەك ساڵانێك بێت یەکتر بناسن. خاوەن ماڵ لە خۆشیاندا خەریك بوو گەشکە بیگری. کەسێکی دۆزییەوە لەگەڵ دایکی منداڵەکانی دەتوانی قسە بکات. فرمێسکەکانی سڕییەوە، تەماشایەکی سەلوای کرد. "من ناوم لەیلایە هەر زوو زانیم خەڵکی هەمان دۆزخین، تێگەیشتم چ چارەنووسێك تۆی گەیاندوەتە ئەم لمستانە. خەمت نەبێ من زمانی ئەم پارەدارانە دەزانم، من لە قوتابخانە فێری زمانەکەیان بووم". کە ئەمەی وت سەری بەرزکردەوە بە گومانەوە سەیرێکی کرد، ژیان فێری کردوە بڕوای بە هیچ نەبێت.

بە ئەسپایی نزیك کەوتەوە لێیان، لە تەنیشتی ئەوەوە دانیشت. "من لەخودا زۆر پاڕامەوە یارمەتیم بدات و کەسێك بدۆزمەوە لەزمانی بگات. سوپاس بۆ خودا تۆم دۆزییەوە. دەمەوێ لێیتێبگەم ، حەزدەکەم بزانم بە چ زمانێ قسەدەکات، خەڵکی چ وڵاتێکە. ئەمە ئەو پەرییە بوو کە من چاوەڕاونیم دەکرد. دەڵێن سیبیانەیەکی لە سکدایە. ژنەکانم بەتەمان هەر یەکەیان منداڵێکی ببەن، بەڵێنم پێیانداوە بەڵام

بەڵێنەکەم بەجێناگەیەنم. ناتوانم کۆرپەکانی لێ زەوت بکەم، باشبوو تۆ هاتی تکایە یارمەتیم بدە لەیەك تێبگەین. دیارە زۆر حەزی لە وێنە کێشانە. هەر لەم نهۆمەدا ژوورێکم بۆ تەرخانکردووە، هەموو جۆرە کەرەستەیەکی وێنەکێشانی تێدایە. ئەمەش کلیلی ژوورەکەیە هەر تۆ و ئەو دەتوانن بچنە ژوورەوە. حەزیش دەکەم پێی بڵێی خۆشمدەوێت، نەك تەنیا لەبەرئەوەی دەبێتە دایکی منداڵەکانم، بەڵکو وا دەزانم ئەمە ئەو کەسەیە کە بە ڕۆحم ئاشنایەو وا پێ دەچێت هەموو تەمەنم ناسیوومە. خۆ خۆشی وەك منداڵێکی بێ تاوانی بەستەزمانە. لەوەتی ئەم پێی ناوەتە ماڵەکەم ئاسودەییەك ڕووی کردوەتە ڕۆحم کە پێشتر هەستم پێنەکردبوو. تکایە ئاگات لە خواردنی بێت هەوڵبدە کە خۆت خواردنی بۆ بکەی. ترسی ئەوەم هەیە ژنەکانم دەرمانخواردی بکەن. گەر شەوێ لە سەرەی یەکێکیاندا بێمە لای ئەم بۆ بەیانی ئاگردەکەنەوە، خۆ من لێیان ناترسم. بەڵام ئەم بەستەزمانە زمانەکەش نازانێ تا بتوانێ بێزاری خۆی دەردەبڕێ. حەزدەکەم لەسەر ژیانی هەندێ شت بزانم. هەر شتێکتان پێویست بوو بە خزمەتکارەکان بڵێن بۆتان ئامادەی دەکەن".

هەی سەگسار وا دەزانی بڕوات پێدەکەم. تۆش هەمان توخمی ئەوانی تری. بڵێی لە مانای خۆشەویستی بگەی، شەرت بێت تۆڵەتان لێبکەمەوە. وا دەزانی ئەوەندە بەستەزمانم. دەرسێکی وام وەرگرتووە، کە تا دواهەناسەم بیرم نەچێ. هەمووتان توخمی بەرازن. ئای لەو ماڵە چییان پێنەکردم. باشبوو زوو هۆشم هاتەوە سەرخۆم و خۆم ڕاوەشاند، داخیان لە دڵم دەرناچێ، هەرچەندە ئەوەی منیش پێمکردن کەمنەبوو، سەروبەری خێزانەکەیانم تێکدا. براو باوکم دا بەشەڕ، ژنەکان قژیان بەسەرەوە نەما. دەستێکم هێنا بە سەریداو سەرپۆشەکەم پێلابرد، دەی هەستە دەموچاوت بشۆ، نانت نەخواردوەو، وانییە، هەر ئێستا خۆشترین خواردنت بۆ ئامادەدەکەم. دەبێ تۆ مەمنون بیت کەوتویتە لای پیاوێکی وا. دیارە ئێوە پاش ئێمە هاتوون، پێش ماوەیەکی زۆر ئێمەیان هێنایە ئێرەو وابزانم هەمووشمان بە نرخێکی بەرز فرۆشراین. بەڵام نازانم پارەکان چووە گیرفانی کام سەرۆك جاشەوە، ئێمە زۆر بووین. هەریەکەو



کەوتینە شوێنێکەوە، ئێمە سێ کچ بووین کەوتینە لای سێ خێزان، کە یەکتریان دەناسی، تا ماوەیەکی زۆر یەکتریمان دەبینی، پێش چەند مانگێك هەردووکیان دەنگیان نەما، چەند جارێ پرسیارم کردووە کەس وەڵامی نەداومەتەوە، دەڵێی زەوی قووتی داون. منیش ترسم لێنیشتبوو کە شتێکم لێبکەن، دەزانی من بەرماڵەکەم وەك پەردەیەکی سیحریی وابوو. بڕوام بەو بەرماڵە هەیە. دەزانی بە چ قودرەتێك لەو ماڵە ڕزگارم بوو. بەڵام بەبێ ئەوەی ئاگایان لێبێ سەرم لە هەموویان شێواند، ئەم حوشتروانانە هێندە گێلن پێش پێی خۆیان نابینن. وەك خۆیان دەیانووت لەوەتی من چوومەتە ماڵەکەیان ئارامییان بە خۆیانەوە نەدیووە. چەند جارێ هەوڵییان دا لەناوم بەرن بەڵام سەرینەگرت، لە هەموو حاڵەتەکاندا لەوان زیرەکتربووم. لەبەرئەوە خەمت نەبێ تا پێکەوە بین ناتوانن ئازارمان بدەن، نەنکم دەیوت کورد تا یەك نەبێ زیرە لە دوژمنەوە هەڵناسێنێ. من و تۆش لەمڕۆوە یەك دەبین. کەس ناتوانێ ئازارمان بدات. سەلوا هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی دەزانی من هیچم بیرنایە، تەنانەت نازانم خەڵکی چ وڵاتێکم و چۆن گەیشتوومەتە ئێرە. لەیلا تۆزێ ڕاوەستاو دەمووچاوی خستە ناو هەردوو لەپیەوە و دایە پرمەی گریان. "ئەی بیرت نایە پێش تۆزێ باسی کێت دەکرد؟"". "نا من کەسم بیرنایە. ناشزانم باسی چیم کرد". لەیلا ئامێزی بە سەلوادا کرد و سەری خستە سەر سنگی. ئەمانە دەبێ پاش ئێمە هاتبێتن. گەر وابێت کەس نەماوە، بنەبڕیان کردین.

ژنەکان ماخۆلانیان تێکەوت، دەیانزانی ئەم ژنە تازەیە شتێکی لە ژێر سەردایە، زمانەکەشیان بەباشی دەزانێ. مێردەکەشیان هەموو شتێکی خستۆتە ژێر دەستی ئەم خزمەتکارەوە. پیلانی ئەوەیان دادەنا کە پاش منداڵبوونەکە هەردووکیان لەناوبەرن. ژنانی ماڵ سەریان بەیەکدا کردبوو، هەموو ئێوارەیەك هەرسێ ژنەکە خۆیان دەرازاندەوەو هەموو جۆرە خواردنێکیان ئامادەدەکرد. پیاوەش زوو دەهاتەوە، بە پێکەنینێکەوە دەیوت دەچم سەرێك لەمنداڵەکانتان دەدەم ئێستا دێمە خوارەوە. لەوەتی ئەم ژنە هاتووەتە لای سەلوا باری باشتربووە، بەڵام زوو زوو فێی لێدێت. هەر

جاره هێنده دەڵێت و لەیلاش بەدیارییەوە دادەنیشێ و هەر دەگری. لەیلا هەموو جارێ پاش ئەوەی ئەو فێی لێدەهات، هەموو ئەو شتانەی کە سەلوا لەبەر خۆیەوە دەیووت دەینووسیەوە و دەفتەرەکەی لە شوێنێکی نادیاردا هەڵدەگرت. ئامادە نەبوو نهێنییەکانی بۆ کەسێکی تر بدرکێنێ. عەلی زۆر هەوڵی دەدا شتێ سەبارەت ژیانی بزانێ. لەیلاش دەیووت ئەو هەر وڕێنە دەکات و مرۆڤ لە قسەکانی ناگات. لەوەش دەکات ڕابردووی خۆیی بیر نەمابێت. لەیلا هەرکە فرسەتی دەهێنا و سەلوا هێمن دەبووەوە ئەو شتانەی بۆ دەخوێندەوە کە خۆی باسی کردوون.



## بەشی دووەم

لەیلا وسەلوا هەموو ڕۆژێ دەچوونە ژوورەکەو دەرگاکەیان دادەخست و نانی نیوەڕۆشیان لەوێ دەخوارد. ژنانیماڵیش ماخۆلانیان تێدەکەوت و دەیانویست بزانن لەو ژوورەدا چی ڕوودەدات. لەیلا ژیانی سەلوای گۆڕی. هەموو ڕۆژێ پلانی بۆ دادەنا، هیچ ڕۆژێکی وەکو ئەوەی تر نەبوو. سەلوا فێرکرد چۆن عەبا بەسەریدا بدات و دەیبردە ناو بازاڕی شار. هەوڵی دا فێری زمانی عەرەبی بکات بەڵام سەلوا گوێی خۆیی لێکەڕدەکرد. ئەو هەستی بە هیچ خۆشییەك نەدەکرد، تاقە کاتێك کە بزە لەسەر لێوی دەبینرا ئەو کاتە بوو کە وێنەی دەکێشا. ژنانی ماڵیش کەوتنە پیلان دانان بۆ لەناوبردنی لەیلا یان هیچ نەبێت  بە دەرکردنی بدەن. دیاربوو لەیلا لەوان زیرەکتربوو، چاریان نەدەکرد. هەر کە بەرماڵەکەی دەدات بە شانیدا هێزێکی خودایی لە دەروونیدا لەدایکدەبوو، هەموو گیانی دەبوو بە پارچەیەك لە ڕووناکی. ژنانی ماڵ شکیان لەوە هەبوو کە ئەم ژنە جادووگەربێت و ئەم بەرماڵەشی بەرماڵی جنۆکان بێت. چونکە زۆرجار بیر و نیازەکانی ئەوانی دەخوێندەوە. پاش ئەو ئێوارەش کە پیلانەکەیانی ئاشکرا کرد، بۆیان دەرکەوت ئەم ژنە ئاسایی نییە.  ئەمە وایکردبوو هەموویان لێی بترسن تەنانەت کە لە شوێنێك دەردەکەوت ئەوان خۆیان دەشاردەوە. هەرچی ڕێگەیەکیان بەکاردەهێنا بۆ لەناوبردنی هەردووکیان، خێرا ئاشکرای دەکرد. ئەو ئێوارە بە نیازبوون شەش ماری کوبرا بخەنە ژوورەکەی لەیلاوە. هەموو ڕۆژەکە بەدوای هەلێکدا دەگەڕان کە ئەو دەرگای ژوورەکەی بە کراوەیی بەجێبهێڵێ.  ئەویش ژوورەکەی بە کلیلەکە دادەخست و دەیزانی ئەوان پیلانێکیان لەژێرسەردایە.  حوریە ڕووبەڕووی هات، بە پێکەنینەوە پێی وت "دەتوانن مارەکان بخەنە ژوورەکەی خۆتانەوە لەبەر ئەوەی من ژوورەکەی خۆم و سەلوا بە کلیل داخستووە". حوریە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو دەمی پێکداهات و نەیزانی چی بڵێت. پشتاوپشت گەڕاوە

دواوە. ئادەی مارەکانم نیشان بدەن بزانم لە کێتان کڕیوە، گەر ئەمە نەکەن هەر ئێوارە کاك عەلی هاتەوە، پیلانەکەتانی بۆ ئاشکرا دەکەم. حوریە ڕای کردە خوارەوە بۆ لای ژنەکان. هێندەی نەبرد هەرسێکیان هاتنە سەرەوە لای لەیلا. ژنەکان ویستیان بە درۆی بخەنەوە، کە ئەوان هەرگیز کاری واناکەن. ئەویش وتی دەزانم مارەکانتان لە پیاوێکی هیندی کڕیووەو ئەوە دوو ڕۆژە لەمماڵەدایەو دەشزانم لە چ ژوورێکدایە. گەر هەر ئێستا نەچن و مارەکان لەم ماڵە دەرنەکەن ئەوا بە هێزی خۆم دەرگای سندوقەکە دەکەمەوە و وا دەکەم لەم ماڵەدا بەرەڵا بن و هەر دوو مار دوای یەکێکتان بکەون. ئەگەر بڕواشم پێناکەن خۆتان تاقی بکەنەوە. ئەمە هێندەی تر ترساندنی. هەموو ئەو پیلانانەی کە دایان دەنا بۆ لەناوبردنی هەردووکیان شکستی دەهێنا. تاقە ڕێگایەك بۆیان مایەوە ئەوەبوو لای عەلی خاوەن ماڵ کەوتنە بوختان کردن بۆی دەیانویست هەرچۆنێ بێ بە دەرکردنی بدەن.

ئێوارە بوو کەوتنە پیاز جنین تا دەریای فرمێسکی وشککردن و چاوەکانیان سوور هەڵگەڕا. کە عەلی هاتەوە بە سێ قۆڵی ژنانی ماڵ دەورەیان دا. ئەم ژنەی هێناوتەتە ئەم ماڵە جنۆکەیە و دەبێ بە زووترین کات دەریبکەی. بە گاڵتە نییە لە هیچ ماڵێکدا جێگەی نابێتەوە، دەچێتە هەر ماڵێك پاش ماوەیەك دەردەکرێ. چووەتە هەر ماڵێك ئاگری لەماڵەکە بەرداوە. پێمان ناڵێی کێ ئەمەی بۆ دۆزیتەوە. دەڵێن جنۆکەیە هەرچی زمان هەیە دەیزانێ، ئەگینا چۆن خێرا فێری زمانی سەلوا بوو، لەوەتی ئەو هاتووەتە ئەم ماڵە سەلوا لە هەموومان دەترسێ. ناتوانێ هیچی لێبشارێتەوە. ئەوەی لە مێشکتدایە دەیخوێنیتەوە. ئەمە جنۆکەیە. ئەگەر باوەڕناکەی خۆت تاقیکەرەوە. ئەمڕۆ هات و مستێ تۆزی بەسەرماندا هەڵدا، تۆزەکە وەك خۆڵەمێش بوو. ماوەیەك هەناسەمان بۆ نەدرا، پاشان بووراینەوە و ئاگامان لە خۆمان نەما. ژنە خزمەتکارەکان نەبوونایە ئێستا هەموومان مردبووین. بڕۆ لێیان بپرسە، با ئەوان بۆت باس بکەن. لەو کاتەوە چاوەکانمان سوور بووەتەوە فرمێسك بەردەوام بە چاوماندا دێتە خوارەوە ودڵمان زۆر خێرا لێدەدات.



بە جارێ سێ ژن قسەیان دەکرد، ئەوەی نەشێ بە لەیلایان دەوت. عەلی سەری لێشێوا، نەیدەزانی سەیری کامیان بکات و گوێ لەکامیان بگرێ. دەم دەورەی داوەو، دەنگ پانتاییی ژوورەکەی داگیرکرد. تا هێزی تێدابوو هاواری کرد بەسەریاندا. ئەو شتانەی لەسەر مێزەکەبوو فڕێی دایە خوارەوە. تووڕەیی بووە هەورە تریشقە. ژنەکانی وەك مشك چوونە کوونەکانەوە. نامەوێ ئەمجارە گوێم لەدەنگتان بێت، من لەم ماڵەدا بڕیاردەدەم. ئەوەی زیاتر پێ ڕاکێشێ پێی دەشکێنم. لەو ساتەدا لەیلا هاتە خوارەوە و بە پێکەنینەوە وتی بڕۆ سەیری تەنەکەی خۆڵەکە بکە بزانە چەند کیلۆ پیازی تیژییان جنیوە تا وا چاویان سووربێتەوە. ژنەکان حەپەسان و نەیانزانی چی بڵێن. عەلیش هەرئەوەندەی پێکرا کلیلی ئوتومبیلەکەی هەڵگرت و بە توندی دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست. لەیلاش لای قادرمەکانەوە سەیرێکی کردن و بەپێکەنینەوە هاتە خوارەوە، بەو نیازەی خواردن بۆ سەلوا ئامادەبکات.

بزانن قسەکانم چەند ڕاستن، پێم نەوتن کە ئەو جنۆکەیە سیحری لە مێردەکەمان کردووە، نەیدەویست گوێ لە قسەکانمان بگرێ، ئەوە یەکەمین جارە بەم شێوەیە هەڵس وکەوتمان لەگەڵ دەکات. دڵنیام ئەگەر ئەم ژنە لەم ماڵەدا بمێنێتەوە هەموومان بە دەرکردن دەدات. حوریە ئەو ژنە بوو کە عەلی بڕوای پێبوو. تەنانەت گرفتی ژنەکانی لە ڕێگەی ئەوەوە چارەسەردەکرد. هەموو کاروبارێکی ماڵی دابووە دەست ئەو. کەچی ئێستا ئاگر دەکاتەوە، ژنەکانی قسەیان کردووە بەیەك و بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێ لە لەیلا ڕزگاریان بێت. عەلی دەزانێ ئەم ماستە بێ موو نییە. سەلوا بەبێ لەیلا ژیانی لێ تاڵ دەبێت. لەوەتی ئەویش هاتووەتە ماڵەکەیان ئەو خەمی سەلوای نییە و بە شێوەیەکی زۆرباش ئاگاداریدەبێت و هەروا تەندروستی باشترەو جار جارەش پێکەنین وەك مانگی چواردە لە ڕووی دەردەکەوێ. ژنەکان تا شەوێکی درەنگ مانەوە و ترسی ئەوەیان بوو مێردەکەیان فێری ژنی ئوتێلەکان بێ. زەهرا لە حوریە تووڕەبوو. نە دەبوایە ئەمجارە بە گوێی تۆمان بکردایە، عەلی ئامۆزام شتێکی بەسەرنەیەت، گەر شتێکی بەسەربێت جێگەت لەم ماڵە نابێتەوە. تۆ هاتی بەسەر

هەردووکماندا کەسمان وامان نەکرد کە لە ماڵ دەرپیەڕێنین. لەبەرخاتری ئەو جنێوێکمان پێ نەدەدای. ئەو ئێوارەیە کەس نانی نەخوارد، وەك زەردەواڵە نیشتبوونە گیانی یەکتری. دەرگاکرایەوە... کچێکی منداڵکار، چاو شینی ناوقەدباریك هاتە ژوورەوە، ژنەکان واقیان وڕما وەك بت چرکەو جوڵەیان لێبڕا. هێندەی نەبرد عەلی بەسەرخۆشی هاتە ژوورەوە. دەستی کچەی گرت و چووە سەرەوە.

پێم وتن ئەو ژنە بچێتە هەر ماڵێکەوە ئاگری تێبەردەدات. پێم نەوتن ماڵی چەند کەسی کاولکردووە. نازانم ئەم جنۆکەیە لەکوێوە هاتووەتە دەرەوە. دەبێ ڕێگەیەك بدۆزینەوە یان کەسێك بدۆزینەوە لەم جنۆکەمان ڕزگاربکات. خەدیجە لەولاوە هەڵی دایە. تۆ بێوەژنی جامباز هەموو پیلانەکانی تۆ بوو وای لە مێردەکەمان کرد. باشترە بێدەنگ بین، واز لە لەیلاش بێنە. ئەوە بزانە تا ئەو ژنە منداڵی نەبێ لەیلا لەم ماڵە ناجولێ. هیچ نەبێت مێردەکەمان وەك زۆر لە پیاوانی شار نییە، هەموو ئێوارەیەك دەگەڕێتەوە ناومان. گەر وا بەردەوامبین ئەوا هەر ڕۆژێ ژنێك لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتەوە و لەسەر جێگاکانی ئێمەش لەگەڵیدا دەخەوێ. سەیرکە، سەیرکە ئەوە چوونە ژوورەکەی تۆ، بەخوا پێم خۆشە لەسەر جێگاکەی تۆ دەخەون. دەبخۆ دەردت بێت. زەهرا نەبووایە هەردوو ژنەکە یەکتریان پارچەپارچە دەکرد. زەهرا خوێنی بۆ مێردەکەی دەجولا.

عەلی بە دزییەوە چووە ژوورەکەی سەلوا. هەردووکیان پێکەوە دانیشتبوون دەگریان. سەری سوڕما، ئەمجارە نۆرەی ئەمانە، قوڕی کوێ بکەم بەسەری خۆمدا. بە تووڕەییەوە ڕووی کردە لەیلا و وتی "من تۆم هێناوە بۆ لای تا ئاگات لێبیت نەك بیگرێنی. من ئەو ژنەم هێناوەتەوە ماڵەوە، دڵتان هیچ نەکات تەنیا بۆ بێ دەنگکردنی ژنەکانمە. تا واز لە ئێوە بێنن". عەلی زۆر تووڕە بوو. بە گومانێکەوە سەیری لەیلای کرد و وتی تۆ بەڵێنت بە من دابوو هەموو شتێکم بۆ باس بکەی، ئەوە چەندە تۆ لەگەڵیدا دەژیت و هەموو شتێکم بۆت دابین کردووەو ئەوەی دەتەوێ



دەیکەی، کەچی هیچ شتێکت دەربارەی ئەو پێنەوتووم، باسی ئەوەش ناکەی خەڵکی چ وڵاتێکن و بە چ زمانێ قسە دەکەن.

لەیلا بێدەنگ بوو، سەیرێکی سەلوای کرد. وەك ئەوەی هەردووکیان بڕیاری ئەوەیان دابێت کە هیچ شتێ باس نەکەن. سەلوا سەیرێکی لەیلای کرد و وەك ئەوەی داوای لێبکات وەڵامێکی هەبێت بۆ عەلی. ئەو دەیزانی لەیلا بۆ چارەسەری کاری لەو بابەتە زۆر زیرەکە. ئەویش لە ژێرەوە تەماشایەکی سەلوای کرد و ڕووی کردە عەلی بە تووڕەبوونێکەوە وتی تۆ "دەتەوێت من ئاگاداری سەلوا بم و نەیەڵم کەس ئازاری بدات. من ئەو ئەرکەی کە پێت سپاردووم هەمووی جێبەجێ دەکەم. دوای ئەوە من بەڵێنم پێدای کە فێری عەرەبی بکەم ئەوەش دەکەم. باشترین خواردنی بۆ ئامادەدەکەم، هەرگیز نایەڵم دڵی تەنگ بێت و وەك سێبەر بەدوایەوەم. ئیتر نازانم چیت لەمن دەوێت. گەر تۆش وەك ژنەکانت حەزت لێیە بڕۆم ئەوا هەردووکمان دەڕۆین و ئەم ماڵەتان بۆ جێدەهێڵین. ئەوەندەی لە ژیاندا بمێنم نایەڵم کەس ئازاری سەلوا بدات. بۆ وا دەزانی گەر من بڕۆم ژنەکانت دەیەڵن سەلوا بە سەلامەتی بمێنێتەوە. من هیچت بۆ باس ناکەم، نامەوێ شەڕ بکەوێتە نێوان تۆ و ئەوانەوە. پێش ماوەیەك شەش ماری کوبرای گەورەیان هێنابوو، بەنیازبوون بیخەنە ژوورەکەی من و سەلوا وە. گەر ئەمەم ئاشکرا نەکردایە ئێستا هەردووکمان مردبووین". عەلی لەوە زیاتر نەیتوانی گوێ بۆ قسەکانی لەیلا بگرێ. بە هێواشی چووە دەرەوەو دەرگاکەی لەسەریان داخست.

هەردووکیان باوەشیان بەیەکدا کردو پێکەنین و گریان تێکەڵبوو. ئەوان دەترسان...ئەوان لە هەموو شتێ دەترسان... دەترسان لەوەی لەیەکیان دابڕن، ژیانی ئەوان هەموو لێکدابڕان بوو. دابڕان لە خاك... لە کەس وکار لەزمان و جلوبەرگ. بەرگەی دابڕانێکی تر ناگرن. هەردووکیان بەڵێنیان بە یەکتر دابوو تەنیا مردن لێکیان جیادەکاتەوە. لەیلا بەردەوام خەریکی سەلوا بوو، ڕازی نەبوو ئەوان خواردنیان بۆ ئامادەبکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەرجارە بە بیانوویەك خواردنیان بۆ ئامادە دەکردن. زۆر

جار ژنەکان دوو جۆر خواردنیان ئامادە کردووە یەکێکیان ژەهراوی بووە و ئەوی تریشیان ئاسایی. خێرا لەیلا خواردنە ژەهراوییەکەی دەگەڕاندەوە دواوەو دەیگوت با ئەوە خۆیان بیخۆن. ڕۆژێك پاش ئەم بەزم و ڕەزمە حوریە خۆی کرد بەژووردا، لەسەر سینییەکە کۆمەڵێ خواردنی بۆ هێنابوون. لەیلا بە پێکەنینەوە وتی ئێمە نیازمانە لە دەرەوە نان بخۆین، سەلوا بێزوو بەخواردنی ترەوە دەکات. قسەم لەگەل کاك عەلی کردووە، دڵتان هیچ نەکات ئەو دەزانێ. ئادەی خۆت دانیشەو ئەو خواردنانە بخۆ، گەر ئامادە نیت خۆت دەرمانخوارد بکەیت، ئەوا هەستە و جارێکی تر لەم دەرگایەوە مەیە ژوورەوە. حوریە سینییەکەی هەڵگرت و بە نابەدڵی و گومانەوە چووە دەرەوە. لەناکاوا گوێیان لە گرمەیەك بوو. کە لەیلا چووە دەرەوە بینی حوریە لە قادرمەکان خلیسکاوە و کەوتووە و خواردنەکە بەو ناوەدا بڵاو بووەتەوە. خزمەتکارەکان و ژنەکان ڕژوان بەسەریدا. لەیلا هەر لە شوێنەکەی خۆیەوە بە خزمەتکارەکانی وت ئەو خواردنە کۆکەنەوەو یەکسەر فڕێی بدەن. نەکەن بیدەن بە سەگەکان ئەگینا یەکا و یەك دەمرن. تەلەفۆنیش بۆ دکتۆر بکەن چونکە لەوە دەکات قاچی شکابێت. ژنەکان بە ترسەوە سەیرێکی لەیلایان کرد. ئەمە ئەوانی تریشی ترسان. تەواو بڕوایان بەوە هێنا کە ئەم ژنە جادووگەرە. پاش کەوتنەکەی حوریە ژنەکان کڕو کپ بوون. نە گلەییان دەکرد و نەباسی ئەو دوو ژنەیان دەکرد. عەلیش سەری لەم بەزمە سوڕمابوو. تەنیا بەشەوان کە دەچووە لایان و هەندێ قسەیان بۆ فڕێ دەدا. ئەم قاچ شکانەی حورییە خێری تێدابوو. ئیتر پاش ئەو ڕۆژە کەسیان نەیاندەوێرا خۆیان لێیان نزیك بکەنەوە.

لەیلا ئێوارەیەکی درەنگ، کە فێنك دەبوو سەلوای دەبردە باخچەکە و تا شەو دادەهات پێکەوە دادەنیشتن. ئەوان وەك دوو خوشك وابوون. هەردووکیان دەیانویست باسی ژیان و ڕابووردی خۆیان نەکەن. دەیانویست ئەو وێنانە بسڕنەوە، کە وەك مۆتەکە بەریان نادا. دەیانویست واهەست بکەن ئەوان چڵی دارێکن نامەردێ هاتووەو بە مشار بڕیونی وئەوسا فڕێی داونەتە گوێی چەمێك و ئاوی چەمەکە دەیان بات



بەرەو شوێنێکی نادیار. ئەوان دەیانەوێ ڕابردوو لەیاد بکەن. خۆ ناتوانن هیچ لەو ڕابردووە پڕزامە بگۆڕن. ناشزانن داهاتوو بەرەو کوێیان دەبات. دەستەڵاتیشیان بەسەر چارەنووسدا ناشکێ. لەیلا دەیووت باشترە هەر خەریکی گاڵتەبازی بین. ئەوەی هات دێت و ناگەڕێتەوە. من توانای گریانم نەماوە. بەدرێژایی شەو من خەوی سامناك دەبینم. بۆ ئەوەی بتوانم لەسەر پێ بووەستم دەبێت ڕۆژەکە بە بەزم ببەمە سەر. سەیرێکی سەلوای کرد و پرسیارێ لە مێشکیدا دروست بوو. ئاخۆ دەتوانم ڕابردوو بسڕمەوە؟ چۆن دەتوانم ڕابردووم لەیاد بچێ، هەموو ساتێ وێنەیەك یەخەم پێدەگرێ. نازانم هەندێ جار دەڵێم ڕاستە من جنۆکەم ئەگینا چۆن بەرگەی ئەم هەموو شتەم گرتووە. ئای چییان بە ئێمە کرد. سی کچ بووین. لە سەرەتاوە ئێمەیان بە پاس و بە ڕێگەیەکی تردا برد. لە خەڵکەکەی تریان دابڕین، کەچی پاش سێ ڕۆژ ئێمەیان بردە هەمان زیندانی کە دایکم ئەوانی لێبوو. ڕاستیت دەوێت زۆر دڵم بەمە خۆشنوو. جا بە خوشکی خۆم بڵێم، هەموو ئێوارەیەك دەیان بردینە هۆڵێکی گەورە، دەبوایە خۆمان ڕووتبکردایەتەوە، ئەوەی بەگوێی نەکردنایە، بە قۆناغە تفەنگ گیانیان تێکدەشکان. ئەو ڕۆژە پرسیارت کرد بۆ لاڕانم ئەو چاڵەی پێوەیە، وەڵامم نەدایتەوە، خوشکە گیان ئەوە شوێنی قۆناغە تفەنگە. نە یەکێ نە دووان زۆرجار بە سەرە لەگەڵمان دەخەوتن، هێندە ماندوو دەبووین نە توانای بەرهەڵیستیمان هەبوو نە توانای جووڵە، وەك لاشەیەکی مردوو لەبەردەستیاندا پاڵ دەکەوتین. لاشەیەکی مردوو کە تەنیا کونێکی تێدا بوو. تا خۆیان کفت نەبوونایە وازیان لێ نەدەهێناین. پێش ڕۆژهەڵاتن خەبەریان دەکردینەوە، سەرو سەتڵێ ئاویان دەدا پێمان و بە پەلە دەبوایە جلەکانی خۆمان بدۆزینەوە. هەموو ژنانی زیندانەکە دەیان زانی بۆچی دەمان بەن، هەر کە دەهاتینەوە، دایکەکان بەسەرماندا دەگریان. ئێمەش لەبەر شەرم نەماندەتوانی چاو بەرزبکەینەوە. تا ڕۆژێ دایکم بەسەرماندا هاواری کرد و وتی "ئەرێ ئێوە لە چی شەرم دەکەن؟ ئێوە دەستدرێژی دەکرێتە سەرتان، ئازاری دەستدرێژییەکە بەس نییە بۆتان؟ شەرمیش دەکەن!!!. ئێوە قوربانی بۆ ئێمە دەدەن.

خۆ گەر ئەو جانەوەرانە بە ئێوە خەریك نەبوونایە ئێمەیان دەخوارد". ئیتر هەر ڕۆژێ و دایکی قۆڵی لێهەڵدەکرد و دڵی دەداینەوە. دڵ دانەوەی چی، ئەو هەستەی لە دەروونماندا دروست بووە دەیبەینە ژێر خاکەوە. نازانم چەندمان پەڕیوەتە ئەودیوو و بەئارامی خۆیان پاکدەکەنەوە. زۆرجار دەڵێم خۆزگەم بەوانەی کە ئێستا لە باوەشی خودادا دڵیان تیماردەکەن. هەموو جار لەدڵەوە داوایان لێدەکەم کە حەقمان بکەنەوە، ئەوانەی وایان لە ئێمەکرد ملیان بشکێنن، جەرگیان بسووتێنن، ئەو ڕقەی لە دەروونمدایە کپ نابێتەوە، بەردەوام دەمەوێ غەزەب بۆ هەموویان بنێرم. ئەم دنیایەشم بدەنێ ئازاری ساتێکی ئەو شەوانەم بۆ کەمناکاتەوە.

دەزانی شەوێکیان چیم کرد، لەگەڵ کچەکاندا قسەم کرد وتم ئەمشەو هەموو ماستاوێکی زۆریان بۆ دەکەین و بەباڵایاندا هەڵدەین و گاڵتە بە عەقڵیان دەکەین. پاشان داوایان لێدەکەین خواردنی باش بۆ هەموویان بهێنن. ئەم پلانە سەری گرت، یەك هەفتە خواردنی باشیان بۆ هێناین و هەموو بوژاینەوە. پاش هەفتەکە کۆمەڵێکی تر گورگ هاتن. ترس سەرتاپای جەستەمانی سڕکرد. بڕیارمان دا خۆمان نەدەین بەدەستەوە. مردن هەر مردنە، جارێ بمرین باشترە لەوەی لە ڕۆژێکدا سەد جار بمرین. هەندێکیان بەزەییان بەدایکیاندا دەهاتەوە، دەیانوت لەگەڵ ئەوەی دەزانن هەموو شەوێ چی بە ئێمە دەکەن، کەچی کە دەمەو بەیانیان دەمانبیننەوە سەلامەتین، دڵیان خۆش دەبێت. پێم وتن گوێ مەدەنێ ئەوان بە مردن ڕاهاتوون. ئەی نابینن ڕۆژی چەند دایك جەرگی دەسووتێ، بە پێش چاوی خۆیانەوە منداڵەکانیان گیانیان دەردەچێ. منداڵەکانیش فڕێ دەدەنە بەر دەمی سەگ. بۆ ئێوە هەست بەوە ناکەن لەم ماوەیەی دوواییدا چەند گوێمان لە وەڕەی سەگ دەبێت. جاران کە هاتین ئەم ناوە کش و مات بوو. جا لەوە بە ئازارتر چییە گەر منداڵەکەت بەبەرچاوی خۆتەوە گیاندەدا و کەچی نەتوانی بە دەستی خۆت لە ژێر خاکدا بیشاریتەوە. کەس ئاگای لە ئەندامانی نێرینەی خێزانەکەی نەمابوو، خواخوایان بوو ئەمانەی لەگەڵیاندایە بەرگەی ئەم هەموو دەردو ئازارە بگرن. لەو سی کیژە تەنیا دە کەسیان



لێهەڵبژاردین، بۆ نەگبەتی خوشکیشت یەکێك بوو لەوانە. بەردەوامیش دەڵێم خۆزگەم بەوانەی کە لەوێ مانەوە، هیچ نەبێ تاسەر لەگەڵ دایکیاندا بوون، دەزانن چیان بەسەرهات. من دوو براکەم تا هاتیشم مابوون. بەڵام خالۆژنم هەر سێ منداڵەکەی یەك لەدوای یەك و لەباوەشیدا گیانیان دا، کە منداڵی سێهەمیشی مرد زانی کام هەناسەی دوا هەناسەیەتی. خالۆژنم وەك شێتی لێهاتبوو. شەڕی بە دارو بەرد دەفرۆشت. دەیویست بمرێ بەڵام نەدەمرد، بۆیە بەردەوام شەڕی بە گورگەکان دەفرۆشت، تا گوللەیەکی پێوە بنێن. کەچی لە هەمووی سەیرتر هەموویان لێی دەترسان. هەر کە ئەو بەو ناوەدا دەڕۆیشت، ئەوان خۆیان لادەدا. ڕۆژێ پەلاماری تفەنگی یەکێکی دا، ئەو کات ناچاربوون گوللەیەکی پێوە بنێن، تەنیا بریندار بوو، ترسی ئەوەی هەبوو کە نەمرێ، بۆیە کەوتە جنێودان بە سەید لرەئیس. ئیدی لە پێش چاوی هەمووومانەوە گیانیان کردە بێژنگ. پێش ئەوەی گیانی دەرچێ بە پێکەنینەوە وتی لێم بردنەوە، دەڕۆم بۆ لای منداڵەکانم.

زۆرجار منیش هەمان بەزمی خالۆژنم دەکەمەوە بۆ ئەوەی منیش بکەنە قوربانی گوللەیەك. کەچی هیچ کەڵکی نییە. هەرچی دەکەم ئەنجام ناگرێ. دەزانی ئاگرم نا بە ماڵیکەوە، تەواوی ماڵەکە سووتا، دەمووت ئەوە من بووم ، کەچی بڕوایان پێ نەدەکردم. وایان دەزانی کابرای خزمەتکاری پاکستانییە. ئەویان خستە زیندانەوە، منیشیان دەرکرد. ئەوجا کەوتمە ماڵیکی تر، ژنەکانیم بەشەردا، ڕۆژ نەبوو دەست نەدەنە قژی یەکتر. لەوێش دەرکرام. دەمویست لە ماڵێکدا کارێکی وا بکەم بمکوژن. نەکوژرام، تا لای تۆ گیرسامەوە. دیارە چارەنووس وای بۆ داناوین کە لەم لمستانە من و تۆ بەیەك بگەین. ئەوە ئاغاکەشت هاتەوە، تێناگەم ئەم پیاوە لە پیاوەکانی تر ناکات، نە عەگاڵی بەسەرەوەیە نە ورگی هەیە. چۆن ورگی دەبێت سێ دێوی هەیە، هەر یەکە حۆقەیەکیان پێوەیە، من بوومایە ئێسقانیشم وردوخاش دەبوو. خۆ هەتا کوونەکە دەدۆزێتەوە تەنەکەیە ئاو دەردەدات. جا چۆن ورگ پەیدا دەکات. ئاگای لە سەلوا نەما لەبەر پێکەنین کەوتە سەر زەوییەکە. لەو لاوە عەلی زراوی چوو بە ڕاکردن

هاته لایان بینی سەلوا لەبەر پێکەنین ئاگای لە کەس نییە. ئای لەو لاوە ژنەکان ئاگریان گرت، نەیانزانی مەسەلە چییە. نەشیان دەوێرا بێنە نزیکەوە، زەهرا هێزی دایە بەرخۆی ڕایکرد بەرەو ڕوویان، لەیلاش وتی توخوا کێ فەردەی بینیوە ڕابکات، هەر ئەوەندەت زانی کونێکی تێبوو. سەلوا ئەوەندی تر بووڕایەوە. عەلی سەری لەم مەسەلەیە دەرنەدەچوو، بەڵام لەگەڵیاندا پێدەکەنی. زەهرا بە هەنیسکە هەنیسك گەیشت، ها تەلەفۆن بکەین بۆ دکتۆر، نەکا منداڵەکانمان ئازاریان بێت، ئێمە تەحەمولی ئەم هەموو بەزم و ڕەزمە دەکەین لەبەر منداڵەکان، ئەوانیشی لەبارچێت. هەموو شتێکم بۆ منداڵەکە ئامادە کردووە، مەبەستم ئەوەی دەدرێ بەمن. عەلیش هەر چاوی لێدادەگرت، بێ کەڵك بوو. سەلوا هەستایەوە سەرپێ، بە تووڕەییەکەوە سەیری عەلی کردوو بە گریانەوە بەرەو ژوورەکەی ڕایکرد. منیش هاوارم کرد، پڕ بە گوێنیەکەی بەری گووی خوارد، تا من لێرە بم کەس توخنی منداڵی تۆ ناکەوێ. هەر بەسیحر هەموویان شێت دەکەم، سەلوا لایەکی بۆکردمەوەو گریانەکەی تێکەڵ بە پێکەنین بوو، من و عەلی بەدوایدا بەرەو ژوورەکەی ڕامان کرد.

دەرگاکەی لەخۆی داخست، عەلی دیاربوو زۆر تووڕەبوو، تکام لێکرد هیچ قسەیەك لەگەڵ زەهرا نەکات. لەلایەك خزمیەتی و لەلایەکی تریشەوە پاشتر هەمووی لە من و سەلوا دەردەهێنن. داوام لێکرد بچێتەوە لایان. من خۆم سەلوا هێمن دەکەمەوە. پاش ئەوەی ئەو ڕۆیشت، دەرگاکەی لێکردمەوە، لەو شەوەدا پلانی زۆر شتمان دانا. سەلوا وتی گەر گەڕاینەوە تۆ دەکەم بە سەرۆکی دەوڵەت، گەر سەرۆکێکی وەك تۆمان هەبێت دوژمن پێمان ناوێرێ. منیش دەبمە وەزیری دەستە ڕاست و سوپاش دەدەینە دەست منداڵەکانم. گەر نەتەوەکەمان وەك ئێمە زیرەك بوونایە قەت ئەوەی ئێمە بەسەرمان هات ڕووی نەدەدا. جاشەکان، هاوزمان و هاو نەتەوە پێش سەربازەکان کەوتبوون، ئێمەش لە گێلێتی خۆمانەوە بڕوامان پێدەکردن. دەمان وت هەرچۆنێ بن ئەمانە هەر کوردن، ڕەحمێ لە دڵیاندا هەیە. نەمانزانی ئەمانە لە دوژمنەکان خراپتربوون. گەر جارێك بگەڕێمەوەو بۆ یەك ڕۆژیش دەستەلاتم



بکەوێتە دەست، پێش هەموو کەسێ ئەو جاشانە پارچە پارچە دەکەم. ئەوان نەبوونایە باوکم و براکانم ڕزگاریان دەبوو، دایکم، ئاخر خۆ پێم وت دایە گیان بڕوایان پێ مەکە، باسی باوکم و براکانم مەکە، کەچی دەمی نەوەستا و ئاشکرای کرد لە کوێن، بەڵێنیان بە دایکم دابوو کە لێکمان جیاناکەنەوە و پێکەوە دەماننێرنە شارێك. ئەوەندەی ڕقم لەو جاشانەیە ڕقم لە خودی سەیدلرەئیس نییە. ئاخ نەدەمردم تەنیا بۆ یەك ڕۆژ بگەمەوە وڵات، هەموویان هەپرون هەپرون دەکەم. ئاگام لە دنیا نەماوە، نازانم ئەو خەڵکەی مانەوە چییان بەسەرهات، ئەوانەی لە ئێمە جیاکرانەوەو ئەوانەی لە وڵات بەجێمان هێشتن. نازانم چەندی کە بەردەوام بوون. لەوەتی لەوێش دابڕاوین هیچ هەواڵێك نازانین تەنانەت ئەم تەلەفزیۆنانەش تۆزقاڵێ باسی لای ئێمە ناکەن.

لەمەودوا تەماشای تەلەفزیۆنیش دەکەین. لەمەدا ڕاست دەکەیت تاقەتی ئەوەمان نییە سەیری تەلەفزیۆن بکەین، هەموو ساتێکمان تەقەلادانە بۆ خودی ژیان. ژیانیش سەیرە، لەگەڵ ئەوەی تەواو بێزاری لە ژیان کەچی لە ساتە سەختەکاندا ناتەوێ مردن یەخەت بگرێ. دەبێ خۆشیی ژیانی من لە چیدابێت کەچی ئامادەنەبووم بمرم، لە زۆر تەڵە ڕزگارم بووە. بۆم باسکردی کە چەند جارێ هەوڵم داوە خۆم بکوژم، دوایی هەر زوو پەشیمان بوومەتەوە. دەزانی جارێ کە عەسکەرەکان ئێمەیان برد، زۆر کات چەکەکەی خۆیان لەهەمان ژووردا دادەنا. شەوێکیان بڕیارم دا کە نەخەوم تا ئەو خەوی لێدەکەوێت. ئەوجا بە چەکەکەی خۆم دەکوژم. کەچی چەندم کرد نەمتوانی ئەو کارە ئەنجام بدەم. هەرچەندە ئێستا دەڵێم باشبوو ئەو کارەم ئەنجام نەدا. ئەگینا ئێستا کێ ئاگای لە تۆو منداڵەکانت دەبوو. لەم کاتەدا مردن چارم ناکات، چونکە نامەوێ تەنیاو کەساس بین. نامەوێ بەتەنیا لەناو ئەم گورگانەدا بەجێتان بهێڵم.

منیش وەك تۆ زۆرم بەسەرهاتووە، بەڵام هەر ماوم، وەك پشیلەی حەوت ڕۆح وام. هەر لەمنداڵییەوە هەستێکی وام لادروستبووە، کە هێزێکی خودایی لە پشتمەوەیە. لە هەموو ساتە سەختەکاندا فریام کەوتووە، بە کورتییەکەی دوو فریشتە بەردەوام لەگەڵمدان. لە بۆمبارانکردنی گوندەکەماندا بە شێوەیەکی سەیر ڕزگارم بوو، لە پۆلی

یەك بووم لەگەڵ براکەمدا دەچووین بۆ قوتابخانەی گوندەکە. بەهاربوو... دەوروبەری قوتابخانەکە هەمووی سەوز بوو، هەستم کرد لەناکاوا یەکێ لە شانم دەدات، لامکردەوە کەس نەبوو، گوێم لە دەنگێ بوو، پێی وتم ڕاکەرە دەرەوە! هاوارم کرد، ڕاکەنە دەرەوە! تەیارەکە بەرەو ئێرە دێت و گوندەکە بۆمباران دەکات. مامۆستاکە شەپازلەیەکی لێدام، بەدەم گریانەوە ڕامکردە دەرەوە. لە بن دارێکدا دانیشتم، بیرم لەوە دەکردەوە ئەو دەنگە کێ بوو، هەر لەو ساتەدا فڕۆکە ئاسمانی گوندی گرت و بۆمبایەکێش بەر قوتابخانەکەمان کەوت. مامۆستاکەم بریندار بوو، سێ قوتابی شەهیدبوون. ئەو وێنە سامناکەم لەیاد ناچێت، زۆربەی مندالآن گیانیان لە خوێنی خۆیان یان خوێنی کەسانی تردا هەڵکێشرابوو. ئەوە دوا ڕۆژی قوتابخانەی من و براکەم بوو. لە هەمووی گرفت تر موختاری گوندەکەمان بوو، زوو زوو دەهاتە لامان بە باوکمی دەوت ئەم کیژەت جنۆکە لە گوێی دەخوێنێ ئەی چۆن پێش هاتنی تەیارەکان داوای لە منداڵەکان کردووە بچنە دەرێ. منیش پاش ئەو جارە کە گوێم لە دەنگەکان دەبوو دەترسام و گوێچکەی خۆمم دەگرت. ئەو دەنگە بەردەوام لەگەڵمدا بوو. خۆشیی زۆری پێم دەدا. گۆرانیان بۆ دەوتم، باسی ئەوەیان بۆ دەکردم کە دەگەمە وڵاتیکی دوورو سێ منداڵم دەبێت، دەزانی ئەو قسەیەی کە لە یادم ناچێت کە پێیان وتم ڕۆحت بۆ ئامێزی دڵدارەکەت دەگەڕێتەوە. من تەنیا ئەو هیوایە یارمەتیم دەدات بژیم. دەمزانی لە دایك و باوك و خوشکەکانم جیادەکرێمەوە. ئێستا دەزانم ئەمجارەیان جوانییەکەم منی گەیاندە ئەم چارەنووسە. هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی جیاواز لەگەڵ ئێمە هەڵسوکەوتیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەی هەفتەی یەکەم هەر لەگەڵ ژنان و مندالآنی تردا بووین. پاشانیش بە ڕێزەوە ئێمەیان گەیاندە ئەم وڵاتە. دیاربوو بەشەرتی پەردەی کچێنی ئێمەیان فرۆشتبوو، ئەم پلانە لە لایەن چەند ئەفسەرێکەوە دانرابوو. ئیتر نازانم بە چەند فرۆشراین.  زۆر جار جوانی دەبێتە خەنجەری سەر ملت. هەموو شەوی نەعلەت لە جوانییەکەی خۆم دەکەم، کەمنی گەیاندە ئەم وڵاتەی لەسەر پارە خەوتوون. خۆزگە دەخوازم بەوەی منیش هەمان چارەنووسی دایك و



خوشکەکانم هەبووایە. نازانم خەڵك بۆ پارە و سامان خۆی بە کوشت دەدات. ئەمانە هێندە دەوڵەمەندن، نازانن چی لە پارە بکەن. کەچی هەست دەکەیت ژیانیان بەتاڵە و هیچ مانایەکی تێدا نییە. هەموو دەڵێیت لم بەسەریاندا باریووە. بیرکەرەوە ئێمە لەو ژیانە پڕمەترسییەدا دەژیاین کەچی قاقای پێکەنینمان دەنگی دەدایەوە. هەر شاییەك لە هەر کوێ ببوایە خۆمان پێدەگەیاند و تێر هەڵدەپەڕین. هەموو ئێوارەیەك چاومان لە ڕێگەی قەدپاڵی چیاکە بوو، چاوەڕوانی هاتنی مەفرەزەی پێشمەرگەبووین، تا بەدڵێ خۆمان خزمەتیان بکەین و خواردنیان بدەینێ. لەو باوەڕەشدام گەر هێزی پێشمەرگە هاتووچۆی گوندەکانیان نەکردایەو خەڵکی گوندیش وا باوەشیان بۆ نەکردنایەتەوە، ئەوەمان بەسەرنەدەهات. بڵێم چی هەموو ئامادەی قوربانی بووین. بەڵام قوربانییەکەمان زیاد لە توانای خۆمان بوو. هەموو ڕۆژێ  ئاوات دەخوازم کە منیش بمردمایە. ئەو دیمەنانەم هەرگیز لە یادناچێت.  بیرەوەرییەکان لەگەڵ هەناسەمان تێکەڵ بوون. خوشکەکەم ... تەمەنی دە ساڵ بوو، شەوێ لەگەڵ چەند کچێکی منداڵکاردا بردنیانن. ئەو شەوە لەبەر قیژەو هاواریان خەومان لێنەکەوت. ئێمەش لەگەڵ ئەواندا دەگریاین و نیوەی شەو بوو فڕێیان دانەوە قاوشەکە. گلۆپیشیان کوژاندبووەوە، هەر کە دەرگاکەیان کردەوە هەموو بەرەو دەرگاکە ڕامان کرد. کەوتیین بەسەر یەکدا، دەنگی گریان و ناوی کچەکان وهاواری منداڵەکان و کفری دایکەکان پەنجەرەکانی هێنایە خوارەوە. ئاخر خودایە دەبێ ئێمە تاوانمان چی بێت وامان بەسەردەهێنی. ئەو شەوە لەبەر گریان و نرکەو بۆنی خوێن نەمانتوانی خەومان لێبکەوێ. دایکم توند توند خوشکەکەمی لەباوەش گرتبوو بەری نەدەدا، زوو زوو دەیوت دایکت بمرێ، دایکت بمرێ کچم ئەو وەحشانە چییان پێکردووی وا هەموو گیانت وەك شەق شەقە دەلەرزێ، سەرپۆشە سپییەکەی لەسەری کردەوە ویستی خوارەوەی پێبسرێ چونکە هەستی دەکرد، خوێنەکەی نا وەستێ، هەردووکیان زیڕەیان لێ هەستا، دایکم هاواری کرد ئەی کۆستیان کەوێ، ئەی هەپرون هەپرون بن شووشەیان تێبڕیون. دایکم لە بەر هاوارو گریان و لاوانەوەی  ئاگای نە لەکەس نە لە

خوشکەکەم نەما. وابزانم ئەوە دوا هەناسە و دوا زریکەی خوشکەکەم بوو، چونکە کە بەیانی بە ئاگا هاتینەوە جەستەی خوشکەکەم وەك سەهۆڵ بەستبووی. هەر ئەو ڕۆژە دوو کچی تر مردن. ئەو شەوە داوام لە فریشتەکان کرد یارمەتی دایکم بدەن بێتەوە سەرخۆی، دایکم و خوشکەکانم ڕزگاربکەن. زۆر پاڕامەوە لێیان. بۆ دوو ڕۆژ پاش ئەوە من ئەو کچانەی تریان گواستەوە بۆ ئێرە. ڕێگەکە زۆر دوورودرێژ بوو. هەموو دەگریاین، خەمی ئەوانەی کە بەجێمان هێشتن و خەمی چارەنووسی نادیارمان هەناسەی لێ بڕیبووین.

ئەو شەوە هەردووکیان لەسەر سیسەمەکەی سەلوا خەویان لێکەوت. بەدەم هەنیسك دانەوە تاکە تاکە وشە لەدەمیان دەهاتە دەرەوە، تا خەویان لێکەوت. بڕیاریان دابوو سبەی کە هەستان لەخەو بچنە ژووری وێنەکێشان و تەواوی ڕۆژەکە لەوێ ببەنە سەر. دەمەو بەیانی بوو لەیلا خەبەری بوویەوە، سەلوا لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشتبوو، لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، سام گرتی. چەند جارێ بانگی کرد، وەك ئەوە وابوو کە قسە لەگەڵ دیواردا بکات. چووە تەنیشتیەوە، ڕای وەشاند و بانگی کرد کەڵکی نەبوو. وەك ئەوە وابوو هەموو پەیوەندییە زینی و هەستییەکانی لەم جیهانە دابڕابێت. دەبێت جیهانێکی تربێت ئەم پەیوەندی لەگەڵیدا هەبێت. بە زمانێك، بە شێوەیەك قسە دەکات نە وشەکان، نە دەنگەکان ئاشنا نەبوون. بە ترسێکەوەو بەبێ دەنگی گەڕایەوە جێگەکەو لێفەکەی دا بەسەرخۆیدا لە سوچێکیشەوە چاوی هەر لە سەلوا بوو. هێندەی نەبرد دەنگەکان ئاشناتردەبوون و وشەکان ڕوونتر، هەستی کرد گوێی لە ڕستەیە، لێفەکەی لەسەر خۆیی لادا و گەڕایەوە بەردەمی. ڕۆژی پێشوو چوار کچی خێزانێکیان برد، بەیان دوانزە ساڵ، پەروین سیانزە ساڵ، کەژاڵ و شادیە دووانە بوون تەمەنیان پانزە ساڵ بوو، ئەم چوار کچە یەك لەیەك جوانتربوون، لەدڵی خۆمدا وتم گوندی خانخوار ئاوابێ، ئەمانە پەرین، نەك مرۆڤی ئاسایی، هەموویان ئەسمەری خوێن شیرین بوون، باڵابەرز و باریك بوون. بەتایبەتی دووانەکەیان دەتووت سێوێکن و کراونەتە دوو بەشەوە. دایکە ئاگای لە کچەکانی نەبوو هەر هاواری کوڕەکانی بوو، بەردەوام دەیووت و دەیووتەوە، کوڕەکانم وادی، مەهدی، گۆران ، بارزان. دەیلاواندنەوە، دەنگێکی تەواو کاریگەری هەبوو. هەمووماني بە گریان خست. شادیەش زوو هاواری دەکرد بەسەریا و دەیووت ناوی چوارەم مەهێنە، گەر گوێیان لێت بێت هەموومان سارد دەکەنەوە. ئەوان نازانن تۆ مەبەستت کوڕەکەی خۆتە. تکایە بێدەنگ بە. دایکەش پڕ بەهەموو قاووشەکە هاواری کرد بارزان... بارزان... کوڕە چارەڕەشەکەم دەبێت ئێستا لە کوێ بیت. دەنگەکە دەهات و دەچوو، ئەوانی تر سەریان سووڕما، ئەم ژنە چۆن دەوێرێ ناوی بارزان بهێنێ. عەسکەرێ خۆی کرد بەژووردا و لە پێش چاوی هەموومان گووللەڕێژیکرد، کەوتە سەر زەوی و خوێن بە هەموو لایەکدا فیچقەی کرد، کچەکان دەوری دایکیان دا. ئەویش هەر هێندە فریاکەوت تەماشایەکی کچەکانی کرد و بزەیەك کەوتە سەر لێوی و لێوەکانی جوڵاندەوە تا شتێك بڵێ فریا نەکەوت. قیژەو هاواری کچەکان مێشکی هەمووماني کاس کرد، سەربازەکە بەسەریاندا هاواری کرد.

ئەمجا بەبێ دەنگی بەسەر جەستەی دایکیاندا دەگریان، هەموومان لەدەوریان کۆبووینەوە، هەوڵمان دا دووریان بخەینەوە، کەسیان دایکیان بەرنەدەدا تا جلوبەرگەکانیان خەڵتانی خوێن بوو. تا ئێوارە کەس دەرگای لێ نەکردینەوە، لەگەڵ ئەوەی چەند هاوارمان دەکرد بێن لاشەی ئەو دایکە دەرکەن. کچەکان بە دیار دایکیانەوە خەریکە سوێیان دەبێتەوە. گریان هەر تەواو نەدەبوو، خۆ هەر ئەوان نە دەگریان ئێمەش هەموو پێکەوە دەگریاین، زیڕەی منداڵە بچووکەکانیش ئەوەندەی تر کاسیان کردبووین. ئەو ترسەی لە دەروونیاندا دروست بوو، مەگەر مەرگ بیرمان بەرێتەوە. تێنەدەگەیشتم ئەمانە مرۆڤ نەبوون، ئاژەڵێکی دڕندەش نەبوون، چونکە ئاژەڵێکی دڕندە کە تێری لە لاشەیەك دەخوا دەڕواو بەجێی دێڵێ. ئەمانە تا ئێسقانەکەشت نەخۆن وازت لێناهێنن. سێوەو هێرۆ دوو کێژۆڵەی بچووك بوون، تەمەنیان نزیکەی دوو ساڵ و پێنج ساڵ دەبوو، هەردووکیان دەستی یەکتریان گرتبوو، بەرەو ڕووی کچەکان ڕۆیشتن. هێرۆ هاتە پێشەوە وتی دادە مەگرین، دەتوانیین

دایکتان بەرینە لای شێخەکەی ژێر دارەکەی بەرامبەر گوندەکەی ئێمە، گوندی قەڵا ڕێویلە، یەکسەر چاك دەبێتەوە، سێوەش سەرێکی بۆ ڕاوەشاند وتی ئا ڕاست دەکات. خانمی دایکیان هات و باوەشی پێیاندا کرد و وتی ئێستا ناتوانیین مەگەر پاشتر. پاش ئەمە بێدەنگییەکی ترسناك دەروونی هەموومانی داگیرکرد. کەس لە شوێنی خۆی نەدەجولایەوە، تا ئێوارەیەکی درەنگ هاتن و لاشەی دایکەیان کێش کرد و کچەکانیش بەریان نەدەدا، تا چەند ژنێك چوون و کچەکانیان لە دایکیان دوورخستەوە. ئەوان هێزی بەرگرییان نەمابوو. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە گریان بوون. هەموو مات و بێدەنگ بووین. هێندەی نەبرد ئاو و سەموونەڕەقەکانیان بەسەردا دابەش کردین. ئارام و ڕووخۆش و سنەوبەر و گوڵاڵە چوار منداڵی گوندی تەپەگەڕوز بوون، هەریەکە جامە ئاوەکەی خۆی هێناو لەبەردەمی یەکێ لەو کچانە دایان ناو وتیان ها دەمووچاوتان بشۆن. هەموو سەیری یەکتریمان کرد، ئەوەی ئەم منداڵانە دەیکەن گەورەکانیش بیریان بۆی ناچێ. دەمووچاویان هەموو خوێن بوو، ئەوەندە باوەشیان کردبوو بە دایکیاندا، کە تەماشات دەکردن هەموو دنیات لەپێش چاو دەکەوت و خۆزگەت بە دایکیان دەخوارد کە ماڵئاوایی لەم ژیانە کرد. منیش سەرپۆشەکەی دایکیان کەبەدەست یەکێکیانەوە بوو، لێم وەرگرت و تەڕمکرد و یەکە یەکە دەمووچاویانم پێ پاککردەوە، زوو زووش وێنەی دایکیان دەهاتە پێش چاوم. بەردەوام فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوەو بە سوچێکی سەرپۆشەکەی دەیسڕییەوە. ئەم سەرپۆشە دیاری وادیی کوڕی بوو، بۆنی ئەوی لێدەهات. کردمە چوارپارچەوەو هەر پارچەیەکم دا بەیەکێکیان، نەکا هەر یەکەیان بەلایەکدا بچن، با هەر یەکێکیان یادگارییەکی دایك و براکەیان پێبێت. پاش دوو ڕۆژ لەو بەسەرهاتە وەك هەموو ئێوارەیەك کۆمەڵێکمان براین بۆ تەوالێت و وتیان ماوەتان دەدەینێ کە خۆتان بشۆن. خۆ شۆردنی چی لە توالێتەکاندا ئاویکمان بە خۆماندا دەکرد و جلە چڵکنەکانمان لەبەردەکردەوە کە لەبەر ئارەق و چڵکنی وەك دەواری ڕەشیان لێهاتبوو. بە هێواشی چوومە لایانەوەو وتم ئێوە لە پێش هەمووماناەوە بچن تا فریا بکەون



جلەکانتان بشۆن. با ئەمجارە کاتێکی زیاتر بۆ ئێوە بێت. من و سێ خوشکی گوندی قولی جان، سەرگوڵ و شەیما و چیا بڕیارمان دا خێرا میزەکەمان بکەین بۆ ئەوەی ئەوان فریا بکەون ئاوێك بەخۆیاندا بکەن و جلەکانی خۆیان بشۆن. خوێنی دایکیان بە جلەکانیانەوە وشك ببوویەوە.

زۆریان پێچوو، سەربازەکان تەنگیان پێهەڵچنین، کەوتنە هەڕەشەکردن لێمان وبە قۆناغە تفەنگ تێمان کەوتن. هەشت کچی گەنج بووین. هاواریان کرد، دەی خێرا کەن دەرچن کاتەکەتان تەواو بوو. ئێمەش بانگمان کردن، بەیان، کەژاڵ، پەروین، شادیە، دەنگ نەبوو، دەرگاکانیان نەدەکردەوە، سەربازەکان دەرگاکانیان دایە بەر پێ لەقە. دەرگاکان کەوتن، هەریەکە بە پارچەی سەرپۆشەکەی دایکی خۆیان هەڵواسیبوو، تا هێزمان تیابوو قیژاندمان، سەربازەکانیش دەستیان کرد بە پێکەنین و سەرگوولەیان پێوەنان و هەر بە گوللەش سەرپۆشەکەیان بچڕاندو کەوتنە خوارەوە. هەر چوارمان بە گریانەوە ڕامان کردە قاوشەکە. هەستم بە ئازارێکی بێ شوومارەکرد و ترس هەمووئەندامێکی لەشمی داگیرکرد. دڵم تێکەڵ دەهات وچاوەکانم ڕێشکەو پێشێکەیان دەکرد. نەك تەنیا وێنەی لاشەکانیان ئازاری دەدام بەڵکو خۆم بەتاوانبار دەزانی. من بووم سەرپۆشەکەی دایکیانم بۆ کردن بە چوار پارچەوە، من بووم کەرەستەی خۆهەڵواسینەکەم دا بەدەستیانەوە. ئەمەی ڕوویدا تاوانی من بوو. لەبەر خۆمەوە دەمووت خەتای من بوو، هەمووی خەتای من بوو، من داوام لێکردن بڕۆن ماوەیەکی درێژ لە ئاودەستەکە بمێننەوە، تا جلەکانیان بشۆن. لەو لاوە چیا هات و وتی، نا خەتای تۆ نەبوو، ئەوان خۆیان ئەو بڕیارەیان دابوو، دەمبینین هەر چواریان سەرپۆشەکەیان لوول دەکرد وەك ئەوەی بیانەوێ وەك پەتێکی ئەستووری لێ بکەن، هەرچواریان سەیری یەکتریان دەکرد، من دەمزانی شتێکیان لەژێرسەردایە. ئەوان تەنیا بەچاو قسەیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، لەیەکتریش تێدەگەیشتن. هەموو کاتەکە من سەیرم دەکردن، چیا باوەشێکی پێداکردم وتی ئەوە بڕیاری خۆیان بوو، دیارە منیش گەر هێندەی ئەوان ئازا بوومایە ئەوەم دەکرد. خۆ

هەموو ساتێك لەژیانماندا مردنە، ئەوەی خوا خۆشی بوێ زوو یارمەتی دەدا بڕوا، ژیانێکی مانای تێدا نییە. سەیری دادە نەسرین بکە. لەماوە کورتەدا سێ مندالّی یەك بەدوای یەکدا مردن، شەرمین پێنج مانگان بوو، لەبەر بێ شیری مرد، پەروین پێنج سالّ بوو، نەرمین شەش سالّ بوو، تووشی سکچوون و ڕشانەوە بوون بەیەك ڕۆژ هەردووکیان پێکەوە گیانیاندا. دادە نەسرین نەیدەزانی، باوەش بەکامیاندا بکات. تا دایکم چوو هەردووکیانی خستە باوەشیانەوە، هەردووکیانی نووساند بە سنگییەوە و دەگریا، دەگریا تا ڕۆحی هەردووکیان جەستەیانی بەجێهێشت. پێم بلّی مردن ئاسانترین ڕێگە نییە بۆ دادە نەسرین، ئەویش بەم زوانە دەمرێ. نە نان دەخوات نە ئاو، شەویش ناخەوێ. دەبینی لێوەکانی شین بوونەتەوە، چاوەکانی زەرد هەلّگەڕاون. توانای ئەوەشی نییە خۆی بەرز بکاتەوە، ئەو پیرەژنەی کە خەلّکی گوندەکەی خۆیانە بە زۆر ئاو بەدەمییەوە دەکات، زوو زووش پێی دەلّێت خەمت نەبێت دەلّێن پیاوانی گوندی تووکن ڕزگاریان بووە، خواش دەرگایەك لە ئێمە هەردەکاتەوە، مێردەکەت دەدۆزیتەوە. خوای گەورە مندالّی ترت پێدەبەخشێ. مردن ئاسانترین ڕێگەیە. هیچ نەبێت لەمە زیاتر ئازار ناچێژی. مردن تەنیا ڕێگای ئاسوودەییە. ئێمە هەموومان دەچینە بەهەشتەوە. منیش زۆرجار بیر لەوە دەکەمەوە شتێك لە خۆم بکەم، بەلاّم ئەو ئازاییەم تێدا نییە. جگە لەوەش نامەوێ دایکم جەرگی بسووتێ، ئەو هەردەم لەجەرگ سووتان دەترسێ، کە براکانم بوونە پێشمەرگە، هەموو ڕۆژێ هاواری بۆ خوا دەبردو دەیوت خودایە گیان جەرگم مەسووتێنە. ئێستاش دلّی بەوە خۆشە کە براکانم بەر دەست جاشەکان نەکەوتوون و لقەکەی ئەوان لەو ناوچانە دووربوون. دەبینی دایکم لە ژنەکانی تر گەش ترەو هێزی تێدایەو دلّخۆشی هەموومان دەداتەوە، هی ئەوەیە، دەزانێ گەر ئێمەش تێدا بچین کوڕەکانی ڕزگاریان بووە.

هەر ئەمەی وت و بەلادا کەوت. باوەشم پێداکرد و هێنامە سەر جێگەکە. نیوەڕۆیەکی درەنگ خەبەرمان بوویەوە، کەسیش نەیوێرا بێت بەلامانەدا. بەهێمنی چوومە خوارەوە، خواردنی بەیانیم ئامادەکردو لەگەلّ سەلوادا پێکەوە نانمان خوارد.



ئەو زۆر مات و بێ دەنگ بوو، لەوەی نەدەکرد هیچی بیرمابێت. "ئەمشەو نەمزانی وڕاوەت دەکرد یان خۆت باسی هەندێ بەسەرهاتت دەکرد". سەری ڕاوەشاند، وەك ئەوەی هیچی لەیاد نەبێت. 'باسی شادیەو چیاو بارزان و نەسرین و زۆر ناوی ترت دەکرد، لەیادت نییە ئەوانە کێن". ئەمجارە زۆر بە تووڕەییەوە سەری ڕاوەشاند و فزەی نەکرد. نانەکەی پێنەخورا. لەسەر جێگەکەی پالّکەوت و بێدەنگ بوو. کەوتە هەنیسك دان پێم سەیربوو، لەبەرئەوەی مرۆڤ پاش گریانێکی زۆر دەکەوێتە هەنیسکدان. چوومە لایەوە بەدەم هەنیسکدانەوە دەیووت وا هەستدەکەم خەریکە شێت دەبم، قسەی ژنەکان ڕاستبوو کە دەیان وت من بە شەو هاواردەکەم و قسەزۆر دەکەم. لە کاتێکدا من هیچ ئەو شتانەم بەبیرنایەت. تەنانەت خەونەکانیشم بەبیرنایەت. من جاران خەونم زۆر دەبینی، خەوەکانم هەموو دەهاتنە دی. خەوم بەو شتانەوە دەبینی کە دەهاتنەدی، ئێستا دەمەوێ خەون بە ڕابردووەوە ببینم، حەز دەکەم خەون بە خێزانەکەمەوە ببینم، دەمەوێ خەون بە خزمەکانمەوە ببینم، دەمەوێ خەون بە دلاوەری خۆشەویستمەوە ببینم. من لە ڕۆژی بۆمبارانکردنی قوتابخانەکەوە ئەو کوڕەم خۆشویست، کاتێك تەیارەکە هات، من لەژێر دارەکەدا دانیشتبووم، هەر مندالّەو بەلایەکدا ڕایکرد ئەویش بەرەو لای من هات، هەردووکمان لە ژێر دارەکە باوەشمان بەیەکتردا کرد و دەگریاین، لەهەمان کاتدا هەستمان بە ئاسوودەییەك دەکرد، وەك ئەوەی دارەکە لە بۆمباران بمانپارێزێ. هەردووکمان هیچمان بەسەر نەهات، کە وەئاگا هاتینەوە ئەو ناوە بێدەنگ بوو. سەیرێکی یەکترمان کرد و بەبێ ئەوەی قسەبکەین، هەریەکەمان ڕێگەی مالّەوەمان گرت. من وازم لە قوتابخانە هێنا، بەلاّم دلاوەر ڕێگای قوتابخانەی گۆڕی و بەبەردەمی مالّی ئێمەدا تێدەپەڕی. منیش ئەوەم دەزانی، هەموو ڕۆژێ لەبەردەم دەرگاکەدا چاوەڕوانم دەکرد، تا پۆلی شەشەم ئەمە کاری ئێمە بوو. لە هاویندا ئەو بەدوای مندا دەگەڕا، لەسەر ڕێگای کانی، یان لای باخچەکەمان. ڕۆژێکی هاوین زۆر گەرم بوو، چووم هەندی ئاو بێنم. منی ڕاکێشایە ژێر کەپری کوندەلاّنەکەوە ماچی کردم. ئەو ماچە دەرگای ژیانێکی نوێی بۆ ئێمە

کردەوە، خۆشەویستی توانای چاوانی تێپەڕاند. هەموو ڕۆژێ ڕێکدەکەوتین، هەندێ جار نیوە شەوان، دەمەو بەیانیان خۆمان دەدزییەوە یەکترمان دەبینی. دلاوەر زوو زوو گلەیی لێم دەکرد کە وازم لە خوێندن هێناوە، گەر وانەبوایە ئەو دەیتوانی نامەم بۆ بنووسێ. دلاوەر زۆر بە نەرمی و نیانییەوە لەگەڵم دەجولایەوە، زۆر شەو ئەو هۆنراوانەی دەخوێندەوە کە بۆمی نوسیبوون، مووچڕکە بە هەموو گیانمدا دەهات، توند توند باوەشمان بەیەکتردا دەکرد. شوێنی ئەو گوندە نەما ئێمە بە شەوان لێی نەبووبێتین. هەموو جار دەموت گوێ مەدەرێ ناگیرێین من فریشتەم لەگەڵدایە، کەچی زۆر لەو گەنجانە لە خەتدا دەگیران ولەلایەن کەسوکارەوە ئەزیەت دەدران. دلاوەر کوڕێکی زۆر زیرەك بوو، پاش ئەوەی شەشی تەواوکرد باوکی ناردیە شاری کەرکووك لای ماڵێکی خزمیان دەژیا، تا خوێندن تەواو بکات. ئەو هەواڵە بۆ هەردووکمان زۆر گران بوو، دلاوەر دوو دڵ بوو لە ڕۆشتنەکەی، من هانم دا کە بڕوات. پێم وت گەر من و تۆ یەکترمان خۆش بوێ و قەدەر ئەوەی لە ناوچاوانمان نووسیبێت، ئەوا هەر بەیەك دەگەین. ئەو چەند شەوەی دوایی هەر پێکەوە بووین، سەیر ئەوەبوو دەتووت هەموو چاویان لە ئێمە نوقاندووە، کەس ئێمەی نەدەبینی، تەنانەت جارێك کە دەمەوبەیانی هاتمەوە و چوومە ناو جێگەکەم دایکم ئاگای لێبوو. زۆر ترسام وتم سبەی کە هەستێ فەلاقەم دەکات. بەیانی بە ترس و لەرزەوە هەستام، کەچی وەك ئەوەی منی نەدیبێ وابوو. دلاوەر لەساڵێکدا دوو سێ جار دەهاتەوە، لەگەڵ پیاوی ئەوماڵەشدا کاری دەکرد، زۆرجار پاش قوتابخانە دەچووە سەر دووکانەکەی. ئەو پیاوە دلاوەری زۆر خۆش دەویست، ئەو کوڕێکی دەست پاك و ئێشکەر بوو. هەموو جارێك کە دەهاتەوە کۆمەڵێ دیاریی جوانی بۆ دەهێنام. ماوەیەك توانیم دیارییەکان بشارمەوە، پاشان ناچاربووم لای دایکم ئاشکرای بکەم. دایکم دڵی بەمە خۆشبوو، لەبەرئەوەی لە هەموو گوندەکەدا باسی زیرەکی و ڕەوشت بەرزی دلاوەریان دەکرد. دایکم ئەوی بانگ کرد و قسەی لەگەڵ کرد، بەباشی زانی بۆ پشووی هاوین بێت بۆ داخوازیم و نیشانەم بکات. بەقسەی دایکمی کرد، باوکیشم ڕازی بوو. دەبوایە ئەو



خویندن تەواو بکات. دلاوەر لە پشووی نیوەی ساڵدا هاتە لامان و داوای لە باوکم کرد کە هاوین بمگوێزێتەوە و لەگەڵ خۆیی بمبات بۆ کەرکووك. ئەو لەگەڵ خوێندنەکەی دەتوانێ کاریش بکات. باوکم دوو دڵ بوو. ئەو هاوینە هەر نەهات. ئێستاش و تا مردنیش هەر چاوەڕوانی ئەو هاوینە دەکەم. دەزانم دلاوەر هیچی لێنەهاتووە لەبەرئەوەی کە ئەو لە کەرکووك بوو. دلاوەر هۆنراوەی بۆ دەنووسیم، هەموو شەوێ دەیان هۆنراوەی بۆ دەخوێندمەوە. شەوێ دەفتەرو قەڵەمەکەی لای من بیرچوو، لە هەزار کوندا دەمشاردەوە تا کەسیان نەیبینن. هەر کاتێکیش بوارم هەبووایە بە دزییەوە دەرم دەهێنان و تێر ماچم دەکردن و بە سنگمەوە دەمنووساندن. شەوێك بەدیار مانگە شەوەوە دانیشتبووم، یادی شەوانی خۆمانم دەکرد، لاپەڕەیەکی دەفتەرەکەم کردەوەو وێنەی ئەوم کێشا، وێنەکە زۆر جوان بوو، هەروەك خۆی وابوو، ئەو شەوە چوار وێنەی ئەوم کرد، پاشان وێنەی مانگەشەوە ئاسمانە پڕ ئەستێرەکانیم کرد. کە هاتەوە نیشانم دا شاگەشکە بوو، لەباوەشی گرتم. بۆ جاری داهاتوو کە هاتەوە کۆمەڵێ دەفتەری گەورەو قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگی بۆ هێنام، داوای لێکردم بەردەوام خەریکی وێنە کێشان بم. کە خەڵکی گوندەکە بەمەیان زانی بە ریز دەهاتن و داوایان لێدەکردم کە وێنەیان بکێشم. هەموو ماڵێکی گوندەکە پڕبوو لە وێنە. بۆ جاری داهاتوو دلاوەر ڕەنگی زەیتی و چەند مەترێ خامی بۆ هێنام و نیشانی دام چۆن کاربکەم. هەندێ شوێنی بۆ دیاری کردم تا وێنەیان بکەم. بەڵێنی پێدام کە لەگەڵ خۆیدا دەیبات لەوێ دەیانفرۆشێ و پارەکەیم بۆ دەهێنێتەوە. ئەمجارەیان دلاوەر زووتر هاتەوە، بە پارەو هەندێ شتی ترەوە. کە ماڵەکەمان بەجێهێشت کۆمەڵێ تابلۆی جوانم کردبوو. کە بینیم ماڵەکەمان ئاگری گرتووە یەکەمین شت تابلۆکانی خۆمم بیر کەوتەوەو لە دڵی خۆمدا دەموت کە دلاوەر هاتەوە تەواو لێم زیز دەبێت چونکە بەڵێنەکەی ئەوم جێبەجێ نەکرد. دوایش دەموت پێی دەڵێم هەموو تابلۆکانم لەگەڵ گوندەکە سوتان. خۆ ماڵ نەبوو تابلۆیەکی منی تێدا نەبێت. ئێستاش هەر دەبێت ئەو تابلۆیانە بکێشمەوە. ئەو هەندێ کتێبی وێنەداری جوانی بۆ هێنابووم. تا تەماشای

وێنەکانی بکەم و وردببمەوە لە بەکارهێنانی ڕەنگەکانی. ئەو دەیوت هەر بە فرۆشتنی تابلۆکانی تۆ دەتوانین بەباشی بژین. منیش دەمووت تۆ هۆنراوە بنووسە و منیش وێنە دەکێشم. زۆر جار دەستەکانمی ماچ دەکرد و دەیوت، کێ بڕوا دەکات ئەم دەستانەی تۆ ناتوانێ بنووسێ کەچی دەتوانێ ئەم تابلۆ جوانانە بکێشێ. تاقە یادگارییەك کەلای ئەو مابێتەوە تابلۆکانمە. نازانم چەند ساڵ تێپەڕیووە، تەنیا ئەوەندە دەزانم ئەو هەر چاوەڕوانی منە. لەوانەشە هێشتا ئەو بخوێنێ. زۆر جار باسی کچەکانی هاوڕێی بۆ دەکردم، زوو زووش دەیوت هەموویان بە پەنجەیەکی تۆ ناگۆڕمەوە. منیش هیچ کاتێ ترسی ئەوەم نەبوو بۆ کچێکی شاری بەجێم بهێلێ. دەمزانی چەند یەکترمان خۆشدەوێت، گەر ئێستاش بەسێ منداڵی ئەم پیاوەوە بۆی بگەڕێمەوە وەك جاران باوەشم بۆ دەگرێتەوە. هەستە بابڕۆینە ژوورەکە. ئەمڕۆ دەبێت وێنەیەکی بکێشم. نازانم چەند گۆڕاوە، دواجار کە هاتەوە سمێڵی تاشیبوو، لێی تووڕەبووم ، بەڵێنی دا کە جارێکی تر کاری وا نەکاتەوە. ئیتر نەمبینییەوە. ئێستا کە وێنەکەی دێتە پێش چاوم، دەبینم سمێڵێکی ڕەشی داناوە. چاوەکانی خەمبارن، هیچ جوانییەك نابینێ. خۆشەویستی ئەو فێری زۆر شتی کردووم. لەوانەیە بڕوام پێ نەکەی. هەندێ جار ڕۆحم لە جەستەم دەچێتە دەرەوە، وەك ئەوەی بەسەر باڵی فریشتەکەمەوە بم، بفڕم. هەست بە فێنکی با دەکەم، هەست دەکەم چۆن یاری بە قژم دەکەن، هەر بۆیە نامەوێ قژم ببڕم، کە لەگەڵ فریشتەکاندا دەفڕم هەموو تاڵێکی قژم دەکەوێتە سەما، موچڕکە سەرتاپای گیانم داگیردەکات. بەناو دڵی ئاسماندا دەفڕین، ناو دڵی هەموومان سووردەکاتەوە، کەچی دڵی ئاسمان شین دەکاتەوە، شینییەك کە ئاسوودەیی و هێمنی بە دەروونت دەبەخشێ. لەوێوە ڕەنگی هەموو شتەکان شینە، گەر سەیری دەستت بکەیت، سەیری چاوت، قژت هەمووی شینە. کە بەرەو دڵی ئاسمان دەفڕم نامەوێ دابەزم. فریشتەکان بە زۆر دامدەگرنەوە. تا ئێستا دووجار چووم بۆ لای. هەردوو جارەکە بە تەنیا لەکتێبخانەکە بینیوومە. جارێ پەڕەی کتێبەکانم بۆ هەڵدایەوە، سەیرێکی ئەملاو ئەولای کرد و پەنجەرەکەی داخست بزەیەك گرتی و



دانیشتەوە لە جێی خۆی. جارێکی تریش کە ڕۆیشتم تاقیکردنەوەی هەبوو، زۆر خەمباربوو، خۆم و فریشتەکانم لاپەڕە بە لاپەڕەی کتێبەکانمان لە بەردمیدا کردەوە. هەر دەگەیشتە سەر پرسیارێ سەرێکی بەرزدەکردەوە لاپەڕەکە لەبەردەمیدا دەکرایەوە، خێرا وەڵامەکەی دەنووسی. سەری سووڕمابوو. کە تەواو بوو دایە قاقای پێکەنین و هەموو قوتابیان و مامۆستاکەی لایان بۆکردەوە، بە دەنگێکی بەرز وتی من لە ئەمڕۆوە بڕوام بە فریشتە هەیە. لەسەر کورسییەك دانیشت، گوێم لە دەنگی بیرکردنەوەی گرت، خۆشەویستەکەم دەبێت ئێستا لە کوێ بیت، ماوی، نەماوی نازانم، بەڵام وا هەست دەکەم لە سوچێکی ئەم جیهانەدایت، هەست بەگەرمیی هەناسەکانت دەکەم. هەست بە لێدانی دڵت دەکەم. دڵنیام گەر لەم دنیایەش یەکتر نەبینین لەو دنیا بەیەك شاد دەبین. لاپەڕەکانی بەردەمی بەجێهێشت و چووە دەرەوە. ئەو کاتە بەڵێنم پێدا گەر بۆ هەناسەیەکیش بێت بگەمەوە لای. بەڵێنم لە فریشتەکانم وەرگرت کە یارمەتیم بدەن بەیەك بگەین. لەم دنیا بێت یان ئەوی تر، گرنگ نییە. ئێستاش هەستە بابڕۆین بۆ ژوورەکەمان. دەزانی ئەم ژوورە وەك نیشتمانی ئێمە وایە. پێش ئەوەی تۆ بێیت زۆربەی کاتم لەوێ دەبردە سەر. خەمەکانم لەوێدا ئارام دەگرن، هەموو ئەو وێنانەم نیشان نەداوی کە کردوومە. زۆر وێنەم بە ڕەش کردووە، خوا ئەم پیاوەی بۆ من نارد. ئەوەی من پێویستم بێت بۆی کڕیوم. دلاوەر زۆر شتی فێرکردم، زۆرجار کتێبی لەسەر وێنەکێشان بۆ دەکڕیم و وشە بە وشەی بۆ دەخوێندمەوەو بۆمی دەکردە کوردی، زۆر شتی تێدا بوو سەبارەت بە بەکارهێنانی ڕەنگەکان. لەگەڵ ئەوەی من ئەو شتانەم نەدەزانی، بۆم دەرکەوت بە ڕاستی هەموو ڕەنگەکان بەکاردەهێنم. وێنەیەکم کێشا خۆم زۆرم پێ جوان بوو، دلاوەر لەگەڵ خۆیدا بردی. دەمەو ئێوارە بوو. لەتەنیشتی چەمەکەوە دانیشتم و وێنەی ئەو دار بییەم کرد چۆن تێکەڵ بە ئاوی چەمەکە ببوو، لێك جیانەدەبونەوە. بەردی ناو چەمەکان هێندە جوان دەرچووبوون، کە سەیری وێنەکەت دەکرد وا هەستت دەکرد ڕاستییەو تەنانەت گوێت لە خوڕەی چەمەکە بوو. دلاوەر لە پشتی وێنەکەوە نووسی:

من چەم و تۆ دارە بی
من خوڕەی ئاو، تۆ لەنجەی بی
باوەشم بۆ بسکت شانەیە
دڵم بۆ چاوت هێلانەیە
ئاوی چەم دەڕواو ناوەستێ
دڵم بەرەو ئامێزی تۆ دەفڕێ
هۆ کچە جوانەکەی دێیەکەم
تۆ تابلۆی خودایی خەونەکانمی
نەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان جێمبهێڵی

ئەو هۆنراوەیە زۆر درێژ بوو هەموویم بیر نایە. زۆر هۆنراوەی بۆ نووسیم. هەموو جار ناچارم دەکرد هێندەم بۆ بخوێنێتەوە تا لەبەری بکەم. ئەو شیعرەشی نەمتوانیایە لەبەری بکەم دەیدڕی و دەیوت دیارە ناگاتە دڵت بۆیە ناتوانی لەبەری بکەیت. تووڕە دەبووم، ئەویش دەیوت نەخوێندەوارییەکەت لەمەدا بەکەڵکم هات. ئەو خوشەویستییە بەختەوەریی بە هەردووکمان بەخشیبوو. لە سەرەتاوە کەس نەیدەزانی بۆ من هێندە ئاسوودە و هێمنم، هەرگیز لە شتێ تووڕە نەدەبووم، گرفتەکانم بە هێمنی چارەسەر دەکرد. زۆر جار دایکم بە ئەسپایی دەهات و هەندێ پرسیاری لێدەکردم. وەڵامەکانم هەموو ڕاست دەردەچوون، خۆشم نەمدەزانی چۆن. جارێك پارەکەی لە شوێنێکدا شاردبووەوە نەی دەدۆزییەوە، خێرا چووم نیشانم دا. وتی چیە دیارە تۆ جێگەکەت گۆڕیوە، بۆیە وا خێرا زانیت لە کوێدایە. پێکەنیم و قسەم نەکرد. دایکم بەم توانایەی منی دەزانی بەڵام دەیوت لای کەس باسی نەکەیت، دوایی دەتکوژن. هەندێ جار دەمووت ئەمە ئیشی فریشتەکانمە، جارێك بە گوێمدا چرپاندیان و وتیان ئەمە کاری خوشەویستییە. پێش هێرشەکە بە دایکمم وت دایە کارەساتێك ڕوودەدات، با بڕۆین ئێرە بەجێبهێڵین. داوام لە باوکم کرد، کەچی وتی گێلە گێل کچم. ئێمەیان جیاکردەوە، پێش ئەوەی سەرمانخە ناو زیلەکان. باوکم بەرەو



رووم هات باوەشێکی پێداکردم و بە هێواشی وتی"ئەی ئێستا بەرەو کوێمان دەبەن؟"، ڕووم وەرگێڕاو وەڵامم نەدایەوە. ئەو شەوە قسەکردنم بیر چووبووەوە. یەك وشە چییە بە دەممدا نەدەهات. فرمێسك دوای فرمێسك دەهاتە خوارەوە، سەیری کەسم نەدەکرد. بڕوایان پێ نەکردم، بۆیە هەندێ جار ناتوانم لێیان ببوورم. بە تایبەتی دایکم، ئەو دەیزانی ئەو قسانەی من بۆم دەکرد هەمووی ڕاست دەردەچوون. کەچی بەگوێی نەکردم. دەزانم ئێستا نەماون. خۆ ئێستا گوێیان لێمە. گەر بەگوێی منیان بکردایە ئەوەمان بەسەر نەدەهات. جارێکی تر دڵم ئاسوودە دەکەم و دەڵێم دەبووایە بە گوێی منیان نەکردایە ئەگینا من بە چارەنووسی خۆم نەدەگەیشتم. دە هەستە بابڕۆین. بچینە ژوورەکەمانەوە، درەنگە کاتی نانخواردنە، برسیمە، لەوانەیە ئەمە یەکەمین جارە کە هەست بەبرسێتی دەکەم. دیارە وشەکان بەری دڵمیان گرتبوو، بۆ کێ قسەم بکردایە. هەر باشبوو تۆ هاتی. من لەناو ئەم ژنانەدا دەمردم. خۆ دەمزانی پیلانی مردنیان بۆ دانابووم، گرنگ نەبوو بەلامەوە بمردمایە. ماوەیەکی زۆریش بوو هەستم دەکرد فریشتەکانم دوور بوون لێمەوە، من خۆم نەمدەویست گوێیان بۆ بگرم یان هەست بەبوونیان بکەم. ئەوان هەردەم لەکاتی تەنگانەدا فریام کەوتوون. ژنەکان لەسەرەتاوە باشبوون لەگەڵم، پاشان هەستیان دەکرد مێردەکەیان زۆربەی کات لەگەڵ مندا بەسەر دەبات، کەوتنە ئازاردانم و بێزاریان دەکردم. وەك جنۆکە بەدواوەمەوە بوون، هەموو کات کە دەچوومە ژوورەکەمەوە لە کونی دەرگاکەوە سەیریان دەکردم، چەند جارێ هەوڵیان داوە دەرمانخواردم بکەن. هەموو جارێ دەیانچرپاند بە گوێمدا خواردنەکە مەخۆ، زەهری تێدایە. جارێکیان خواردنەکەم کردە توالێتەکەوە، ئاوەکەم چەند جارێ بەردایەوە. خۆم لەسەر جێگەکە پاڵخست. هەر جارەی یەکێك دەهاتنە ژوورەوە، وایان دەزانی مردووم. منیش خۆم بە قەست نواندبوو، دەهاتن گوێیان بۆ هەناسەم دەگرت و دەیان وت هێشتا دەژی. دڵنیا بوون تا ئێوارە عەلی دێتەوە من مردووم. کاتێ عەلی هاتەوە نازانم چییان پێ وتبوو، هەموو بە شڵەژاوی خۆیان کرد بە ژووردا. کە منیش بە هێمنی هەستامەوەو باوەشێکم بۆ عەلی کردەوە، هەر کە

ئەمەیان بینی هەموو هاواریان کردو ڕایان کردە دەرەوە. ئەو کات عەلی هەستی کرد ئەوان پیلانێکیان لە ژێر سەردا بووە. خێرا چووە دەرەوە، هەموویانی بانگ کردە هۆڵە گەورەکەو قسەی لەگەڵ کردن هەر هێندە تێگەیشتم کە هەڕەشەیان لێدەکات، گەر یەك شت لەمن بکەن ئەوا هەموویان تەڵاق دەدات. پاش ئەو ڕۆژە کەسیان نەیاندەوێرا بێنە لام، دەیان ویست پیلانەکەیان بە ژنە خزمەتکارەکانیان جێبەجێ بکەن. ڕۆژێك کە خۆمم دەشۆرد دەرگاکەیان لەسەر داخستم و بتڵی غازیان لە ژوورەکەمدا کردەوە، فریشتەکان داوایان لێکردم پەنجەرەی حەمامەکە بکەمەوە. دەرگای حەمامەکەم کردەوەو بتڵێ غازەکەم بردە ئەوێ و دەرگای ژوورەکەم داخست و پەنجەرەکانیم کردەوە، کە عەلی هاتەوە دەرگاکەم کردەوەو نیشانم دا کە چیان کردووە. پاشان گوێم لە هاوارو قیژەیان بوو ئیتر نەمزانی چی پێکردوون. کلیلی دەرگاکەمی گۆڕی، سەلاجەیەکی هێنایە ژوورەکەمەوە، پڕی دەکرد لە خواردن و دەرگاکەی لەسەرم دادەخست هەتا دەهاتەوە. ناچاربووم فێری تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بووم. وردە وردە فێری زمانی عەرەبی بووم و لێیان تێدەگەیشتم، هەموو کەناڵەکان هەر عەرەبی بوون. نازانم چەند ڕۆژم بەم جۆرە بردە سەر. زۆر جاریش بە خواردن کاتم بەسەردەبرد. جارجارە لەبەردەم پەنجەرەکەدا دادەنیشتم و تەماشای دەرەوەم دەکرد. دەمویست شتێك بەدی بکەم وڵات و گوندەکەی خۆمانم وەبیر بهێنێتەوە، لەدەریا زیاتر هیچم بەدی نەدەکرد، لای ئێمەش هەموو شت هەیە تەنیا دەریا نەبێت. نەمدەویست بیر لە ڕابردوو بکەمەوە، بە درێژایی شەو من لەگەڵ کارەساتەکاندا دەژیام، بە ڕۆژ خۆم دەکرد بە شاژن. دلاوەریشم دەکرد بە شا و جلێکی جوانم لەبەردەکردو ئارایشتم دەکرد و زێڕو ئەڵماسەکانم بەخۆمدا دەکرد و لەسەر کورسییەك دادەنیشتم هەر ڕۆژێ چیرۆکێکی نوێم بۆ خۆم دەدۆزییەوە. ڕۆژم دەبرد سەرو ئەوەی کە نەمکردبوو لەگەڵیدا دەمکرد و هەندێ جار شەڕیشم لەگەڵدا دەکرد کە منی بەجێهێشتووە، خێراش ئاشت دەبوومەوەو لە ئامێزم دەگرت. ئەمە کاری من بوو، گەر بەردەوامیش بوومایە دیارە شێت دەبووم. تا ڕۆژێ عەلی پێش کات هاتەوە،



دیار بوو ژنەکانی تەلەفۆنیان بۆ کردبوو، ئەو ڕۆژە لەگەڵ دلاوەردا شەڕم کردبوو، دیاربوو گوێیان لە دەنگە دەنگی من بووە. هەر کە گوێم لە دەنگی کلیلەکە بوو حەپەسام. نەمزانی چی بکەم، خۆ فریا نەکەوتم بچمە حەمامەکەو ئارایشتەکەم بسڕمەوەو جلەکانم بگۆڕم. ئەویش کە منی بەمجۆرە بینی بە پێکەنینەوە باوەشی پێداکردم. دەرگاکەی داخست و ماوەیەکی دوورو درێژ پێکەوە بووین. چاوەکانم توند نوقاندن و وام دانا کە ئەوە دلاوەرە من لە باوەشیدا ئارامم گرتووە. پاش ئەو کاتە هەستم بەوە دەکرد کە بمەوێ یان نەمەوێ من تازە ژنی ئەم پیاوەم. ئەویش تاقە کەسێك بوو بوونی منی بەلاوە گرنگ بوو. بۆ من ئاسان نەبوو پاش خۆشەویستیی دلاوەر کەسێکی کەم خۆش بوێ یان کەسێکی تر منی بەمجۆرە خۆشبوێ. هەستم دەکرد هەر مەسەلە منداڵبوونیش نییە. بەڵکو خۆی بە خاوەنی من دەزانێ و دەیەوێ بمپارێزێ.

هەرکە تۆ کەباسی خۆت دەکەی من زیاتر بڕوام بە خودا و چارەنووس پەیدا دەبێت. بزانە پاش ئەو هەموو ئازارەی کە چەشتمان تۆ کێ ڕزگاری کردی و منیش چۆن بە تۆ گەیشتم. دەزانم ئەوانەی کە چوونە ئەو دنیایەی تر جێگایان بەهەشتە. بەڵام ئەوەی کە ئازارم دەدا چارەنووس و ژیانی ئەوانەن کە ئێستا ماون. وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر ئازارم دەدا. بڵێی ڕۆژێ لە ڕۆژان کورد ئازاد بێت و قەدری ئەو هەموو کارەساتانە بگرن کە ئێمە بینیوومانن. هەرچەندە هیچ شتێ ئەو برینە قوڵانە سارێژناکات. بەڵێن بەیەك دەدەین تا نەگەینەوە نیشتمان واز ناهێنین. مادەم ئەم پیاوە هێندە پێتەوە پەیوەستە، لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانیین زۆر شت بکەین. من دڵنیام لەوەی ڕێگایەك دەدۆزینەوە. هەندێ جار بیر لەوە دەکەمەوە بۆ کوێ بگەڕێینەوە، خۆ کەسمان نەماوە. لەوانەیە پێشمان بزانن یەکسەر بمانگرنەوە. هەتا گۆڕانکارییەك ڕوو نەدا ناکرێ بیر لە گەڕانەوە بکەین. من بەردەوام بە دزییەوە گوێ لە دەنگوباسی وڵاتەکان دەگرم، سەید لرەئیس هەر ماوە.

دیوارەکانی ئەو ژوورە بە وێنەی هەمە جۆر داپۆشرابوون، لایەکی هەموو

دەمووچاوی منداڵبوو، دەمووچاو بەبێ مل و لاشە، فرمێسك بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە، هەنیسکیان دەدا. لەیلا ترسی ئەوەی هەبوو ژوورەکە پڕ بێت لە ئاو، وێنەکان هەموو تێکبچن، ئەو هەموو تابلۆیانە ڕەنجی ماوەیەکی زۆری سەلوا بوو. وێنەی لالۆش لایەکی دیوارەکەی داپۆشیبوو، هەموو ڕۆژێ بەشێکی ئەم وێنەی تەواو دەکرد، ئەوەی زۆر بیری لێدەکردەوە، جەمەدانی و خەنجەرەکەی لای چەپی پشتوێنەکەی بوو. کە دەهاتە ژوورەکە هەموو شتێکی بیر دەچوویەوە، نە هەستی بە ماندووبوون دەکرد نە برسێتی. لەیلا بەزۆر خواردنی دەکرد بە دەمیدا. تەنانەت ئاگای لەوەش نەبوو کە سکێکی گەورەی هەڵگرتووە. چەند جارێك لە سەر کورسییەکە کەوتە خوارەوە، بیری نەدەکردەوە کە ئەوە لەوانەیە مەترسی بۆ سەر ژیانی منداڵەکانی دروست بکات. لەیلا پەیژەیەکی تایبەتی بۆ پەیدا کرد، تا بەئاسانی دەستی بگاتە شوێنە بەرزەکانی ژوورەکە. منداڵەکان بەردەوام دەگریان، بێدەنگ نەدەبوون. هەندێ جار دەنگە دەنگیش لەناو تابلۆکانی تریشدا بەرز دەبوویەوە. لەیلا هاواری کرد، تکایە بێ دەنگیان بکە، من لەمە زیاتر ناتوانم لەم ژوورەدا بم. بەرگەی کرۆزانەوەی ئەم هەموو منداڵە ناگرم. سەلوا بە ریز دەستی هێنا بەسەر هەر یەکێکیاندا، ئەوانیش وردە وردە بێ دەنگ بوون و خەو بردنیەوە. تابلۆی سەر دیوارەکە یەکجار جوان بوو، دەمووچاوی فریشتەیی کۆمەڵە منداڵێك، بە دەموو چاویانەوە دیارە هەموو خەو دەبینن. خەوێکی خۆش. هێندەی نەبرد بزەیەکی گەورە لە دەموو چاوی لالۆشدا پەیدا بوو. لە دیوارەکە هاتە دەرەوە، باوەشی کرد بە هەردووکیاندا. لەیلا واقی وڕما وەك بتێکی لێهات، سەلواش دایە قاقای پێکەنین و تەماشایەکی لالۆی کرد وتی هێشتا تەواوم نەکردووی دەبوایە چاوەڕوانت بکردایە. بۆ وا لەپڕ هاتیتە دەرەوە. ئەو لەوە زیاتر نەیدەتوانی چاوەڕوانی تەواوبوونی تابلۆکە بکات. هەر جارەی دەیبینین هەستی بە ئازارێکی زۆر دەکرد وەك ئەوەی تێزاب بکەیت بەسەر دڵیدا. باوەشی بە هەردووکیاندا کرد. دەزانم چەند پێویستیتان بەمن هەیە، منیش لەوە زیاتر ناتوانم دەستە پاچە بوەستم. ئازارەکانتان تەنگی



پێهەڵچنیووم. لەیلا تا شلەژانەکەی خۆی بشارێتەوە هەستاو وتی ڕادەکەم بەرماڵەکە دەهێنم. بیری چوو دەرگاکە دابخات. لە چاو تروکانێکدا ژنەکان هاتنە ژوورەوە، ئەمجارە ئەوان وەك جنۆکە وابوون، کەس نەیزانی چییان بینی، وێنەی سەر دیوارەکان یان لالۆ، یان فریشتەکانی دەوری سەلوا. هەموویان پێکەوە قیژاندیان و ڕایانکردە دەرەوەو نەیانزانی چۆن لە قادرمەکان بچنە خوارەوە، هەموو کەوتن بەسەریەکدا و خل بوونەوە خوارەوە. گیانیان شین و مۆر ببوویەوە. هاتو هاواری ئەمان لەیلای وەخەبەر هێنایەوە و بەرەو قادرمەکان ڕایکرد و لەهەمان کاتدا لەیلا بە خۆی و بەرماڵەکەیەوە بەرەو دەنگەکە ڕۆیشت. هەموویان وەك فەردە بەسەر یەکدا کەوتبوون و هاواریان لێ بەرز دەبوویەوە. ئەمیش دەستی کرد بە پێکەنین. ئیشکەرەکان ڕژان بەسەریاندا و لەیلا داوای لێکردن کە تەلەفۆن بۆ دکتۆر بکەن. ئەوانی بە جێهێشت و گەڕایەوە ژووری وێنەکێشان. لەبەر پێکەنین هیچی بیرنەمابوو. لالۆ باوەشی بۆ هەردووکیان گرتەوە، لە نێوانیاندا دانیشت. ماوەیەکی زۆر هیچ قسەی بۆ نەدەهات، تەنیا فرمێسك بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوارەوە. خەمتان نەبێت هەرگیز بەتەنیا جێتان ناهێڵم. دڵنیاشتان دەکەمەوە ڕێگایەکتان بۆ دەدۆزمەوە کە بتوانن بگەڕێنەوە بۆ نیشتمان، ئیستا بۆ کوێ دەگەڕینەوە، کەس لە ناوچەکانتان نەماوە. لە سەر بەرماڵەکە سەردانی ئەو ناوە دەکەینەوە، گەشتی ئەو شوێنانە دەکەین کە دڵ دەیەوێ. هەر شوێنێك و چیرۆکێکی خۆی هەیە، گرنگ ئەو چیرۆکانە لەبیرنەکەن، ڕۆژێك دێت ببنە هێزی ژیانەوەو گۆرانییەکی کۆرپە، لە گوێی هەر یەکێکتاندا بزرنگێتەوە، دەروونە زیندووەکان بهەژێنێ. ئەوەی خەمی قورسی منە ئەوەیە ئەم میللەتەی ئێمە هەر زوو ڕابردووی بیری دەچیتەوە، خۆی لەوە گێل دەکات کە چی بەسەر هاتووە. زۆر جار دەڵێم خۆزگە دەبوومە بارانێك و دادەباریمە سەر هەموویان، هەموویانم دەهەژاند و ئارامیم بە ڕۆحیان دەبەخشی. حەز دەکەم بێمەوە خوارەوە، بەڵام دڵم نایە ئەو هەموو پاڵەوانانە جێبهێلم، بوونی من لەگەڵیاندا دڵیان خۆش دەکات. هێندە دڵم پێیان خۆشە، هەموو دەورم دەدەن و داوا لە هەریەکەیان دەکەم

باسی کۆچ و شەڕەکان بکەن، ئێمە لێرە لەوانەی سەر زەمین بە ئاگا ترین. هەموو داستانەکانمان نووسیوەتەوە. گێڕانەوەی داستانەکان وزە و گەرمی بە دڵمان دەدا، بۆیە زوو یەکدەگرینەوە، یەك لەدوای یەك باسی ڕووداوەکان دەکەین. لەبەرئەوەی لای ئێمە کات ئەو بوونەی ئێرەی نییە، بۆیە ناتوانم بڵێم چەندان ڕۆژ بەو شێوەیە دەبەینە سەر. تەنیا یادگارییەکانی ئەوانەی لە زینداندا هاتوونەتە ئەمبەرەوە زۆر ئازارمان دەدا. لێرە ناتوانیین لەوە بگەین ئەو ڕۆحانەی لەناو ئەم ڕووناکییەوە دادەبەزنە خوارەوە، چۆن دەتوانن دڵێك لەبەرد و جەستەیەکی بێ هەست بکەنە حەشارگەی خۆیان. ئەی ئەو جەستانەی کە بەرگەی هەموو چەشنە ئەشکەنجەیەکی گرتووە تەنیا لە گۆشت و خوێن و ئێسقان دروستبووە، یان شتێکی تری تێکەڵ بووە. چی نەماوە پێیان نەکردبێت، ڕۆحێکمان لەگەڵدایە لە ڕۆژێکدا سێ جار بردوویانە بۆ ئەشکەنجە. بەسەردا هەڵیان واسیوە و کارەبایان لێداوە تا لە هۆش خۆی چووە، خەساندوویانە، بە ئوتوو سووتاندوویانە، نینۆکەکانیان دەرهێناوە. زۆر جار لەوانە دەپرسم چۆن بەرگەی ئەم هەموو ئازارەتان گرتووە، یەکێکیان وتی ئەو ساتانە داوام لە ڕۆحم دەکرد هەستەکانم لەگەڵ خۆیدا بەرێ بۆ ماوەیەك بیانگوێزێتەوە، کە ئازارەکان بەرەو کەمی دەڕۆیشتن ئەوکات دەهاتنەوە ناو جەستەم. ئیتر وای لێهات ڕۆح و جەستەم بەیەکتر نامۆ بوون ، زوو زوو جەستەم بێ ڕۆح و هەست دەمایەوە. مێشکم لە کاردەخست و هەموو نهێنییەکانم دەسڕییەوە. جەستەم بێناز دەکەوت و ئیتر دڵم لە لێدان دەکەوت، مێشکم لەکار کەوت. ئازارەکان فێرت دەکەن

دەرگایەك لە تاریکیدا بدۆزیتەوە. گەر هەست بە کاریگەریی ئەو تاریکییە نەکەی ئەوا ڕۆح بەدوای دەرگادا ناگەڕێی. پاش ماوەیەك کە لێرە دەمێنینەوە، مانای ئازارەکانمان بیر دەچێتەوە، لای ئێمە ئازار بوونی نییە. من لێرە پێشوازی لە هەموویان دەکەم، هەرکە دێن بەسەرهاتەکانیان پێ دەگێڕمەوە. پێش چەند ڕۆژێ پێشمەرگەیەکی منداڵکار هات. ئازایەتی بریسکەی ڕۆحی بوو. لە شەڕێکدا بریندار دەکرێ گوللەیەك بەر شانی دەکەوێ، لە پەنایەکدا پارچەیەك لە پشتوێنەکەی دەدڕێ



و دەیخاتە سەر برینەکەی. بەکەس ناڵێ کە بریندارە نەکا بیگەڕێننەوە بۆ بنکە. هەستی پێدەکەن کە وەك جاران وەك ئاسك ڕاناکا و پێش هەموویان ناکەوێ، زووش دوا دەکەوێ. خوێنی برینەکەی ناوەستێ لەگەڵ ئەوەی زوو زوو خۆی دەشارێتەوە تا پارچەیەکی تر بخاتە سەر برینەکەی. ئەمجارەیان قەدبڕ دەڕوات و دزە دەکاتە ناو دوژمن وهەر هێندە فریا دەکەوێ کە ڕیزە فیشەکێك بنێت پێیانەوە تا هێزی تێدا بوو نارنجۆکەکەی لاقەدیشی فرێ دەداتە بەردەمیان. خۆێ بەر دەستڕێژێك دەکەوێ. هاوڕێکانی پێیان وت "بڕیارنەبوو ئەمە بکەی". بزەیەك گرتی و دوا هەناسەی وەك کۆمەڵە پەپوولەیەك بەرەو ئاسمان فڕین. جەستە بێ ڕۆحەکەیان جێنەهێشت، بردیانەوە لەگەڵ خۆیاندا، پارچەی پشتوێنەکەیان لەناو قوڵایی برینەکە دۆزییەوە و بە فرمێسك جەستەکەیان شۆرد. زۆرجار دەمەوێ ئەم داستانانە بنووسمەوەو فڕێی دەمە خوارەوە، بەڵکو هۆشیان بێتەوە سەرخۆیان و دەست لە یەخەی یەکتر بەربدەن، لەو ڕۆژە دەترسم کە لەبەر سامان وپارە بەربنە یەکترو خاکەکەی خۆیان خوێناوی بکەن. دەشزانم ئەو ڕۆژەش هەر دێ. ئێمە لێرەوە ڕۆحمان بکەین بە دیوار لە نێوانیاندا یان ڕەوتی گوللەکان بگۆڕین کەڵکی نییە. یەکتر دەکوژن، دەیانبینم، بەربوونەتە خۆیان، ئاوی کانیاوەکانیش سوور بووە، شنەی با دەقیژێنێ، چیاکان قژیان دەڕنن. هەموو ئەندامێکی جەستەی ئەم سروشتە، هەموویانی لە ئامێز دەگرت و دەرگای دڵی بۆیان دەکردەوە و دەیان پاراستن، نە سوتان و نە هەرەس چۆکی بە سروشت دانەدەدا. هەموو دەیانویست ئاسوودەیی بۆ ڕۆحەکان دابین بکەن، کەچی کە بوونە خاوەن زەوی، دەستیان دایە سنگی یەکتر و لەسەر دابەش کردن، خوێن دەڕێژن. من لێرەوە لەرزم لێهاتووە. هەست بەبارگرانی دەکەم چۆن پیشوازی ئەو ڕۆحانە بکەم لەم جەنگە خۆکوژییەدا بەرەو ئێرە دێن. نازانم لە چ خانەیەکدا دایان بنێم. بە چ ناوێکەوە بەوانی تریان بناسێنم. خۆ هەر ئەمانەبوون بۆ گەیاندنی تروسکایی ڕووناکی بە کۆرپەکانیان دەجەنگان. کاتێ ڕووناکی لێیان نزیك بوویەوە. بۆ دابەشکردنی ئەو تروسکاییە دەستییان دایە یەخەی یەکتری، لە جیاتی ئەوەی بە هەردوو لایان بیپارێزن. هاوارم

کرد بەسەریاندا، خۆم تووڕەکرد لێیان. گوێیان لێم نەبوو، یان نەیانویست گوێم بۆ بگرن. ئای چەند تووڕەم لێیان، گەر بمتوانیایە دەچووم گوێی هەموویانم ڕادەکێشا. ئێمە قوتابیەکی تەمبەڵین، لە هەڵەکانمانەوە فێرنابین، لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا هەڵە دەکەین. گەر هەمان پرسیارمان بۆ هاتەوە جاریکی تر ئەوا هەر هەمان هەڵە دەکەینەوە. بۆیە گەیشتن بە ڕووناکی هێندە ڕێگایەکی درێژخایەنەو و تەمەنیشی کورتە. سەلوا و لەیلا لە قسەکانی لالۆ نەدەگەیشتن. خۆ ئەویش بە کوردی قسەدەکات. لەوانەبێت ئەو ئاگای لە هەندێ شت بێت کە ئەمان نەزانن.

لالۆ بەرماڵەکەی لە سەلوا وەرگرت. بە سەر ئەم بەرماڵەوە دەتوانیین سەردانێکی نیشتمان بکەین. ئێمە سێ کەسین، نا سێ کەس نیین، شەش کەسین، بەرماڵەکە هەڵمان ناگرێ. سەلوا لەولاوە هەڵی دایە و وتی من خۆم چوار باڵم هەیە پێویستم بە بەرماڵەکە نییە، با ئێوە هەڵگرێ. گرنگ ئەوەیە لەیەك ون نەبین، گەر بتوانیین ئەمە بکەین، ئەوا مانای وایە خودا پاداشتمان دەداتەوە. بەڵام دەبێت بەڵێنی ئەوەمان پێبدەیت کە گەیشتینە ناوچەکانی خۆمان دابەزین. هیچ نەبێت بزانین کێ ماوە، ئاخۆ کەس هەبێ گەڕابێتەوە؟. خۆ گوندەکانیشیان هەموو تەقاندەوە. گوندی چی؟ گوندەکەی ئێمە وەك شارێکی لێهاتبوو، هێندە گەورە ببوو. هەر بە پێش چاو خۆمانەوە یەك بەیەکی ماڵەکانیان دەتەقاندەوە. تەنیا بۆ ئەوەی نیشانمان بدەن کە بواری گەڕانەوەمان نییە. بیر لە گەڕانەوەش نەکەینەوە. جاشەکان پێیان دەوتین کە پێویست ناکات لەو کەلاوانەدا بژین. شاری عەسرییان بۆ کردووینەتەوە. لەوێ ژیانێکی نوێمان دەبێت. گەر وایە بۆ جیامان دەکەنەوە، بۆ پیاوەکان بە تەنیا و ئێمە بەتەنیا، خۆ هەر خێزانە و بۆ خۆی بخەنە ناو زیلەوە. ئەی خۆ ناهێڵن هیچ شتێ لەگەڵ خۆماندا بەرین، هەموو بە دزییەوە پارە و ئاڵتوونمان هێنا، ئەویشمان لە ناو جلەکانماندا شاردەوە. کە ئێمەیان لە باوکم جیاکردەوە، باوەشم پێداکرد و بە دزییەوە ملوانکەیەکی ئاڵتوونم خستە گیرفانییەوە، لەو باوەرەدا بووم کە بەکەڵکی دێت "دەتوانی بیفرۆشێ و کەڵکی لێوەرگرێت". ئەو کاتە هەموو سەرمان لێشێوابوو،



نەماندەزانی بۆ کوێ دەمانبەن،...؟ بۆ چی؟، کەس نەیدەزانی، زۆریان بڕوایان بە قسەی جاشەکان کردبوو کە دەیان وت دەمان بەنە شاری عەسری. لەو لاشەوە ماوەیەکی زۆر بوو پێشمەرگە نەهاتبوونە ناوچەکانی ئێمە. هیچ دەنگوباسێکمان نەدەزانی، لەوەشی دەکرد ناوچەکەی ئێمە یەکەمین ناوچە بێت. هەندێ کەسیش دەیان وت لەوانەیە وەك ئەوانەی ساڵی هەفتاکان، بەرەو باشوورمان ببەن. سەرگەردانییەکی سەیربوو. هەموو دەچووین بەناو یەکدا، کەسیش دەسەڵاتی هیچی نەبوو، هەندێ دەیان وت با ڕابکەین کەس نازانێ بۆ کوێمان دەبەن، هیچ نەبێت با پیاوەکان ڕابکەن. لە ڕووی هەریەکێکماندا دەیان پرسیار دەبینرا، نەبوونی وەڵام بۆ ئەو پرسیارانە ترسێکی زۆری لە دڵماندا دروستکردبوو. ئەو ترسەی تا مردن وەك سێبەر بەدوامانەوەیە، ئەو ترسەی کە مانای خۆشی و ئارامیی ژیان دەسڕێتەوە. بواری بیرکردنەوەمان نەبوو یان خۆمان نەماندەویست بیربکەینەوە. وا هەستم دەکرد مێشکمان بەستوویەتی، دەبوایە هەر ئەو کاتە تێگەیشتینایە، ئەم ڕاماڵینە کارەساتێکی بەدواوەیە، یان بە سەروبن کردنی گوندەکان ڕاستییەکمان بۆ دەرکەوتایە. ئەی چۆن بڕوامان بە جاشەکان کرد، لە هەموو سەردەمەکاندا جاش هەر جاش بووەو بە پارە ویژدانیان فرۆشتووە. وەك سەرە مەڕ ناونووسیان دەکردین و دەخراینە زیلەکانەوە. یەکەمین جارە بیر لە مەڕومالاتی خەڵکەکە دەکەمەوە، لەوانەیە جاشەکان هەموویان فرۆشتبێ. ئەی پشیلە و سەگەکانی ئاوایی چییان بەسەرهات، دەبێ پاش ئێمە چۆن بژین؟! لەوانەیە ڕوویان کردبێتە ئەو شاخ و دۆڵانە و کێویی بووبێتن. ئاخ گەر دەمتوانی بگەڕێمەوە. هەر بەخۆیان گوندەکان دروست دەکەمەوە. پاشانیش یەکەبەیەکەی جاشەکانم لە دەشتایی بەردەم گوندەکاندا هەڵدەواسی. ئازارەکانی دەروونم تێکەڵ بە شاخێك لە ڕق بووە. قورساییەکی هێندە گەورەیان لە دەروونمدا دروستکردووە، نازانم چۆن هەناسەم بۆ دەدرێ. خەمەکان خەریکن دەمخنکێنن. کەچی دەمەوێ بژیم چونکە دەزانم دەگەڕێمەوە، گەڕانەوەیەکی پڕ ئازار و خەم.

لالۆ فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە چونکە ئەو دەیزانی کارەساتی لەوە گەورەتر رووی داوە، ئەو لەسەرەوە هەموو رووداوەکانی بینیووە. دەستەڵاتی گۆڕینی رەوتی رووداوەکانیشی نەبووە. هەموو هاوارو ناڵەو گریانێك وزەی ئەوی هێناوەتە هەژان. ئەو دەیبینیی یەکە بەیەکەی نەوەکانی چییان لێدەکرێت. بە نیازە لە گەشتەکەیاندا سات بە ساتی رووداوەکانیان نیشان بدات. بەرماڵەکەی دایەوە دەستی لەیلاو چووەوە ناو تابلۆی سەر دیوارەکە. ئەمجارەیان بیری چوو خەنجەرەکەی لەگەڵ خۆیدا ببات. لەیلا خستیە بەینی بەرماڵەکەی، هەردووکیان ماندوو ببوون. دەرگاکەیان کردەوە هەستیان بە برسێتی دەکرد هەروەك ئەوەی زەمانێك بێت هیچیان نەخواردبێت. عەلی بەرەو روویان هات. لەیلا باش دەیزانی یاری بە عەقڵی بکات. کۆمەڵێ هەواڵی خۆشی یەك لەدوای یەکی بۆ باسکرد. منداڵەکان زۆر دەجووڵێن و خواردنیان زۆر دەوێت، سەلوا بەردەوام دەبێت خواردن بخوات. چوار مانگی تری ماوە تا ببیتە باوك. پێشنیازی ئەوەی بۆکرد بچنە وڵاتێکی تر منداڵەکانی ببێ چونکە سیانەیەو لەوانەیە لەم وڵاتە نەتوانن یارمەتی بدەن و منداڵەکان یان سەلوا شتێکیان بەسەر بێت. لەیلا پلانی خۆی هەبوو لەم پێشنیارەدا. هەر کاتێکیش هەواڵی لەم بابەتەی بۆ عەلی باسبکردایە، کۆمەڵێ پارەی دەخستە دەستییەوە، لەیلا پارەکانی دەژماردو دەیخستە شوێنەکەی خۆیەوە. خۆی دەیزانی ئەم پارانەی بۆ چییە.

ژنەکانی عەلی سەریان بچووایە نوێژییان نەدەچوو، هەر کاتی نوێژ دەهات کۆدەبوونەوە و بەتەنیشت یەکدا بەرماڵیان دادەخست و نوێژیان دەکرد و پاش نوێژیش چەند ئایەتێکی قورئانیان دەخوێند و بەدەم قورئان خوێندنەوەشەوە لە خوای گەورە دەپاڕانەوە تا یارمەتییان بدات لەم دوو جنۆکەیە رزگاریان بکات. پاش ئەمانە هەموو سەریان دەکرد بەیەکدا و پیلانیان دادەنا بە چ جۆرێك ئەم دوو ژنە لەناو بەرن. خەمی گەورەیان لەیلا بوو. هەرچی پیلانێکیان دادەنا ئەو ئاشکرای دەکرد. دەبوو رێگەیەکی تازە بدۆزنەوە، پیلانێك جنۆکە هەستی پێنەکات و نەیبینێ. حوریە و خەدیجە تا رادەیەك لە زەهرا دەترسان، زەهرا نەیدەویست سەلوا هیچی لێبێت تا



منداڵی دەبێت. ئەو دەیزانی ئامۆزاکەی چەندە دڵی بەم منداڵانە خۆشە. منداڵی عەلی لە خوێن و گۆشتی ئەون، بۆیە رێگایان پێنادا شتێك لە سەلوا بکەن. عەلی لە ژێرەوە بەڵێنی بەم دابوو کە منداڵەکان دەدا بە خۆی لەبەرئەوەی ئەو لە هەموویان زیاتر دڵسۆزی ئامۆزاکەیەتی. بەتایبەتی پاش ئەو شەوەی کە نهێنییەکی خۆیی بۆ ئاشکراکردبوو و پێی وتبوو کە پاش منداڵبوونەکە پیلانێکی تایبەتی هەیە بۆ هەردووکیان و منداڵەکان، بەڵام نایەوێ ئاشکرای بکات. زەهرا تەواو بڕوای بە قسەکانی ئامۆزاکەی هەبوو. زۆرجار لەگەڵ پیلانەکانی ئەواندا نەبوو، بەتایبەتی گەر پەیوەندیی بە سەلواوە بووایە. بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەیدەویست پیلان و نهێنییەکانی ژنان بۆ عەلی ئاشکرا بکا.

حوریە مەلایەکی دەناسی، ئەو مەلایە جنۆکە و شەیتانی لە ماڵەکاندا ڕاودەنا. ئەو دەیووت هەندێ جار شەیتان و جنۆکە دەچنە ڕۆحی مرۆڤەکان و ژیانی ماڵەکە هەموو تێکدەچێ و هیچ شتێك وەك خۆی نامێنێتەوە. شتی سەیر و ترسناك لە ماڵەکەدا ڕوودەدات. هەمووی ڕاستە لەوەتی ئەم دوو ژنە هاتوونەتە ئەم ماڵە، نەگبەتی و ئاژاوە ڕووی لەم ماڵە کردووە، شتی وا ڕوودەدات مرۆڤ بڕوا ناکات. ژنەکان ئاگایان لە خۆیان نەماوە، هەر یەکەیان شەڕ بە دارو بەردی ماڵەکە دەفرۆشن. ساتێ پێکەوە ئاشتن و ساتێکی تر بەشەڕ دێن. تووشی نەخۆشی دەبن و دکتۆرەکانیش ناتوانن نەخۆشییەکان دەستنیشان بکەن. زەهرا نەخۆش کەوت، سێ ڕۆژ کەس بەتەمای نەبوو، سەلوا هات و هەندێ گژوگیای بۆ کوڵاند و لەیلا دەرخواردی دا، هێندەی نەبرد هەستایەوە سەرپێ. ئەم ڕووداوە هێندەی تر ئەم ژنانەی بەرەو شێتی دەبرد، ئیتر دڵنیا بوون لەوەی ئەم دوو ژنە جنۆکەن، هەرکاتێ بیانەوێ کەسێ دەکوژن یان نەخۆشی دەخەن یان چاکی دەکەنەوە. هەرسێکیان بڕیاریان دا ئەو مەلایە بە دزی عەلییەوە بانگ کەن بۆ ماڵەوە، چونکە عەلی بڕوای بەم خورافاتانە نییە. گەر بزانێ کاری وا دەکەن دارکارییان دەکات. مەلا هات و هەر لە دەرگای ماڵەکەوە فێی لێهات و کەوتە بڵمە بڵم. خوێندنەوەی ئایاتی قورئان. ئەم ماڵەتان پڕە لە شەیتان و

جنۆکە، هەی هاوار چۆن زوو بانگتان نەکردم. ئێوە چۆن ژیاون، چۆن هیچتان بەسەر نەهاتووە، کێ دەڵێ شەیتان نەهاتووەتە ناو جەستەی خۆتانەوە.

ژنەکان چوونە پێشەوە لە مەلا گیان و دەست و شانیان ماچکرد. مەلا داوای کرد بە هەموو ژوورەکاندا بگەڕێ، تابزانێ لە کوێیی ماڵەکە ئەو ڕۆحە شەڕانە خۆیان حەشارداوە. ژوورەکان هێندە زۆر بوون بەیەك ڕۆژ تەواو نەدەبوون. لە کوێوە دەست پێبکات باشترە، مشتومڕێکی زۆریان لێکرد. بڕیاریان دا لە ماڵەکەی حوریەوە دەستپێبکەن. مەلا چووە هەموو ژوورەکانەوە کەچی نەچووە ژووری سەلوا و لەیلاوە، ویستیان مەلا ڕاکێشنە ژوورەکانی ئەوانەوە، مەلا ڕازی نەبوو، هەست ناکەم هیچ هێزێکی خراپ لەم ژوورانەدا بێت، خەمتان نەبێت من هەناسەی شەیتان دەناسمەوە. هەرسێکیان بە دوایەوە بوون، ئالێرەدا مۆڵگەی جنۆکەیە، دەرگای ئەم ژوورەم بۆ بکەنەوە. حوریە هەموو گیانی کەوتە لەرزین، دەرگاکەی بۆ نەدەکرایەوە، نەیدەزانی گەر دەرگا بکاتەوە چی چاوەڕوانی دەکات. لەوانەیە هەموو دێوو درنج بن، چۆن ئەمەی بەسەردا تێپەڕیووە، ئەم هەرگیز ئەم ژوورەی بەکارنەهێناوە، کەسیش نەچووەتە ژوورە. زەهرا خۆی پێ ڕانەگیرا و کلیلەکەی لێوەرگرت و دەرگاکەی کردەوە. مەلا باڵەکانی فشکردنەوە و پێش هەموویان چووە ژوورەوە و گڵۆپەکەی داگیرساند و پەردەکانی لادا و حاڵی لەخۆی هێنا. چاوەکانی بە شێوەیەکی بازنەیی سەیری هەموو کون و قوژبنێکی ژوورەکەی دەکرد. لەرزی لەخۆ هێناو کەوتە حەی ئەللا. لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشت، جانتاکەی دەرهێنا، کۆمەڵێ بوخوردی دەرهێنا و بە خێرایی دایگیرساند و قورئانەکەشی دەرهێنا و لە ناوەڕاستدا کردیەوەو کۆمەڵێ ئایەتی قورئانی بە خێرایی خوێندەوە. زەهراش خەمی ئەوەی بوو لەیلا بەم بەزمە بزانێ، ژوورەکەی لەیلا لە نزیکی ئەو ژوورەوە بوو. ئەم جنۆکانەی لەم ژوورەدان ژیانی لە هەمووتان تێکداوە و خۆشی لەم ماڵە دزیووە. هەموو لەسەر پلن بۆ یەکتر. ئەمانە هێندە وا بەئاسانی لەم ماڵە نارۆن. ئێستا بە تەنیا جێمهێڵن. مەلا زیاتر لە دوو سەعات لە ژوورەکەدا مایەوە. ئەوانیش لەبەردەم ژوورەکەدا دانیشتبوون و چاوەڕوانی



مەلایان دەکرد. لە ناکاو مەلا هاتە دەرەوە و هەموو ڕوویان تێکرد. بەداخەوە نەمتوانی هەموویان دەرکەم، دەبێت سبەی بگەڕێمەوە. وابزانم چەند ڕۆژێکی دەوێت. بە پێکەنینەوە سەیری هەرسێکیانی کرد و وتی دەبێت هەرجارەی یەکێکتان بەرمە ژوورەوە، لەبەرئەوەی ئەو جنۆکانە بە گیانی ئێوەشەوە نووساون، دەرکردنیان لە گیانی ئێوە هێندە ئاسان نییە. مەلا گیان چی دەڵێی وادەکەین، تەنیا دەمانەوێ ژیانمان وەك جاران ئاسایی بێتەوە. هەموو سەرمان لێشێواوە. پێکەنین و خۆشی لەم ماڵەدا نەماوە، تاقەتی چوونەدەرەوەو میوانیشمان نەماوە.

ئەم جنۆکانە بە گیانی ئێوەشەوە نووساون، وای کردووە کەس حەز بە تێکەڵاویتان نەکاو تەنانەت مێردەکەشتان لێتان نزیك ناکەوێتەوە. خەمتان نەبێت، هەمووتان بۆ چارەسەردەکەم وابزانم باشترە لە ئەمڕۆوە دەست پێبکەم. چەند زووتر ئەم کارە بکەم ئاسانتر دەبێت. هەر ڕۆژێ کار لەگەڵ یەکێکتاندا دەکەم. ئەمرۆ دەست پێدەکەم. لەکامتانەوە دەست پێبکەم، هەرسێکیان هاتنە پێشەوە لە مەلا گیان و بەیەك دەنگ وتیان لەمنەوە. مەلا بە پێکەنینەوە دەستی خەدیجەی گرت و بردیە ژوورەوە. لایەکی لێیان کردەوەو وتی هەر یەکە دەبێت بچێتە ژوورەکەی خۆی و نوێژ بکات. مەلا ئیشی خۆی باش دەزانی. دەرگای داخست و ژنەکانیش هەر یەکە بەرەو لایەك ڕۆیشتن. "خانم ئێستا چاوت دەبەستم داوا لە دەستەکانم دەکەم سەرتاپای گیانت بپشکنێ. دەبێت بزانم ئەم جنۆکەیەی بە گیانتەوە نووساوە چی لێت دەوێت. خوا بە گەورەیی خۆیی ڕەحم بکات بەبێ بەڵا لەگیانت بێتەوە. هەندێ لەو جنۆکانە وا بە ئاسانی لەگیانی خەڵکەکە نابنەوە. هەندێکیان زۆر ئازاری ئەو خەڵکانە دەدەن. تەنانەت شەڕ لەگەڵ نوری چاوی خۆیانیشدا دەکەن". ژنە لە ترسانا لەرزی لێهات. مەلا گیان هێمنی کردەوە. "نا خانم مەترسە من لێرەم تەنیا بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەم و بەسەلامەتی ئەم بەڵایە جەستەت جێبهێڵێ. دەی خانم گیان خۆت شلکە، لە دەستم مەترسە. ئێستا پاڵکەوە، وا هەست بکە لە بەهەشتی خودا دایت. دەوروبەرت هەموو گوڵ و گوڵزارە. گوێت لە هاژەی چەمێکە، پیاوێکی کەڵەگەت، تابڵێی قۆز

لێت نزیك دەكەوێتەوە، دەم دەخاتە ناو دەمتەوە و شیلەی دەمت دەمژێ". خانم دەستی لە دەمووچاوی پیاوە قۆزەكە دا هەستی كرد دەمووچاوی مەلایە، هێندە بەلایەوە گرنگ نەبوو. بە ئەسپایی پارچە بە پارچەی جلەكانی داكەند. مەلا چرپاندی بە گوێی خانمدا، "منیش وا چاوم دەبەستمەوە تا نەتان بینم وشەیتانی نەبم. خوای گەورە لێم خۆش نابێ". دوو كاتژمێری خایاند. مەلا گیان چین لە دوای چین دەكەوتە گیانی خانم. خانمیش نەیدەویست لە خەوی بەهەشت خەبەری بێتەوە. "دەی مەلا گیان تازەی كەرەوە". مەلا هێزی تێدا نەما. "خانم گیان وا من دەڕۆم خۆت كۆكەرەوە و ئەوەی كردت لەگەڵ ئەو پیاوە قۆزە لای كەس باسی نەكەی، ئەگینا دیسانەوە دێن و پێتەوە دەنووسێنەوە". "بەخێر بێن با پێمەوە بنووسێن، دەركردنیان خۆشترین لەزەتە لە ژیانمدا كە هەستم پێیكردووە".

ژنەكان دەمێك بوو لە نوێژەكانیان ببوونەوە لە هۆڵەكەی خوارەوە چاوەڕوانی مەلایان دەكرد. هەر گوێیان لە دەنگی دەرگاكە بوو، ڕاپەڕین و سەركەوتنە سەرەوەو بەرەو ڕووی مەلا ڕۆیشتن. سەری هەڵنەبڕی و وتی جنۆكەیەك بەگیانیەوە نووسابوو، گیانم دەرچوو تا لێمكردەوە. جارێ وازی لێ بێنن تا خۆی دێتە دەرەوە. هەردووكیان لەبەردەم دەرگاكەدا دانیشتن. دەرگا كرایەوە، خەدیجە قاچی نەدەكەوتە سەر زەوی، لە خۆشیدا وەك منداڵێك بە سەر قادرمەكاندا ڕای كردە خوارەوە. بەرەو كۆشكەكەی خۆی ڕۆیشت، ئەوانیش بەدواییدا. بە دەم گۆرانی وتنەوە خۆی كرد بە حەمامدا تا خۆی بیسمیل بكات. خۆی گۆڕی و بەدەم پێكەنینەوە وتی هەست دەكەم گیانم زۆر سووكە، دەڵێی دوو باڵم لێ پەیدا بووە. دڵنیام لەوەی ئەمشەو عەلی خۆی پێڕاناگیرێ و دێتە لام. دڵم خەبەری داوە، هەر ئەمشەویش سكم پڕ دەبێت. ژنەكانی تر سەریان سووڕمابوو، دەبێت مەلا گیان چی لێكردبێت وا لە هەموو شتێك دڵنیایە. هەر یەكە بێ ئەوەی پرسیارێكی لێ بكەن چوونە دەرەوە و دەرگاكەیان لە دوای خۆیان داخست و هەر یەكە چووە كۆشكی خۆی. ئەو ڕۆژە تا ئێوارەیەكی درەنگ خەدیجە لە ژوورەكەی نەهاتە دەرەوە. عەلی ئەو ئێوارەیە زوو هاتەوە و داوای كرد هەموو ئەمشەو پێكەوە



نانی ئێوارە بخۆن. هەواڵی خەدیجەی پرسی كەس وەڵامی نەدایەوە. چووە ژوورەكەی ئیتر ئەو شەوە نە عەلی لە ژوورەكەی خەدیجە هاتە دەرەوەو نە كەس نانی ئێوارەی خوارد.

لەیلا و سەلواش هەستیان دەكرد شتێك لەمماڵەدا ڕوودەدات. ئەوە هەفتەیەك بوو مەلا هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو لەگەڵ دەرچوونی عەلیدا دەهاتە ئەم ماڵە و نەیاندەزانی بە چ مەبەستێك. ئەوەی دەیانزانی كە هەرسێ ژنەكان دڵیان خۆشە و بریسكە لە چاوەكانیاندا دەردەكەوت. سەلوا دەترسا دوعا لەوان بكەن و شتێكیان بەسەر بێت. لەیلا دڵخۆشی دەدایەوە دەیوت گەر بە دوعا بووایە ئەوا سەدام هەپرون هەپرون دەبوو. ئەوەندەی ئەو دوعای لێكراوە كەس لێی نەكراوە، دەبینی ئێمە چیمان بەسەر هات، ئەویش هەر ملی ئەستوور دەبێت. بیرمە چۆن ژنەكان بەبێ دەستنوێژ بەردەوام نوێژییان دەكرد و لە خودا دەپاڕانەوە كە حەقیان بۆ بكاتەوە و لەو ژیانە ڕزگاریان بكات. دەبینی چیمان بەسەر هات. ئەوەی لە هەموو تەمەنمدا بیرم لێنەكردبووەوە ئەوەبوو بكەومە وڵاتێكی واوە خزمەتی ئەم ورگ زلانە بكەم. نازانم چۆن توانیویانە ئەم وڵاتە وا لێبكەن، هەر یەكە و چوار پێنج خزمەتكاریان هەیە. زۆر جار دەڵێم خۆزگە منیش كوڕێك دەبووم لەگەڵ هەموو كوڕ و پیاوانی تردا زیندە سەرنقوم دەكرام. جا ئەمە كەی ژیانە كە ئێمە هەمانە. ئەوان بەس نییە ڕزگاریان بوو. ئەمەی ئێمە نەژیانە و نە مردنیشە. دەزانی زۆر جار بیرم لە خۆكوشتن دەكردەوە، بەڵام كە كەوتمە سەر بارەكەی و فرت و فێڵ و ڕێگای سەیرم دۆزییەوە كە حەقی خۆمیان لێ بكەمەوە لە دڵی خۆمدا وتم دەژیم هەتا حەقی بەرودوایان لێدەكەمەوە. "ئەی خۆ ئەمان خەتایان نییە؟". " ئەوە چ دەڵێی هەموویان یەك خوێنن".

## بەشی سێیەم

پێش سێ ساڵ دەستم بە نووسینی ئەم ڕۆمانە کرد. بەنیازبووم لە ماوەی ساڵێکدا تەواوی بکەم. بەداخەوە ئەمەش هەروەك زۆر پلانی ژیان بەو جۆرە نابێت کە خەیاڵت لێکردوەتەوە. لای خۆمان دەڵێن ئەوەی لای بەندە خەیاڵە لای خودا بەتاڵە. سەرتان نەیەشێنم دوو ساڵی ویست تا کات بواری دام بگەڕێمەوە لای کەسەکانی ناو ڕۆمانەکەم. هەرچەندە ئەم ماوەیە بەردەوام بیرم لێیان دەکردەوەو بەردەوام کەسەکانم دەبینی. تێکەڵ بە ژیانیان دەبووم و لەگەڵیاندا هەناسەم دەدا. مەحاڵ بوو ئەوان لە نیوەی ڕێگا جێبهێڵم. ئەوانیش دەزانن کە زۆرم خۆش دەوێن و بەشێکن لە پانتایی بیروهۆشم. دیارە ئەوانیش بەردەوام چاویان لە دەرگای هۆشیان بووە و چاوەڕوانی گەڕانەوەی منیان کردووە. کە گەڕامەوە لایان بینیم زۆر گۆڕانکاری ڕووی داوەو ڕووداوەکان لە ژێر دەستەڵاتی مندا نەماون. بۆیە داوای لێبوردن لە خوێنەرانم دەکەم، وەك هەموو نووسەرانی تر جڵەوی ڕووداو و پەرەسەندنی کەسایەتییەکان لە دەستەڵاتی من دەرچوو. منیش ئەو کاتەی کە دەستم بە نووسینی ڕۆمانەکە کرد بڕیارم دابوو تەواوی ڕووداوەکان چۆن کۆتاییان پێبێت و لە کوێدا دوا خاڵی کۆتایی دابنێم. تەنیا دەمەوێ سەرنجتان بۆ خاڵێك ڕاکێشم. کات لای ئێمە و ئەوان جیاوازە. لای ئەوان کات خێراترە. ڕووداوەکانیش لق و پۆپی تری لێبووەتەوە، ئەمەش بۆ من گرفت دروست دەکات و هەندێ جار گێژی و سەرلێشوانێك هەست پێدەکەم. بۆ ئەوەی ئەم گێژییەم کار لە دەستەڵاتم نەکات گۆچانی فەنتازییام بەدەستەوە گرت تا هەنگاوەکانم هاوسەنگ بن. گرنگ ئەوەیە دەمەوێ لە هەندێ لەو گۆڕانکارییانە ئاگادارتان بکەمەوە.



### بەختەوەرترین باوك:

عەلی بەختەوەرترین باوکی جیهانە. ئێستا عەلی خاوەنی شەش منداڵە. بەڵام دیارە منداڵەکانی سەلوای یەکجار خۆشدەوێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم نازانێ کە تەنیا ئەمان هەڵگری خوێنی ئەون. تەنیا من و ئەوان و مەلا ئەو نهێنییە دەزانین. منیش نیازم نییە ئاشکرای کەم. ژنەکان دڵیان بە منداڵەکانیان خۆشە و هەرسێکیان کوڕن و شێوەیان تەواو لە مەلا دەکات. لە نەگبەتیدا هەر سێکیان لووتیان تەواو لە مەلا دەکات. زۆر جار خوشکی عەلی دەپرسێ و دەڵی لووتی ئەم منداڵانە لە کێ دەکات. ئێمە لە هەموو خێزانەکەماندا لووتی وا زلمان نییە. هەندێ جاریش لەناو خۆیاندا گاڵتەدەکەن و مەلا پڕ جنێو دەکەن. دڵی خۆیان دەدەنەوەو دەڵێن گرنگ نییە لەیەك ڕۆژدا لووتی هەرسێکیان نەشتەرگەریی دەکەین.

عەلی خانووەیەکی گەورەی بۆ سەلواو منداڵەکانی دروستکردووە. ئێواران پاش کار هەر ئێوارەو سەرێك لە ژنەکانی دەدا و پاشان دەگەڕێتەوە لای سەلواو منداڵەکان. سەلوا و لەیلاش موو ناکەوێتە نێوانیانەوەو هەروەك جاران ژیان دەبەنە سەر. ئێستا سەریان ڕەحەتە و کەس بێزاریان ناکات. باری ماڵەکە زۆر ئارام و هێمنە. ئەمەش وا لە عەلی دەکات لەم ماڵەدا زیاتر هەست بە گەرمی و سەقامگیری بکات. ژنەکان ئەمەیان زۆر پێناخۆشەو ناتوانن هیچ بکەن. لەبەرئەوەی ئەوان دەزانن گەر ئەوان ئازاری ئەو دوو ژنە بدەن، ئەوا من ئەو نهێنییە بۆ عەلی ئاشکرا دەکەم. هەروا لەیلا ڕازی نەبوو کەسێکی خزمەتکار بهێننە ماڵەکە، هەردووکیان بە جووتە کارەکانی ماڵ دەکەن. کاری ماڵ و منداڵەکان هەموو کاتی ئەوانی داگیرکردووە. سەلوا کە بە قسەکانی لەیلا خەش دەکات و دەڵێ: لەیلا گیان گەر تۆ نەبوویتایە ئێستا من ئێسك و پروسکیشم نەمابوو. سەلوا بەردەوامە لە وێنەکێشان و تابلۆکانی لە ژمارە نایەن. لەم خانووەدا ژوورێکی زۆر گەورەو ڕووناکی هەیە. عەلی زۆر جار هەوڵی داوە پێشانگایەك بۆ تابلۆکانی بکاتەوە بەڵام سەلوا ڕازی نابێت. ئێستا عەلی هەوڵ دەدا لە پاریس و لە مۆزەخانەی لۆڤەر پێشانگایەکی

بۆ بکاتەوە. عەلی ڕازی کرد چەند تابلۆیەك بنێرێ بۆ کۆمیتەی پێشەنگای مۆزەخانەی لۆڤەر. تا گەر ڕەزامەندی ئەو لیژنەیە وەرگرن، پێشەنگایەك بۆ سەلوا بکەنەوە.

زۆر جار هەوڵی داوە بیبات بۆ پاریس و مۆزەخانەکانی بگەڕێنێ. بەڵام سەلوا دڵی نەهاتووە لەیلاو منداڵەکان بەجێبهێڵێ. منداڵەکانی سەلوا پێنج مانگ لە منداڵەکانی ژنەکانی تر گەورەترن. بەڵام لە ڕووی شێوەو لەش ولاردا زۆر لەوان گەورەتر دیارن. هەروا زۆر جوانن و ڕووخۆشن. زۆر زوو دەستیان کرد بە قسەکردن. لەگەڵ دایکیان و لەیلا بە کوردی قسەدەکەن و لەگەڵ باوکیاندا بە عەرەبی قسەدەکەن. بە لەیلا دەڵێن پووریێ. لەیلا فێری گۆرانی کوردی کردوون. ئەمان جیهانێکیان بۆ خۆیان دروست کردووە. لالۆش چەند جارێ سەری لێداون. خۆشترین کاتیان پێکەوە دەبردە سەر. ڕاستە کاتەکانیان پڕبوو لە یادەوەری پڕئازارو فرمێسك. یادەوەرییەکانیان ببوونە بەشێك لە جەستەیان و جیانەدەبوونەوە. ئەوان زۆر جار هەوڵیان داوە ڕابردوو لە چاڵ نێن و بیر لەهیچ نەکەنەوە و بەو ژیانەی هەیانە ڕازی بن و بەردەوام بن. لەوانەشە وا باشتربێت. لەوەش نیگەرانم گەر من بگەڕێمەوە لایان پلانەکانیان پێ تێکبدەم و دیسانەوە دوودڵی و دڵەڕاوکێ ژیانیان لێ تێکبدات. لەلایەکی ترەوە من هەردەبێت بگەڕێمەوە لایان. ناتوانم هەروا بەجێیان بهێڵم. تۆی خوێنەریش لێم خۆش نابی کە ڕۆمانەکەم بە نیوە چڵی بەجێهێشتووە.

ناشزانم بە چ شێوەیەك بڕۆمەوە لایان، شەرمەزارم. من هەرگیز ئەمەم نەدەویست، بەڵام چیبکەم، هەندێ جار شتی وا ڕوودەدا کە پلانەکانت هەموو تێك دەدات. لای کامیانەوە دەستی پێبکەم؟ تەنیا ئەم پرسیارە مانگێکی ویست. دەمزانێ دەبێ سامم لەو دەستپێکردنەوەیە بشکێ. دەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێبکەم.

بەهێمنی لە دەرگاکەی لەیلام دا، چوومە ژوورەوە. ماوەیەك بێدەنگ بوو، بزەیەك گرتی.



ـــ بەخێربێتەوە! ئەوە لەکوێ بووی؟ دەزانی بێ بەڵێنی... بۆ وا ئێمەت بەجێهێشت.

ـ ببوورە! هەر زۆر دەمێکە دەمەوێ بێمەوە، هەرچی کاتم هەبوو دزرابوو، هێندە بیرم لێدەکردنەوە، شەوان خەوم نەبوو. دەمبووری؟

ـ ئا دەتوانم، بەڵام ئاخۆ سەلوا دەتوانێ داواکەت قبوڵ بکات؟ زۆر بیری دەکردی، وتی ئەویش وەك هەموو کوردێك بێ پەیمان دەرچوو.

ـ تۆ دەبێت یارمەتیم بدەی. من ئاگام لە هەموو گۆڕانکارییەکانی ژیانتان بووە، بەڵام تەنیا لە دوورەوە تەماشام کردووە. لەوانەیە ئەویش باش ببووبێت، خۆتان ئازاد بوون لە دیاریکردنی ڕەوتی ژیانتاندا. ئێستاش هاتمەوە پێکەوە ڕووداوەکان تەواو دەکەین.

ـ ئێمە دەمانتوانێ بڕۆین و بگەڕێینەوە، بەڵام نەماندەزانێ بۆ کوێ بڕۆین، بۆ لای کێ. چاوەڕوانی تۆمان دەکرد.

ـ لەگەڵ لالۆ سەردانی وڵاتتان کرد؟

ـ زۆر داوامان لێکرد، ڕازی نەدەبوو، دەیووت باشترە هیچ نەزانن و هیچ نەبینن. لالۆ زۆر خەمگین بوو. زۆر جار فرمێسکی دەڕشت. دەیووت من چاوەڕوانی ئەمەم نەدەکرد. دەیوت ئەوانەی لە گەلیاندام تەواو تووڕەن. دەیووت ئەوان ژیانیان فیداکرد بۆ ژیانێکی باشتر. کەچی ئێستا ئەوانەی ماونەتەوە بەو جۆرەی پێویستە خزمەتی خەڵکان ناکەن. پارە بەرەو تاریکستانیان دەبات. دەمەوێ خەبەرییان بکەمەوە، هێندە بە قووڵی خەوتوون دەنگی منیان ناگاتێ. دەبێ فریا بکەوم ئەگینا کارلەکار دەترازێ.

من خۆم دەمزانێ بۆ لالۆ هێندە دڵگرانە، بەڵام جارێ نەمدەویست ئەم ڕاستییە لای ئەوان بدرکێنم. چاوەڕوان بووم سەلوا ئاشت بکەمەوەو لەگەڵ لالۆ پێکەوە دانیشین و سەردانی وڵات بکەین. من دەمزانێ ئەوان لە سەر بەرماڵەکەی لەیلا دەتوانن سەردانی ئاسمان بکەن. هێندە حەزم بەبینینی منداڵەکانی سەلوا بوو. کە

شەو داهات بە هێواشی خۆم کرد بە ژوورەکەیاندا. هەرسێکیان خەویان لێکەوتبوو. کە من چوومە ژوورەوە، بەخەبەرهاتن. بەرەو ڕووم هاتن. ڕەنگ و دەنگمیان ناسییەوە. ماچیان کردم. ماچم کردن. لەباوەشمدا دانیشتن. کە تەماشایان دەکردم وا هەستت دەکرد کە سەد ساڵە یەکترمان ناسیووە. خێرا داوایان لێکردم کە چیرۆکێکیان بۆ بگێڕمەوە. من چیرۆك زۆر دەزانم. چیرۆکی ئەو کیژەی لە دارستانەکەدا لە دایکی ون بوو. هەبوو نەبوو کەس لەخودا گەورەتر نەبوو. دایکێك هەبوو کوڕ و کچێکی هەبوو. هەردووکیانی زۆر خۆش دەویست. ڕۆژێکیان کچەکەی دەکاتە کۆڵی و دەچێت بۆ ناو دارستان هەتا هەندێ قارچك کۆکاتەوە. لە ڕێگا ماندوو بوو. کچەکەی لە پەنا دارێکدا داناو وتی کچم لە جێگای خۆت مەجووڵێ، من هەر لەم ناوە هەندێ قارچك کۆدەکەمەوە بۆ نانی ئێوارە. بەدەم قارچك لێکردنەوە لە کچەکەی دوور کەوتەوە. کەلای کردەوە زانی زۆر دوورکەوتووەتەوە، بۆیە خێرا بە هەمان ڕێگادا گەڕایەوە. بەداخەوە کچەکەی لەوێ نەمابوو. تا تاریك داهات هەر گەڕاو کچەکەی نەدۆزییەوە. بۆیە ناچار بەدەم گریانەوە بۆ ماڵەوە گەڕایەوە. گورگێك ئەم کیژەی دۆزییەوەو بۆ خۆیی بردو بەخێوی کرد. دایکە هەموو ڕۆژێ بەرەو دارستانەکە دەڕۆیشت و لەوێ دەمایەوە تا تاریك دەبوو. ئەمە پیشەی ئەو دایکە بوو تا چاوەکانی کوێر بوون. ئیتر نەیدەتوانێ لەماڵ دەرچێ. ئیتر هەموو ڕۆژێ کوڕەکەی دەنارد بۆ ناو دارستان. ئێوارەش کە دەهاتەوە دەبووایە بۆی باسبکردایە چی بەسەرهاتووە. کوڕە لەمە بێزاربوو. بەیانیان لەماڵ دەردەچوو بۆکار و هەر ئێوارەیەك کە دەگەڕایەوە چیرۆکێکی بۆ دایکی دەهۆنییەوە. بەم جۆرە ئەم برایە بوو بە ناوبانگترین حکایەتخوازی وڵات. کچە گەورە دەبوو، تا دەهات جوانترو جوانتر دەبوو. ئێوارەیەك گورگەکە ڕۆیشت و نەهاتەوە. ئیتر کچەش ناچاربوو خۆی بگەڕێ و خواردن بۆ خۆی پەیدا بکات. تا ڕۆژێ شازادە بۆڕاو ڕێگەی دەکەوێتە ئەم دارستانەو بە ڕێکەوت کیژە دەبینێ و عاشقی دەبێت. لەگەڵ خۆی دەیباتەوە بۆ کۆشك. لەوێ بۆی دەردەکەوێ کە ئەم نازدارە ناتوانێ قسە بکات. شازادە لە وڵاتدا جار دەدا و بەدوای



باشترین زمانەواندا دەگەڕێ، تا ئەم شاپەرییە فێری قسە بکات. بە ڕێکەوت برای کچەکە هەڵدەبژێرێ. شازادە بڕوا دەدا بەم کوڕە فێری قسەکردنی بکات. کوڕە بە ماوەیەکی کەم شاپەری فێری قسەدەکات. پاش ئەمە شازادە بڕیاردەدات ئەم کیژە بکاتە ژنی خۆی. هێندە نابات لە سەرانسەری وڵاتدا حەوت و شەو و حەوت ڕۆژ دەکرێ بە زەماوەند. شازادە دەبێت بە پادشای وڵات و کوڕەش دەکرێ بە وەزیری دەستە ڕاستی شازادە. کە دایکی کوڕە سەردانی کوڕەکەی دەکات، شاژن دەچێ بە پیرییەوە و بە گەرمی خێراتنی دەکات. دایکە خێرا دەنگی کچەکەی دەناسێتەوە. لە باوەشی دەگرێ و تێر ماچی دەکات. دایك لە خۆشیدا نوور بۆ چاوانی دەگەڕێتەوە و کچەکەی وەك شاژنی وڵات دەبینێ. دەڵێ کچم بەخوا باشبوو لێم ون بووی، ئەگینا نە تۆ شووت بە شازادە دەکرد و نەبراکەت دەبووە وەزیری دەستەڕاستی پادشاو نە منیش دەبوومە خەسووی پادشای وڵات و نە نوور بۆ چاوانم دەگەڕایەوە.

هەرسێکیان دەستیان کرد بە پێکەنین. دیاربوو لە پێکەنینی ئەماندا سەلوا بەخەبەرهات. کە منی بینی، تۆزێ وەستاو ئەوسا هات باوەشی پێمدا کرد.

- ببوورە! زۆر شەرمەزارم.

ــ شەرمەزار مەبە، گرنگ ئەوەیە تۆ هاتیتەوە. ترساین وەك هەندێ لە چیرۆکەکانی ترت بە ناتەواوی بەجێمان بهێڵی. زۆر بیرمان دەکردی. خۆ دەزانم ژیان هێندە ئاسان نییە. بەڵام نابێت مرۆڤ ئەو بەڵێنانەی بە هاوڕێیانی خۆیی داوە لە یادیان بکات.

ــ من هەرگیز ئێوەم لەیاد نەکردووەو هەرگیزیش بیرم لەوە نەدەکردەوە کە بەرامبەرتان بێوەفا بم. من دەزانم پەیوەندی ئێمە پەیوەندییەکی ڕۆحییە. کاتیش ناتوانێ پەیوەندی ڕۆحێ بسڕێتەوە. لە دوورەوە چاوێکم هەر لێتان بوو. لە دواییدا پێکەوە دادەنیشین و بە وردی باسی گۆڕانکارییەکان دەکەین.

لە دڵی خۆمدا وتم ئەم دوو کچە لە کورد ناکەن، تووڕەییان لە دڵ هەڵنەگرتووە. دیاربوون زۆر بیریان کردبووم. دووری من لێیانەوە بۆشاییەکی زۆری لە ژیانیاندا

دروست کردبوو. لالۆش هێندە وەك جاران ئامادەنەبوو. سەلواش دەیووت لالۆ زۆر خەمگینە. منیش دەمزانی بۆ لالۆ بۆ خۆی لە ئامادەبوون و باسکردنی واقیعەکە لادەدا. هاوڕێکانیشی هەر خەمگینن. دڵییان لە هاوزەمینییەکانیان زویرە. ئەوان چاوەڕوانی شتی زۆر باشتریان دەکرد لەمەی کە ئێستا هەیە. لالۆ بەردەوام باسی ئەوانەی دەکرد کە بەدڵێکی خۆشەوە گیانیان فیدای ئازادی کرد. باسی ئازاد ناوێکی کرد، کە چۆن دایکی وخۆشەویستەکەی خۆی لە شار بەجێهێشتووەو هاتبوو ببێتە پێشمەرگە. ئازاد شانازی بەوەوە دەکرد لە پێناو وڵاتەکەیدا شەهید ببێت. دەیوت ئەو ساتەی کە شەهید دەبم لوتکەی بەختەوەریمە. ئازاد دڵگرانە لەوەی کە تا ئێستا خۆشەویستەکەی شووی نەکردووەو لەماڵی هاوڕێیەکیدا کە ئێستا دەستەڵاتدارو خاوەن پارەیە کاردەکات و کوڕ و باوکیش بە نۆرە دەیبەنە سەر جێگا. ناچاریشە کە بێدەنگ بێت. کە زانییان دەستگیرانەکەی پێشمەرگەیە. داوایان لێکرد واز لە دەستگیرانەکەی بهێنێ، ئامادە نەبوو. بۆیە وازی لە کۆلێژ هێناو خوێندنەکەی تەواو نەکرد. کاتێ بیستی خۆشەویستەکەی شەهیدبووە. هەموو دنیای بە ڕەنگی ڕەش ڕەنگکردو لەماڵدا دەرگاو پەنجەرەی لە خۆ داخست. هەموو شەوێ چاوی دەبڕییە ئاسمان و دەیوست لەناو ئەستێرەکاندا بیدۆزێتەوە و هانای بۆ ببات. دەیەوێ لێی بپرسێ ئایا ئەو بۆ ئەمە خۆی فیداکرد. ئازاد ڕۆژ نییە لەسەر شانی لالۆ نەگری، خۆ لالۆش دڵخۆشی دەداتەوە. لەکاتێکدا دڵی خۆی ژان دەکات. هەرگیز چاوەڕوانی ئەمەی نەدەکرد.

سەلواو لەیلا ناوی کوردییان لەمنداڵەکانیان ناوە. ئاشتی، ئەڤین دلاوەر. سەلوا پاش منداڵبوونەکەی باری دەروونی گەلێك خراپ ببوو. ماوەیەکی زۆریش وازی لە وێنەکێشان هێنابوو. لەیلا یارمەتییەکی زۆری دابوو. ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ گرتبوو. لەیلا زۆر حەزی دەکرد بۆ وڵاتیك سەفەربکەن بەڵام سەلوا نەیدەویست. سەلوا سەقامگیر نەبوو، دەمێك دەیووت دەبێت ڕابردوو لەبیرکەین، پاش ماوەیەك دەکەوتە باسکردنی ڕابردوو. ڕۆژێ ڕووخۆش و دەم بە



پێکەنین ڕۆژی پاشتر لە جیگا بەرزنەدەبوویەوەو هەر دەگریا. ئەمەش کاری کردبووە سەر باری دەروونی منداڵەکان. تەنیا لەیلا دەیتوانی هاوسەنگی ماڵەکە ڕاگرێ.

ئیوارەیەکی درەنگ بوو، عەلی هاتەوە، بێ دەنگ و زۆر بە کەساسی چووە ژوورەکەی خۆیەوە. لەیلاش بەدواییدا چووە. عەلی بەکوڵ دەگریاو سەری بەرز نەدەکردەوە. لەیلا لە تەنیشتییەوە دانیشت بێ ئەوەی قسەیەك بکات. ماوەیەکی زۆری برد تا کپ بوویەوە.

ـ دەزانی من ئەمڕۆ زانیم ئێوە خەڵکی چ وڵاتیکن و چۆن کەوتوونەتە لای ئێمە و بۆ فرۆشراون. من نازانم ئێستا چی بکەم. چۆن سەیری سەلوا و تۆ و منداڵەکانم بکەم. من هێندە شەرمەزارم، کونێك نادۆزمەوە خۆمی تێدا بشارمەوە. ئێوە خۆتان هێندە تەماشای تەلەفزیۆن ناکەن. منیش خۆم لە دنیای کارو پارەدا خنکاوم. کاتێ سەلوا هاتە ژیانمەوە مانای ژیان لای من گۆڕاو هەستەکانم ڕەهەندێکی تریان بە ژیانم بەخشی. من هەموو ژیانم قەرزاری ئەو ژنە ڕووسەم کەمنی بە سەلوا گەیاند. ئێستا لەخەم و ترسەکانتان دەگەم، ئێستا لە توڕەیی و نیگەرانیتان دەگەم. من نازانم ئێوە چیتان دیووە، ئەمڕۆ باسی ئەوەیان کرد چۆن زۆربەتان زیندەبەچاڵکراون. حەز دەکەم بتان بەمەوە بۆ وڵاتەکەی خۆتان. بەس لەوانەیە ئێوە کەستان نەمابێ. من لەوێ چیتان لێبکەم. لەهەمان کاتدا ئامادەنیم کە واز لە سەلوا و منداڵەکانم بهێنم. دەڵێن ئێستا باری وڵاتەکەتان هێندە لەبار نییە بۆ گەڕانەوە. ئێستاش دەزانم خەوەکانم پێشبینی بەسەرهاتی نەتەوەکەی ئێوەیە. من کە تەمەنم سیانزە ساڵ بوو خەونم بە داهاتووی ئێوە دەبینی. تێناگەم ئەم شتانە چین لە ژیانی ئێمەدا ڕوودەدا. نە ئێوە هیچتان بۆ من باسکرد نە منیش باسی خەونەکانی خۆمم بۆکردن. ئەو کاتەی من خەونم بە ئێوەوە دەبینی، ئێوە ژیانێکی زۆر ئاساییتان هەبوو. ئێستا دەڵێم گەر جاران لە شوێنێکدا بەسەرهاتی خەونەکانم بڵاوکردایەتەوە لەوانەیە ئێوە تووشی کارەساتی وا نەدەبوون و هەرچۆنێ بێت خۆتتان ڕزگاردەکرد.

لەیلا نەیدەزانی چی بڵێ دەیویست بە زووترین کات ڕابکاتە لای سەلوا تا

مشتومڕی خۆیان بکەن. منیش لە پشتی لەیلاوە وەستابووم، سەیرێکی منی کرد و نارەزابوو لە ڕەوتی ڕووداوەکە. بە توندی دەستی گرتم ڕاکێشی دەرەوەی کردم. بە تووڕەییەکەوە هاواری کرد بەسەرمدا:

ـ ئەوە چیت کرد، بۆ وا زوو نهێنییەکانت بۆ عەلی ئاشکراکرد، هەڵەیەکی گەورەت کرد.

ـ ئەو هەر دەبێت بزانێ. ئەوە چەند ساڵێکە لەگەڵ ئێوە دەژی و ئێوە هەردەم هەوڵتان داوە ڕاستییەکان ئاشکرا نەکەن. ئەو هەر دەبێت بیانزانێ.

ـ تۆ سەرت لە ئێمە شێواند، ئێمە دەمانویست بە دزییەوە بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. پلانمان دانابوو. ئەوە چەند ساڵە من و سەلوا پارە کۆدەکەینەوە. تەنیا ڕێمان بکەوێتە وڵاتێکی تر. ئەوا یەکسەر دەگەڕێینەوە.

ـ بۆ گەڕانەوە هێشتا زووە. وا بەئاسانی ناگەنەوە.

ـ لەگەڵ لالۆدا دەگەڕێینەوە.

ـ دەزانم، ئاخر منیش بۆ ئەوە هاتووم لەگەڵ خۆمدا بتان بەمەوە بۆ کوردستان.

هەردووکمان خۆمان کرد بە ژوورەکەی سەلوادا. ئەو خەریکی منداڵەکان بوو فێری گۆرانیی کوردی دەکردن. ئەو کە مێشکی لەسەر خۆی بووایە، هەموو شتەکانی لەیادبوو. تەنانەت ئەو هۆنراوانەی کە دلاوەر بۆی نووسیبوون. زۆر سەیربوون، ئەو هەموو کاتە تێپەڕی کەچی وشە بەوشە هۆنراوەو گۆرانییەکانی دلاوەری لەیادە. هەندێ جاری تر هیچی لەیاد نییە. وەك جەستەیەکی بێ ڕۆح لەسەر جێگەکەی پاڵدەکەوێ و ئاگای لە دنیا نامێنێ. تەنانەت ئاگای لە منداڵەکانیشی نابێت. عەلی زۆر لەم حاڵەتەی سەلوا ترساوەو بۆ زۆر دکتۆری شارەزای بردووە، کەسیان سەریان لەم حاڵەتەی ئەو دەرناچێ.

سەلوا هێندە بیری لە دایك و باوك و خوشك و براکانی دەکردەوە، بیرکردنەوە لێیان ببووە هێلێکی شەمەندەفەر و بەوانی دەگەیاند. ئەوان ئێستا لە جیهانێکی ئارام و بێ گرفت دەژین. کە سەلوا دەهاتەوە هەندێ جار دڵی خۆش دەبوو و هەندێ



جاریش ماوەیەکی زۆر بێدەنگ دەبوو. دایکی دەیویست ئارامیی بە ڕۆحی ببەخشێ بۆیە باسی هیچی بۆ نەدەکردن. ئەو دەیویست بزانێ پاش جیابوونەوەی ئەم چییان بەسەرهاتووە. دەیویست بزانێ باوك و براکانی پاش ئەم ژیانیان چۆن کۆتایی پێهاتووە. ڕاستە ئەوان لەگەڵ ئەوەی لەم جیهانەی ئێمە نەماون بەڵام هەموو ڕووداوەکانیان لە یادە. ڕووداوەکان بۆ ئەوان وەك فیلمێك وایەو کۆتایی پێهاتووە. بەڵام بۆ سەلوا فیلمێکی نەبینراوەو بەبینینی تەواو هەموو هاوکێشەکانی ژیانی تێکدەچن. ئەو کاتانەی کە دەچووە لایان تەنیا باسی ئەو ڕۆژە خۆشانەیان دەکرد کە پێکەوە ژیان. ڕۆژانێکە ناگەڕینەوە. تۆزقاڵێ دەستەڵاتت بەسەر رەوتی ئەو ژیانەدا نییە، چەندیش لەدڵەوە بتەوێ رەوتی زۆر ڕووداو بگۆڕی، بەداخەوە ناتوانی بیگۆڕی. دەڵێن هەر کەسەو چارەنووسی خۆی هەیەو ڕەوتی ژیانی پێش ئەوەی بێتە ئەم جیهانە دیاری کراوە. باشە ئێمە دەبێت تاوانمان چی بێت کە ئەم هەموو کارەساتە ببینین. بۆ دەبێت قڕمان بکەن. ئا لەوانەیە نەوەکانی پاش ئێمە کەڵك لە ئەزموونەکانمان وەربگرن. بەس باوکم دەڵێت دەرسیان وەرنەگرتووەو هێشتا ماویانە دەرس وەرگرن. لەوە دەکات دەرسی لەمە بەهێزتریان بوێت. هەر کە سەلوا دەچووە لایان هەوڵیان دەدا بەقسەی خۆش و بەسەرهاتی خۆش دڵنەوایی بکەن. ئەو لە سەردانەکانیدا هیچ کاتێ دلاوەری دەزگیرانی نەبینیووە. بۆیە دڵی بەوە خۆشە کە ئەو هێشتا ژیانی سەر زەمینی جێ نەهێشتووە. ڕۆژێ هەردەبێت بگەڕێتەوە بۆلای. ئەو بەتەمایە هەر بگەڕێتەوە. بڕیاری خۆی داوە بەڵام کاتی جێبەجێکردنی پلانەکەیان نەهاتووە.

من و لەیلا هەموو شتێکمان بۆ سەلوا باسکرد. ئەو هێندە ئەمەی بەلاوە گرنگ نەبوو لەبەرئەوەی ئەو بڕیاری خۆی دابوو.

ـ من هەر دەگەڕێمەوە. دلاوەر چاوەڕوانم دەکات. خۆشەویستیی ئێمە کاتی لا نییە. عەلیشم هێندە بەلاوە گرنگ نییە. من و منداڵەکان ڕۆژێ هەربەجێیدەهێڵین. ئەویش لەو ساتە دەترسێ کە بەجێیبهێڵین.

هەرسێکمان خۆمان کرد بە ژووری وێنەکێشانەکەدا. مۆمەکانمان داگیرساند و

لەبەردەم وێنەکەی لالۆدا دانیشتین و چاوەڕوانی هاتنی ئەومان کرد. زۆر جار کاتی هاتنی ئەومان دیاریدەکرد. بەڵام زۆر جار ئەو نەیدەویست بێتە لامان. لالۆ نەهات. ئێمە هەرسێکمان دانیشتین. سەماوەرەکەمان داگیرساند. لەیلا چوو هەندێ ماست و نانی تیری هێنا. لەیلا خۆی هەموو کارەکانی ماڵەوەی دەکرد. تەنانەت ماستی دەکردو نانی تیری و نانی هەورامی دەکرد. هێندەمان زانی لالۆش دەرکەوت. هەردووکیان سەیرێکی منیان کرد. خێرا نان و ماستەکەم خستە بەر دەمی لالۆ. من دەمزانی لالۆ زۆر حەزی لە نان و ماستە. تەنانەت ئەو کاتەشی لە ئەمریکابووە داوای کردووە ماستی بۆ بێنن. ئیتر ئێوەش ئەم نهێنیە بزانن. لالۆ بە هێمنی وتی: شەڕیان وەستاند. ئەم شەرە نەدەبوایە بکرایە. خوێنێکی زۆر ڕژا. ئەم شەڕە بەدیهاتنی هیواکانمانی دوور خستەوە.

ـ لالۆ بەڵێنت پێداین پێکەوە گەشتێ بکەین.

ـ ئەو گەشتە هەردەکەین. مادەم ئاسمانی وڵات بێ هەوری تووڕەیی و خوێنە. دەتوانین گەشتی ئاسمانیی بکەین.

ئەو دەزانێ ڕەوتی ڕووداوەکان چۆن دەڕوات. بەس لەوە ناکات بتوانێ شتێ بگۆڕێ. ئەو هەرگیز هێندە ڕەشبین نەبووە و لەو باوەڕەدابووە کە داهاتوو ڕووناکە. کەچی ئەمڕۆ هێندە بڕوای بەو ڕووناکییە نییە کە هەردەم لە زەینیدا بوو. لەیلا و سەلوا خەریکبوون دەیانکرد بە شەڕ، هەریەکەیان دەیانویست لە پێشەوە بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان. لەیلا تەنانەت بیری چووە پێش چەند ساڵ لەم وڵاتە گیرساوەتەوە. ئەم بەلایەنی کەمەوە پێش دوو ساڵێك لە سەلوا گەیشتووەتە ئەم وڵاتە.

هەردووکیان فرمێسك بە چاویاندا هاتە خوارەوە. نیگەرانی و ترسێکی زۆر وەك ڕەشەبا دەیانبات و دەیانهێنێت بۆ ڕابردوو و ئێستا. زۆر جار بیر لەوە دەکەنەوە دەست لە ڕابردووی خۆیان هەڵگرن و لە ئێستادا بژین. هەرگیز لە ژیانیاندا هێندەی ئێستا بە تێرو تەسەلی نەژیاون. هێندە ڕێزیان لێ نەگیراوەو داواکانیان بۆ



جێبەجێنەکراوە. جا هۆکەی هەرچی بێت گرنگ نییە. منداڵەکان بن یان خۆشەویستی عەلی بێت بۆ سەلوا. سەلواش دەڵێت پاش دلاوەر ناتوانم کەسم خۆشبوێ. لەم دواییەشدا هێندە بەلای عەلییەوە گرنگ نەبوو لە کوێوە هاتوون و ڕابردووی هەریەکەیان چیبووە. ئەمە هەر لەسەرەتاوە بەلایەوە گرنگ بوو نەك ئێستا. ئەمەش نهێنییەکی سەیر بوو. هەرگیز خۆی لەم بابەتە نەدەدا. لەیلاش دەیووت نا وانییە ئەو بەردەوام حەز دەکات شت لەسەر ئێمە بزانێ، ئەو دەزانێ ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێ نهێنییدا دەژین. هەندێ جار کە مەسەلەیەك دێتە پێشەوە و دەیەوێ شتێ بڵێ، خێرا فریشتەکانم یارمەتیم دەدەن، هەر کە ئەو بییەوێ پرسیارێ لەسەر من بکات، شتێك لە ژوورەکە ڕوودەدات، شتێ دەکەوێتە خوارەوە، پەڕەیەك دەفڕێ. ئیتر پرسیارەکانی بیردەچێتەوە. ئێستاش ئێمە ترسمان لە ئاشکرا بوونی هەموو نهێنییەکان نییە. ،عەلی خۆی بە ڕاستییەکان گەیشت. ڕێواس ناپاکی کرد بەبێ پرسی ئێمە ئەو نهێنییەی ئاشکرا کرد. هەرچەندە ئەوە بە بەرژەوەندیی ئێمە شکایەوە. دەبێت عەلی یارمەتیمان بدات بگەڕێینەوە. بەڵام جارێ لەگەڵ لالۆ دەبێت سەردانێك بکەین.

لالۆ هەر بێدەنگە. ئەو هێندە ئەم سەردانەی بە جیدی وەرنەگرتووە. ئەو هەموو ڕۆژێ دەبینێ چی ڕوودەدات . زۆر شت هەن دڵگرانی دەکەن. هەندێ شت هەیە دڵخۆشی دەکات. ڕۆژێ کە تەماشای خوارەوەی دەکرد بینی چۆن نەوەیەکی لەسەر فەرشێکی سوور پێشوازی وەفدێکی بێگانە دەکات. ئەمە خەونی ئەوبوو کە وڵاتەکەی پێشوازی وەفدی وڵاتانی تر بکەن. هەر ئەو کاتە لەخۆشیدا وەکو ڕێژنەی باران فرمێسك بە چاویدا هاتە خوارەوە. هەر بۆیە لەو ڕۆژە گەرمەدا کە پەڵەیەك هەور بە ئاسمانەوە نەبوو، بوو بە باران. تا ئێستاش کەس لەم ڕاستییە نەگەیشت چۆن لەناکاوا بوو بە باران. ئەو دەزانێ کە ئەمە دووبارە دەبێتەوە گەر بێت و ڕابردوو لەیادنەکەن.

بەردەوام داوام لە لەیلا وسەلوا دەکرد کە هێندە بیر لە ڕابردوو نەکەنەوە. بەڵکو لە ئەمڕۆدا بژین. گەڕانەوەش بۆ ئەوان سەرەتای کارەساتێکی ترە. پێم وتن گەر دەتانەوێ بزانن لە وڵات چی ڕوودەدات دەتوانم یارمەتیتان بدەم. خۆ سەلوا خۆی

دەزانێ ئەم کارە بکات. چۆن پەیوەندی بە دایك و براکانییەوە دەکات بەهەمان شێوە ڕۆحمان دەتوانێ جەستە جێبهێڵێ و بەرەو ئەو شوێنە بڕوات کە دەیەوێت. لەیلا تووڕەبوو. سەلوا هێمنی کردەوە. ڕاست دەکات دەتوانیین کارێکی لەم بابەتە بکەین. بەلام دەبێت هەمووتان هەست بە ئارامی و خاوبوونەوەی ماسولکەکانتان بکەن. باشترە کە شەو هات و منداڵەکان و عەلی خەوتن ئەم کارە ئەنجام بدەین. بەڵێن دەدەم کە بیمەوە. ئەو شەوە کەسیان خەبەریان نەبووبوویەوە، وا بە قوڵی خەویان لێکەوتبوو کە بەخەبەرهێنانیان مەحاڵ بوو. منیش وازم لێیان هێنا و بڕیارم دا ئەم ئەرکە بخەمە سەرشانی لالۆ.

## گەڕانەوە لەسەر بەرماڵەکەی لەیلا:

دەبێت هەر چوارمان لەسەر ئەو بەرماڵە جێگامان بێتەوە. دەتوانین بە پێوە بوەستین. هەردووکیان نیگەران بوون، پاش ئەو هەموو دەردەسەرییەی کە بەسەریان هاتووە ئاسان نییە بگەڕێنەوە بۆ ڕابردوویەکی پڕ ئازار. دەزانم سەلوا بیر لە دلاوەر دەکاتەوە بەڵام لەیلا دڵنیا نییە کە کەسوکاری مابێتن. لەوانەیە تەنیا گەڕانەوە بۆ شوێنە کۆنەکانیان برینیان بکولێنێتەوە. بۆیە هەردووکیان تا بڵێی شپرزە ببوون.

لەیلا بەبێ دەنگی دەگریا، فرمێسك خوڕخوڕ بە چاویدا دەهاتە خوارەوە. بە ئاسانی گوێت لە ترپەی دڵی سەلوا دەبوو، ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕابوون و دڵی تێکەڵ دەهات. لالۆ زۆر بێدەنگ و مات بوو. منیش لە نێوان هەردووکیاندا وەستابووم و دەستی هەردووکیانم توند توند گرتبوو. دوو فریشتەکەی سەلواش بە دەورماندا دەهاتن و دەچوون. من جاران بڕوام بە فریشتە نەبوو، کەچی ئێستا دەتوانم بیان بینم و هەندێ جاریش قسەیان لەگەڵدا بکەم. داوای یارمەتییان لێبکەم. بۆیە تەماشایەکی نیگاکانم کردن و لە دڵەوە داوای یارمەتیم لێکردن. لالۆ داوای لێکردین کە چاوەکانمان بنوقێنین و بەردەوام هەناسەی درێژ هەڵکێشین و بیدەینەوە. دەبوایە بەردەوام بوویینایە تا ئەو بڕیاری دەدا. ئیتر ئاگامان لە جەستەو بەرماڵ و ژوورەکە



نەما. لالۆ داوای لێکردین چاومان بکەینەوە بەهێمنی سەیری خوارەوە بکەین. بۆمان دەرکەوت ئێمە ئێستا لە وڵاتێکی ترین. لەیلا وتی ئێستا وا هەست دەکەم ڕەگی من لەم خاکەی ژێرمدایە. دەمەوێ بچمە خوارەوە بەرەگەکەمەوە بنوسێمەوە. سەلواش بەبێ دەنگی سەیری خوارەوەی دەکرد. منیش نەمدەزانی لالۆ بەرەو کوێمان دەبات. ئەو بڕیاری دا ڕەوتی گەڕانەوەکە دیارییبکات. منیش قسەم لە قسەی ئەودا نەدەکرد.

تەماشاکەن لێرەدا، ئا لەم ئەشکەوتەدا من و پێشمەرگەکان هەفتەیەکمان بەسەربرد. بە نانی هەورامی و ماست دەژیایین. ماست دەیان جار ژیانی بۆ ئێمە گەڕاندوەتەوە. بۆیە تا ئێستا من حەزم لەنان و ماست خواردنە. نان و دۆ، بیری نان و دۆتان ماوە. ئێوە لەوانەیە وەك ئێمە حەزتان لە نان و دۆ نەبێت. کە برسی دەبووین و دەگەیشتینە لادێیەك و نان و دۆیان دەخستە بەردەممان وامان دەزانی ئێمە خاوەنی هەموو ژیانین. دەمەوێ خوا ئەو هێزەم پێببەخشێ چاکەی ئەوانە بدەمەوە لە هەموو کاتێکدا و بەبێ منەت خواردنیان بۆ ئێمە دەستەبەردەکرد. یان ئەوانەی لە پێناوی ئێمەدا دەربەدەرکران و جەرگیان سووتا. من ئەوانە نابینم، بۆیە دڵم هێندە تەنگە. یاسای خودایی دەڵێت کە یارمەتی یەکێکت دا دڵنیابە ئەو یارمەتییە هەر وەردەگریتەوە. بەڵام ئەم یاسا خوداییە لای ئێمە ناخوات. ئەوانەی لەبەر یارمەتی بێ ترس و بێ مەرجی ئێمە لەخاکی خۆیان هەڵکەندران، ئەمرۆ هیچ دەرگایەکی خوداییان بۆ نەکراوەتەوە. منیش بۆ ئەوەی تەواو ئەو دوو ژنە ڕەشبین نەکەم دەمووت، دەرگا نا بەڵکو پەنجەرەیان بۆکراوەتەوە، ئەوەش هەرباشە لەوانەیە دەرگا کردنەوەشی بە دوادا بێت. لالۆ بە گومانێکەوە سەیری کردم. دەمزانی ئەو لە ڕوانگەیەکی ترەوە شتەکان دەبینێ و ئەو ڕەنگەی دەیبینی کە جیاوازە لە ڕەنگی ئێمەی سەر زەمینی.

من دەمویست ئەو گوندانە ببینم، کە ئاوەدان کرابێتنەوە. دڵم وەك ئاگر دەسووتێ. چۆن ئێمە چاکەی ئەوانەمان بیربچێتەوە. لەیلاو سەلوا سەیری خوارەوەیان دەکرد. بەڵکو یەکێ لەو شوێنانە بدۆزنەوە. زۆربەی شوێنەکان شوێنەواری سووتان و

کاولبوونی پێوه دیاره. باشه ئەو خەڵکە چییان لێهاتووه. بڵێی لەناوچووبووبێتن. ڕاوەستن ئەوەتا دۆزیمەوە. گوندەکەی خۆمە. چەند خانوویەکی تێدا بەدی دەکەم. ئا ئەوەتا مەڕومالاّت دەبینم بۆیە لەوانەیە ئەوانەی کە مابێتن گەڕابێتنەوە بۆ ئێرە. ئالێرەدا بوو زیلەکان هاتن. سەرباز و جاشەکان دابەزینە سەرمان و هەموو گیراین. ئەی لەو خانووە خۆشانە. دەمەوێ نزیك بکەومەوە بزانم ئەو خانووە هی کێیە. وابزانم نزیك خانووەکەی ئێمەیە. خانووەکەی ئێمە هێندە گەورە نەبوو. دڵم چۆن دەسوتێ. چ خانوویەکی گەورەیە، ئەوە چەند قاتە، دەڵێی خانووەکانی سێ ژنەیە. من دەمەوێ زیاتر نزم بینەوە خۆ خەڵك نامان بینن. ئەوە یەکێ هاتە دەرەوە لەگەڵ چەند چەکدارێ. ئەوانە کێن؟

لالۆ دووربینەکەت. کێ ؟ ئەوە خۆ سەرۆك جاشەکەیە، ئا ئەوەی خۆی بە خاوەنی هەموو ناوچەکە دەزانێ. ئێستا هاتووە لەسەر کەلاوەی خانووەکانی ئێمە کۆشکی دروست کردووە. ئا هەر خۆیەتی لەیادمە پێش سەربازەکانی سەدام کەوتبوو. نا ئەمە ڕاستی نییە ئەمە خەوێکی ناخۆشە. من هەر ئێستا دەمەوێ دابەزم و بچم لەشی پارچە پارچە بکەم. باشە ئێستا سەرۆك ماوە تا ئەمانەش بمێنن. نا ئەی تۆ نەتووت خاك ڕزگاری بووە و خۆمان حوکم دەکەین. ئەی ئەمە چییە؟

من و لالۆ بێدەنگ بووین، ئەویش هەردەیقیژاند و هاواری دەکرد و دەیویست بچێتە خوارەوە. لالۆ پەتی بەرماڵەکەی بەدەستەوە بوو. بەرز بووینەوە. دەیزانی ئەم ژنە وا بەئاسانی هێمن نابێتەوە و ڕق و تووڕەیی و خەمی ئەم چەند ساڵە لە دەروونیدا کۆبووەتەوە. بەرەو ڕۆژئاوای بردین. دووربینەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە. لە دڵی خۆمدا وتم باشتر بۆ ئەوەی هێندە لە نزیکەوە شتەکان نەبینن. پاش زنجیرە چیایەك گەیشتینە لای کۆمەڵە کەلاوەیەك. لەولاترەوە کۆمەڵێ خانووی بەرز و ئەفسانەیمان بینی. بە پێکەنینەوە سەیرم کرد. جاران خانووی وا نەبوو، ئێستا خانووی لەم بابەتە زۆرن. کێی تێدا دەژین، خۆتان دەتوانن وەڵامەکەی وەرگرن. لالۆ سەیرێکی منی کرد و بزەیەك گرتی. چرپاندم بە گوێیداو وتم خۆ تۆ دەزانی کێ لەو کۆشکانەدا دەژی.



لەناکاوا سەلوا هاواری کرد، تۆزێ ڕاوەستن، تکایە هێواش ببنەوە، ئا ئەوەتا گوندەکەی خۆمانە، ئەوە کەلاوەی قوتابخانەکەیە. تکایە ڕاوەستن. کەس نەگەڕاوەتەوە. لەوانەیە مابێتن بەلاّم بۆ ئێرە نەگەڕاونەتەوە. ئەوە کانییەکەیە، ئا کانییەکەیان تەقاندەوە. بەس سەیر کەن کانییەکە هەر ئاوی هەیە. دەتوانیین دابەزین تۆزێ لەو ئاوەش بخۆینەوە. ئەوە کێیە لەلای دیواری قوتابخانەکەوە ڕاوەستاوە، دەڵێی سەیری ئێمە دەکات. ڕاوەستن ئەوە لە دلاوەر دەکات. ئەوە چی دەکات لێرە. ئەو دەبوایە خوێندنی تەواوبکردایە و ئێستا کاری بکردایە. ڕاوەستن ئەوە خۆیەتی. ئەی بۆ ریشی وا درێژە. ئەی جلەکانی بۆ وا دڕاون. ئەو هێندە پاك و خاوێن بوو بەردەوام جلی نوێی لەبەردا بوو. هەی هاوار ئەو کوڕە بۆ وای لێهاتووە. سەلوا خەریکبوو بکەوێتە خوارەوە. هەر باشبوو لالۆ فریاوی کەوت و دەستی گرت. بەسەر شانی لالۆدا کەوت و لە هۆشی خۆی چوو. بە خێرایی ڕەوتەکەمان گۆڕی و گەڕاینەوە بەرەو دواوە.

لەیلا لەبەر تەماشاکردنی خوارەوە ئاگای لە سەلوا نەمابوو. تەماشاکە، زۆر شت گۆڕاوە، تەماشای ئەو خانووە بەرزانە بکە. من هەرگیز خانووی وام نەبینیبوو. لالۆ لایەکی بۆکردەوە بە چاوێکی پڕ خەم و دڵگرانییەوە تەماشای لەیلای کرد. دڵنیام بوونی ئەو خانوانە نییە وا دڵگرانی دەکات، بەڵکو ئەوەی گەر ئەوەندە پارەی هەبێت ئەو هەموو خانوانەی پێبکرێ بۆ پارە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان نییە. بۆ پارە بۆ یارمەتی دانی هەزارانی وەك دایکی لەیلا نییە. لالۆ تەماشاکە ئەوانەی خاوەنی ئەو خانوانەن هاوڕێکانی تۆن. باش دەزانم زۆربەی ئەوانەبوون ئامادەی مردن بوون لە هەر ساتێکدا و سوێندیان خواردبوو کە تامردن خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن. کەچی کە پارە هاتە دەستیانەوە بەڵێنەکەی خۆیانیان لەیادنەما. من لەوە زۆر دڵگرانم. هەرچەندە نازانم گەر من لە جێگای ئەواندابوومایە هەمان هەڵوێستم دەبوو یان نا. تەنیا ئەوەندە دەزانم من ژیانم زۆر ئاسایی بوو، ڕاستە زۆر جار بۆم هەڵکەوتووە کە لەوانی تر باشتر بژیم بەلاّم من ئەوەم هەرگیز هەڵنەبژارد. من دەمزانی بەختەوەری من لەوەدا نەبوو لە خەڵك باشتر بژیم، بەختەوەری من لەوەدابوو کە وەك زۆربەی

خەڵك بژیم. لەیادمە زۆر جار ناچاریان دەكردم بەسواری بڕۆم، من ئەوەم زۆر پێناخۆشبوو كە من بە سواری دەڕۆم و ئەوانی تریش لەدواوەم بوون. ئەوان لەمن گەنجتربوون. من لەوە دەگەیشتم كە تواناكانی جارانم نەماوە. من لە دڵسۆزیی ئەوان دەگەیشتم. پەیوەندیی من و ئەوان پەیوەست بوو بە ئامانجێكی پیرۆزەوە. ئێستا مەترسییەكە لەوەدایە پەیوەندییەكان پەیوەستن بە پارەو مۆڵك و سامانەوە. هێشتا لەوە نەگەیشتوون كە پارە و موڵك ئازادییان بۆ ناكڕێتەوە.

دەزانی لالۆ من لەوە ناگەم بۆچی هەر یەكە لە ئێمە پێویستیمان بە زیاتر لەیەك خانوو هەیە. هی وا هەیە زیاتر لە پێنج خانووی هەیە. لەوانەیە وابزانن كە ئارامیی و خۆشییان بۆ دەستەبەردەكات. من بەختەوەرم ئەوەندەی لەسەر زەمین بووم نەبوومە خاوەنی هێندە پارە، كە پارەش دەهاتە دەستمان لە دابینكردنی پێداویستییەكانی شۆرشدا بەكارمان دەهێنا. لالۆ ئەمەی وت و لەسەر بەرماڵەكە نەما. داوام لێكردن بۆ چەند ساتێ چاوەكانیان بنوقێنن. چەند هەناسەیەكی قووڵمان هەڵمژی، هەستمان بە جەستەو هۆشی خۆمان كرد. چاومان كردەوە لە ژوورەكەدا بووین. تەماشایەكی دەوروبەری خۆمان كرد، هەموو شت لە شوێنی خۆی بوو. تەنیا تابلۆكەی لالۆ بەسەر دیوارەكەوە نەمابوو. سەلوا بەسەر سوڕمانێكەوە تەماشای دیوارەكەی كرد و واقی وڕما. من چەندان ڕۆژ خەریكی كێشانی ئەو تابلۆیە بووم. ئەوە هەر مەعقول نییە بە تەواوەتی لە سەر دیوارەكە سڕابێتەوە. سەیرێكی منی كردو دەیزانی من ڕازی نابم لالۆ تا دوا وشەی ڕۆمانەكە لەگەڵمان نەبێت. من هەر لە ئێستاوە لە ڕووداوەكان دەچمە دەرەوە. پێم بڵێ تۆ بڕیاری ئەمەت دا. سەلوا هێندە ماندوو ببوو، وەك كەسێكی تەواو مەست نەیدەتوانی چاوەكانیشی بكاتەوە. بەڵام بەردەوام فرمێسك لە چاوانی دەهاتنە خوارەوە. لەیلاش وا بەبێ دەنگی و بە چاوێكی پڕ لەخەمەوە تەماشای سەلوای دەكرد. لالۆ دێتەوە دڵنیاتان دەكەم. دێتەوە بۆ لاتان گەر بۆ خواحافیزیش بێت هەر دێتەوە. دەمزانی ئەوان لەم گەشتەدا تووشی چ گرفتێكی دەروونی دەبن، بەڵام گەشتەكەشمان بۆ ئەوان زۆر گرنگ بوو. ئەوان بۆ وێنەیەكی تر و



هیوایەكی تر دەژیان. من ترسی ئەوەم هەیە كە لەمەودوا ژیان بۆ ئەوان هیچ مانایەكی تری نەبێت. هەروا كاركردنی منیش لەگەڵ ئەواندا زۆر گران دەبێت.

نەمدەتوانی تەماشای چاوانی بێ هیوای لەیلا بكەم و سەلواش وەئاگا بێنم. كاتی ئەوەش هاتووە ئەوان وێنەكان وەك خۆیان ببینن. بینینی تەنیا ڕەنگی ڕەش لە تابلۆكاندا ڕەشبینی لای ئەوان دروست دەكات. دەبێت هەندێ ڕەنگی تری تابلۆكانیان نیشان بدەم. گەر وا نەبێت هەردووكیانم لە دەست دەچێت و ناتوانم بە شێوەیەكی دروست ڕۆمانەكەم تەواو بكەم. داوام لە هەردووكیان كرد تەماشای ڕەنگی تابلۆكان بكەن. هەموو ڕەنگێكیان تێدایە. لەوانەیە گەر بە ئارەزووی من بووایە زیاتر ڕەنگی پەمەییم بەكاردەهێنا بەڵام دەبینی تۆ ڕەنگی خۆڵەمێشیت بەكارهێناوە. گەر ئەو كارانە بەدەستی من بن بە شێوەیەكی دی ئەنجامی دەدەم. دەشزانم بەڕیوەبردنی دەوڵەت تەواو وەك ئەم نموونەیەی من نییە بەڵام ڕاستییەكی لەم بابەتەی تێدایە.

من هەرگیز لەم كۆشكەدا، كە عەلی بۆی بنیات ناوم هەست بە خۆشی ناكەم. ئەوەی بمەوێ بۆم دەكات. شەق لە پارە هەڵدەدەم، نەك تەنیا خۆم بەڵكو لەیلاش، بەڵام هەرگیز تۆزقاڵێ هەستم بەبەختەوەری نەكردووە. من دەمتوانی هەرچی وڵات هەیە بگەڕێم، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان لە وڵاتەكەی خۆم زیاتر بیرم لەهیچ وڵاتێكی تر نەكردوەتەوە. من دەزانم كەسوكارم نەماون بەڵام خاكەكەم ماوە. من دەمەوێ بڕۆمەوە سەر ئەو خاكەی كە سەردەمێ بە شیاویان نەدەزانیین لەسەر ئەو خاكە بژین. باشە ئەوانەی ئێستا دەستەڵات لە دەستن و پارەیان هەیە، تێرناخۆن.ساڵێ دوو ساڵ بەسە بۆ پڕكردنی خەزێنەكانیان. دوای چی خۆ نایبەنە ژێر گڵەوە. باسی گەندەڵی دەكەی، من لەو باوەڕەدا نەبووم كەكورد ئەو وشەیە بێتە فەرهەنگییەوە. لەبەر ئەوەی، ئەوەی بە ئێمە كرا بە هیچ نەتەوەیەكی ژێرزەمین و سەرزەمین نەكراوە. دەكرا تەنیا بە ئێسك و پروسكی مردووەكانمان دیوار بۆ سنوورەكانمان دروست بكەین. ئێمە گەر خەمی خۆمان نەخۆین هەرگیز نابین بەخاوەنی خۆمان. من ...من هەرگیز ناڕۆمەوە. ئاسانترە بەو هیوایەی كە هەمە بژیم لەوەی بگەڕێمەوە كەسوكارەكەمان

بەبرسێتی ببینین.

من بێدەنگ و ئەوان تووڕە و خەمگین. دەزانم هێندە گۆڕانکاریی بە ڕاست و چەپدا ڕوویداوە، بۆ ئەوان زەحمەت دەبێت هەمووی ببینن. هەروا باری دەروونیشیان هێندە سەقامگیر نییە بۆیە بەرگەی پەت ڕاکێشانی نێوان ڕەش و سپییان ناگرن. دەبێت بواریان نەدەم لەوە زیاتر واقیعەکە ببینن ئەگینا ڕۆمانەکەم دەبێتە بەیانێکی سیاسی و لەوانەشە هەر ڕێگا نەدەن بڵاوی بکەمەوە. من لێرەدا مەبەستم جولاندن و هەژاندنی ویژدانە. من لێرەدا مەبەستم خەبەرکردنەوەی ویژدانە. لەو باوەڕەشدام تەنیا و تەنیا دەنگی ئەم دوو کچەیە هەژانێك لە وڵاتەکەمدا دروست دەکات و بوێرانە کەسانێ بەهۆش دێننەوە کە دەستەڵات و پارە ویژدانی خەواندبوون. من دەبێت هەموویان وەك بوودا لێبکەم لە کۆشك دەریان بکەم و لەژێر دارەکەی بوودا دایان نێم تا خودی ونبووی خۆیان بدۆزنەوە. ئەوانە هەموو خۆیان ونکردووە. من تەنیا گریانم بۆ سەلوا و لەیلا نایەت بەڵکو بۆ رۆحە ونبووەکانیش دێت. ئەو ڕۆحانەی بە دیار خەزینەکانیانەوە شەونخوونی دەکەن. فیرعەونەکان سەروەت و سامانیان لەگەڵ خۆیان دەبردە گڵەوە. بەڵام ڕۆحیان کە بەرەو ڕووناکی ڕۆیشت هیچی لەگەڵ خۆی نەبرد. بۆیە پاش سەدان ساڵ سەروەت و سامانیان دەبێتە کەرەستەی مۆزەخانەکان ومولکی ئەمڕۆ.

من چۆن بتوانم دڵنەوایی ئەم دوو ژنە بکەم. من ئەرکێکی تەواو گرانم خستە سەر شانی خۆم، ئەرکێ کە لەوانەیە نەتوانم لە ژێرباری دەرچم. مەگەر خوێنەرانم بتوانن یارمەتیم بدەن. من ناتوانم ڕاستییەکانیان بۆ ئاشکرا بکەم. ئەم دووانە ڕۆحیان پارچەیەکە لە ڕووناکی. بۆیە سەلوا دلاوەری بینی. ئەوەی بینیی دلاوەر بوو. نەمویرا پێی بڵێم ڕاست دەکەی ئەوە دلاوەرە. دلاوەر ئێستا گەڕاوەتەوە لادێکەیان و شێت بووە. ئیشی تەنیا نووسینەوەی هۆنراوەیە بۆ کەژێ بەڵێ کەژێ مەبەستم سەلوایە. ئەو بەتەنیا لەو گوندەدا دەژی. سەگ و پشیلەکانی گوند بوونەتە هاوڕێی. هەموو ئێوارەیەك دەورەی لێدەدەن و ئەویش ئەو هۆنراوە تازانەی کە ئەو ڕۆژە نووسیونی



بۆیان دەخوێنێتەوە. پاشان هەموو بڵاوەی لێدەکەن و ئەویش لە ژێر ئەو دارەی کە زۆربەی شەوان لەگەڵ کەژێ ژوانیان لەژێردا هەبوو وەنەوز دەیباتەوە. دایك وباوك و خوشك و براکانی لە شارێکدا لە کونەگورگێکدا نیشتەجێبوون بە کولەمەرگی ژیان دەبەنە سەر. ئەم هەرگیز ئامادە نەبووە شوێنی یەکەمین ماچ و یەکەمین ژووانی جێبهێڵێ. ئەم کون بەکونی کەلاوەکان دەگەڕێ تا تابلۆکانی کەژێی تێدا بدۆزێتەوە. ئەو دەیەوێ شتێ بدۆزێتەوە کە بۆنی کەژێی لێبێت. ئەو دەزانێ لە هەموو ماڵێکدا چەندان تابلۆی ئەوی تێدا بوو. ئەی بۆ تاکە یەکێکیان نادۆزێتەوە. کات ڕۆیشت و ئەم هەموو گۆڕانکارییە ڕووی دا بەڵام لە هیچ لایەکەوە بۆن و دەنگی کەژێ نەدەهات. پەلەم بوو بگەڕێمەوەو خۆم بگەیەنمە دلاوەر و ئاگاداری بکەم کە کەژێ ماوەو چاوەڕوانی ئەو دەکات. بڕیارم دابوو بە زووترین کات بگەڕێمەوەو مژدەی مانی کەژێ بدەم بە دلاوەری شێت و عاشق. لە پەنجەرەکەم درا، سەرم بەرزکردەوە لالۆ بوو. ڕاچڵەکیم، لالۆ لەم ناوەختەدا بۆ هات. دەبێت شتێك ڕوویدا بێت. لەبەردەممدا دانیشت و جەمەدانییەکی دانا و بە چمکێکی پشتێنەکەی فرمێسکەکانی سڕییەوە و وتی دەزانی دلاوەر بە پشتووینەکەی، خۆی بە لقێکی ئەو دارەوە هەڵواسیوە، ئەو دارەی کەبینیمان و لە ژێریدا دانیشتبوو. قەڵەمەکەم لە دەست کەوتە خوارەوە. بە هەموو هێزم قیژاندم و گریام. نەدەبوو وا بکات، من پلانێکی ترم بۆی هەبوو. من دامنابوو لەگەڵ کەژێدا بەیەك بگەن و وەك کۆتایی داستانەکان، ڕۆژانی داهاتوویان بە بەختەوەری ببەنە سەر. نا ئەمە نەدەبوو ڕووبدات. چی بە سەلوا بڵێم. هاوار و قیژەیەکی تر وەئاگای هێنام. دەنگی سەلوا بوو. خێرا ڕامکردە لای. لەیلا لەوێ بوو، عەلی بە دیارییەوە دانیشتبوو. ئەمشەو خەوم پێوە بینی. بینیم لەگەڵ دایك و باوکم و خوشکەکانم بوو. بینیم لەگەڵ ئەواندا بینیم. دیارە ئەویش بەرەو ئەودیوو ڕۆیشتووە. ئەمە یەکەمین جارە لەگەڵ ئەواندا دەیبینم. منیش دەمەوێ بڕۆم. تەنیا خۆشییەك کە منی هێشتبووەوە ئەوەبوو. دەمزانی هێشتا لێرەیە و کۆچی نەکردووە بۆ ئەولا. تازە تەواو من دەبێت بڕۆم. من دەمەوێت ماڵئاواییتان لێبکەم. هەرچۆنێ

بێت حەبێکی خەومان داپێی و خەوی لێکەوت. دەمەو بەیانی لەیلا هات و وتی تەواو چوو بۆ لای دلاوەر. خۆزگەم بە خۆی.

ئەم دوو ڕووداوە تەواو شەکەتیان کردم، نە هێزی ئەژنۆم هەیە نەهێزی نووسین. نازانم بۆ کەسە خۆشەویست و نوورانییەکانمان وا زوو دەڕۆن. بۆ ناتوانن بەرگەی ناحەقی و ئازارەکانی ژیانی سەرزەمینی بگرن. ئەی خودایە بۆ ئەوانت وا هەست ناسك دروستکردووە. من لەوە زیاتر ناتوانم بەردەوام بم لە نووسین. گیانم هەموو دەلەرزێ، فرمێسکەکانم ناوەستن. نامەوێ ڕۆژ بێتەوە. من بەردەوام ئازارەکانم تازە دەبنەوە. من ئیدی تەواو. بڕیارم دا لێرەدا کۆتایی بە ڕۆمانەکەم بهێنم. داوای لێبووردن لە خوێنەرانیشم دەکەم گەر چاوەڕوانی کۆتاییەکی وانەبووبن.

ڕێواس

پێشکەشە بە:

پەپوولەی ڕۆحی ئەنفالکراوەکان.

ئازارە کۆتایی نەهاتووەکانی پاشماوەی ئەنفال.

کەلاوە ئاوەدان نەکراوەکانی ئاواییەکان.

سوپاس و پێزانیین بۆ د. ئیبراهیم قادر، ئاسۆ کەریم و کاروان عەبدوللا، بۆ پێداچوونەوەو سەرنجە بەهاکانیان.